# ڕووداو RÛDAW

خوێنەری ڕووداو  زۆرتر دەزانێت

ژمارە (401)   دووشەممە 2016/3/28 – 8ی نەورۆزی 2716   (750) دینار


## تاران و هەولێر دەست بە گفتوگۆ دەکەنەوە


**ڕووداو– سلێمانی**

نازم دەباغ، نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە تاران بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند پاش تەواوبوونی پشووی نەورۆز گفتوگۆکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و کۆماری ئیسلامیی ئێران لە بارەی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی ئێرانەوە، دەستپێدەکەنەوە.

نازم دەباغ، لە لێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) ڕەتیکردەوە گفتوگۆکان بە ئەنجامی کۆتایی گەیشتبن و گوتی لە 4 و 5ی مانگی نیسان پشووەکان کۆتاییان دێت و "شاندە پێوەندیدارەکان دەست بە گفتوگۆکانیان دەکەنەوە، چونکە ئەوەی هەیە تاوەکو ئێستا گفتوگۆیە و مەسەلەکە باسکراوە و قسەی لەسەر دەکرێ، بڕیارە دانیشتنی دیکە بکرێ و بزانرێ گفتوگۆکان بەچی دەگەن".

دەباغ وردەکاریی ڕێککەوتنە بە ئەنجام نەگەیشتووەکەی نێوان هەرێمی کوردستان و ئێران ئاشکرا دەکات و دەڵێ "بۆڕی نەوت ڕادەکێشرێت بۆ ئێران تاوەکو نەوت لە ڕێگەی ئێرانەوە هەناردە بکرێ، بەڵام باسی ئەوە نەکراوە حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕۆژانە چەند نەوت هەناردە دەکات، چونکە ئەوە پەیوەندی بە حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە هەیە و هەرچەند بنێرێت ئێران کێشەی نییە". گوتیشی "کۆماری ئیسلامی ئێران ئامادەیی خۆی پیشانداوە نەوتی هەرێمی کوردستان هەناردەی بازاڕەکانی جیهان بکات".

3 »



### سەرۆکی پارتێکی ئێزدی: ساڵ و نیوێکە بێسەروشوێنە

4

**ئەمریکا بۆ عەبادی:**

### حکومەتی بەبێ کورد، پەیوەندیی نێوان هەولێر و بەغدا دەپچڕێنێ

3

**کونسوڵی تورکیا لە هەولێر:**

### 250 هەزار عێراقی ڤیزەی تورکیایان وەرگرتووە و نەگەڕاونەتەوە

2

**مارکۆ کامێلۆس، باڵیۆزی ئیتاڵیا لە عێراق بۆ (ڕووداو):**

# ئیتاڵیا هەشت هەلیکۆپتەری چینووک لە هەولێر جێگیر دەکات



» 5

## باکووری کوردستان لە "تەعریب" تۆقیوە

» 6

## منداڵانی کۆچبەر لە سوید دەبنە سەرچاوەی داهات

» 11

**سەرپەرشتیاری میحوەری شنگال:**

## پەکەکە دوو گوندی کۆنترۆڵ کردووە و ئاڵای عێراقی لێ هەڵداوە



» 4




## دوو کتێبی زەڵمی لە تورکیا دەخوێندرێن

**ڕووداو- هەولێر**

زانکۆی بینگۆڵ لە تورکیا دوو کتێبی پرۆفیسۆر مستەفا زەڵمی دەخاتە کۆرسی دووەمی خوێندنی ماستەرەوە. ڕێدار ئەحمەد سەرپەرشتیاری کارەکانی زەڵمی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند هەریەک لە کتێبی (المبادی الدستوریه فی القران الکریم، مقارنه بالدساتیر الوچعیه. عنا×ر الالتزام فی الشریعه الاسلامیه والتشریعات المدینه العربیه) کە لەلایەن مستەفا زەڵمییەوە دانراون لەلایەن زانکۆی بینگۆڵ خراوەتە خوێندنی کۆرسی دووەمی بەشی یاسای ئیسلامی بۆ بڕوانامەی ماستەر. زەڵمی تائێستا 60 کتێبی لە بوارەکانی یاسا و شەریعەت و فەلسەفە و مەنتق نووسیوە و لە زۆر وڵاتانی ئیسلامی کراون بە پرۆگرامی خوێندن.

# داوای گەڕانەوەی سەلاحەددین بەهائەددین دەکرێت



**مەحموود یاسین کوردی**
**ڕووداو- هەولێر**

یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان دوای 22 ساڵ لە دامەزراندنی، بڕیارە ناوەڕاستی ئەمساڵ حەوتەمین کۆنگرەی خۆی سازبکات، پێدەچێت مژاری گەرمی کۆنگرەکەش هەڵبژاردنی ئەمیندار بێت، بە تایبەتی کە هەوڵ هەیە بۆئەوەی ئەمینداری پێشووی یەکگرتوو دووبارە ببێتەوە بە ئەمیندار.

مستەفا عەبدوڵڵا، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکگرتوو بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "پێش شەش مانگ کۆبوونەوەیەکی بەرفراوانمان بە ئامادەبوونی زیاتر لە 100 براو خوشک ئەنجامدا و چوار بژاردەمان خستەڕوو، یەکەم: هەڵوەشاندنەوەی یەکگرتوو، دووەم: یەکگرتن لەگەڵ حیزبە ئیسلامییەکان، سێیەم: جیاکردنەوەی دەعوە و دروستکردنی حیزبێکی سیاسی، چوارەم: هێشتنەوەی یەکگرتوو وەکو حیزب و پێشخستن و پەرەپێدانی، بە تێکڕای دەنگ بژارەی چوارەم پەسەندکرا، بۆیە جەدەلی دەعوە و سیاسەتمان بڕیوەتەوە".

### ئەبوبەکر عەلی:
### ئامادەییم تێدایە ببمە ئەمینداری یەکگرتوو

مستەفا عەبدوڵڵا گوتیشی "ڕەشنووسی پەیڕەوی نێوخۆی یەکگرتوو خوێندنەوەی بۆ کراوە، دوای بەستنی کۆنفرانسی مەڵبەند و لقەکان و وەرگرتنی بۆچوونی ڕێکخستنەکان ئەو ڕەشنووسە لە لایەن سەرکردایەتییەوە پەسەند دەکرێت و لە کۆنگرە پەسەند دەکرێت. بەپێی ئەو پەیڕەوە پەیکەری حیزب و هەڵبژاردنی ئەمیندار و سەرکردایەتی و چارەنووسی ئۆرگانەکانی دیکە یەکلایی دەبێتەوە".

#### بادینان داوای لامەرکەزی دەکات

غازی سەعید، ئەندامی سەرکردایەتیی یەکگرتوو بە (ڕووداو)ی گوت کە ئەنجوومەنی سەرکردایەتی دەڤەرەکان دەمێنێتەوە، خواستی ئەوان لە بادینان ئەوەیە زیاتر سیستەمی لامەرکەزی بۆ دابەشکردنی دەسەڵاتەکان هەبێت.

سەبارەت بە هەڵبژاردنی ئەمینداری گشتی یەکگرتووش گوتی "پۆستی ئەمیندار پەیوەندی بە دەڤەرەکانەوە نییە و نامانەوێت لەسەر بنەمای دەڤەر ئەمیندار هەڵبژێرین، بەڵکو ئەو پۆستە بۆ هەموو یەکگرتووەکانە، ڕای زۆرینە لەگەڵ ئەوەیە کە ئەمیندار ڕاستەوخۆ بە دەنگی 50+1ی ئەندامانی کۆنگرە هەڵبژێردرێت نەک لە سەرکردایەتی، مەرجیش بۆ خۆکاندیدکردن بۆ ئەو پۆستە تەنیا ئەوە بێت کە یەک خول ئەندامی مەکتەبی سیاسی بووبێت".

سەبارەت بە کاتی بەستنی کۆنگرە، غازی سەعید گوتی "لە نێوان 4/30 تاوەکو 5/1ی ئەمساڵ یەکگرتوو کۆنگرەی خۆی دەبەستێ، بۆ هەر دواخستنێکیش پێویستە دوو لەسەر سێی ئەندامانی سەرکردایەتی دەنگی لەسەر بدەن، بەڵام خواستی گشتی هەموومان ئەوەیە کە کۆنگرە لە کاتی خۆی ببەسترێ".

بەڵام ئەبوبەکر عەلی، ئەندامی سەرکردایەتیی یەکگرتوو داوای دواخستنی کۆنگرەی حەوتەمی حیزبەکەی دەکات و پێیوایە بۆ ئامادەسازی باشتر پێویستە 3 تا 6 مانگ کۆنگرە دوابخرێت. ئەبوبەکر عەلی بەدووری زانی قەیرانی دارایی کاریگەری لەسەر بەستنی کۆنگرەی یەکگرتوو هەبێت، چونکە خەرجی زۆری ناوێت.

#### داوای گەڕانەوەی سەلاحەدین بەهائەدین دەکرێت

یەکگرتوو کە لە 1994/2/6 دامەزراوە، لە کۆنگرەی شەشەمی خۆیدا، لەسەر خواستی سەلاحەددین بەهائەدین ئەو حیزبە کەسی یەکەمی گۆڕی، بەڵام بەهۆی دابەزینی ژمارەی دەنگەکان لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان و عێراق و ئەنجوومەنی پارێزگاکان لە ماوەی ئەو چوار ساڵەی ڕابردوودا، تێکچوونی باڵانس لە نێوان دەڤەری بادینان و سلێمانی و دەست لەکار کێشانەوەی دیندار دۆسکی، یەکێک لە دامەزرێنەرانی ئەو حیزبە، هەروەها لاوازبوونی ناوەندی بڕیاری سیاسی، بەشێک لە کادیرانی ئەو حیزبە داوای گەڕانەوەی ئەمینداری پێشوو دەکەن.

غازی سەعید دەڵێ "لە بادینان و لە زۆر شوێنی دیکە ئەندام و کادیرانمان داوای گەڕانەوەی مامۆستا سەلاحەدین دەکەن، هەندێکی دیکەش دەڵێن با ئەمینداری ئێستا بمێنێتەوە، هەشە لەگەڵ گۆڕانکارییە لە ئەمینداری ئێستا، ئەمەش شتێکی سروشتییە، بەڵام بەشێوەیەکی فەرمی کۆبوونەوە و قسە و باس لەو بارەیەوە نەکراوە".

#### کاندیدە بەهێزەکانی پۆستی ئەمیندار

جگە لە داواکاری بۆ گەڕانەوەی سەلاحەدین بەهائەدین، محەممەد فەرەج، ئەمینداری ئێستای یەکگرتوو، هەریەک لە محەممەد ڕەئووف، د.هادی عەلی، د.محەممەد ئەحمەد، د.عومەر عەبدولعەزیز، ئەبوبەکر عەلی، لە کاندیدە بەهێزەکانن بۆ پۆستی ئەمینداری گشتیی یەکگرتوو.

ئەبوبەکر عەلی سەبارەت بە خۆکاندیدکردنی بۆ پۆستی ئەمینداری گشتیی یەکگرتوو دەڵێ "ئامادەییم تێدایە خۆم بۆ ئەو پۆستە کاندید بکەم، بەڵام هێشتا بڕیاری کۆتاییم نەداوە".

**محەممەد ئاکیف، کونسوڵی تورکیا لە هەولێر بۆ (ڕووداو)**

# 250 هەزار عێراقی ڤیزای تورکیایان وەرگرتووە و نەگەڕاونەتەوە

**محەممەد عزەددین**
**ڕووداو- سلێمانی**

کونسوڵی تورکیا لە شاری هەولێر ڕەتیکردەوە کە سیستمی پێدانی ڤیزا بە هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان و عێراق هەڵگیرابێت و گوتی تەنیا گۆڕانکارییان لە سیستمی پێدانی ڤیزا کردووە.

پێشتر حکومەتی تورکیا ئاسانکارییەکی زۆری بۆ پێدانی ڤیزا بە هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان و عێراق کردبوو، بە جۆرێک هاووڵاتی دەیتوانی هەر لەنێو ماڵەکەی خۆیدا لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە داوای ڤیزای تورکیا بکات.

محەممەد ئاکیف، کونسوڵی تورکیا لە شاری هەولێر لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) دەڵێت، ئێستاش بەردەوامن لە پێدانی ڤیزا بە هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان و عێراق، بەڵام بەو ئاسانکارییەی جاران نا "ئێستاش بەردەوامین لە پێدانی ڤیزا، بەڵام وەکوو پێشتر نا، بەڵکوو بە قورسترکردنی ڕێکارە یاساییەکان بۆ پێدانی ڤیزا بە هەندێک کەس و گرووپ، بەڵام ئێستاش کەسانی بازرگان و نەخۆش و قوتابی و گەشتیار بەبێ کێشە دەتوانن ڤیزای خۆیان وەربگرن".

ئاکیف هۆکاری گۆڕینی سیستمی پێدانی ڤیزای تورکیای ڕوونکردەوە و گوتی "ساڵی ڕابردوو زیاتر لە ملیۆنێک ڤیزامان بە هەڵگرانی پاسپۆرتی عێراقی دا، لەناو ئەو ژمارەیەدا 160 هەزار کەس ماوەی یاسایی ڤیزاکەیان بەسەرچووە و بە شێوەیەکی نایاسایی لە تورکیا ماونەتەوە، جگە لەمانە 90 هەزار هەڵگری پاسپۆرتی عێراقی بە ڤیزا چوونەتە تورکیا، لەوێوە بەشێوەیەکی نایاسایی چوونەتە وڵاتانی ڕۆژئاوا، بۆیە یەکێک لە هۆکارەکانی قورسکردنی پێدانی ڤیزا ئەوە بوو".

سەبارەت بە ڕێکارەکانی ئێستای وەرگرتنی ڤیزای تورکیا، محەممەد ئاکیف ڕوونیکردەوە "بۆ وەرگرتنی ڤیزا دوو ڕێگا هەیە، یەکێکیان ئەلیکترۆنییە و لە ڕێگەی ماڵپەڕی (www.evize.gov.tr) دەبێت و داواکار دەتوانێت بەبێ بەرامبەر ڤیزا وەربگرێ. ئەوەی دیکەش دێن و سەردانی ئێمە دەکەن بۆ وەرگرتنی ڤیزا، دواتر ئێمە ناوەکانیان دەخەینە ناو سیستەم و لەڕێگای ئەو ژمارە تەلەفۆنانەی لەناو فۆرمەکان دەیاننووسن، پەیوەندییان پێوە دەکەینەوە و ڤیزاکانیان دەدەینێ، بەڵام دەبێ سەرەتا وادەیەک لەلایەن ئێمەوە وەربگرن، ئەو ڕێگایەش هەر بێ بەرامبەرە".

بەهۆی گۆڕانکاری لە سیستمی پێدانی ڤیزای تورکیا، داواکارییەکی زۆر لە کونسوڵخانە بۆ وەرگرتنی ڤیزا کەڵەکە بووە. کونسوڵی تورکیا لە هەولێر دەڵێت "لەبەر ئەوەی خەڵکێکی ئەوەندە زۆر داوای وەرگرتنی ڤیزایان کردووە، هەندێک لە وادەکان گەیشتووەتە مانگی نۆی ئەمساڵ، بەڵام لە هەوڵی بەردەوامداین بۆ زووتر پێدانی ڤیزا بە داواکارانی". گوتیشی "دەمەوێ لێرە ئەوەش بڵێم کە لە ڕێگای هیچ کۆمپانیایەکەوە کار ناکەین بۆ پێدانی ڤیزا بە خەڵک".



نۆرەی ڤیزا تاوەکو مانگی ئەیلولی داهاتوو گیراوە

لەڕێی هیچ کۆمپانیایەکەوە ڤیزا نادەینە خەڵک

# 100 گۆڕی چەکدارانی ئەنسارولئیسلام لە هەورامانە

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- هەورامان**

نزیکەی 100 گۆڕی چەکدارانی ئەنساری ئیسلام لە ناوچە جیاوازەکانی هەوراماندا ماون و لە شوێنێکیشدا گۆڕستانێکی تایبەت بە خۆیان هەیە. بەرپرسێکی وەزارەتی ئەوقاف داوا دەکات لەسەر گۆڕەکان بنووسرێ "تیرۆرستانی ئەنسارولئیسلام" بۆ ئەوەی لە داهاتوودا خەڵک وەکو پیاوچاک سەردانیان نەکەن.



گرووپی ئەنسارولئیسلام کە ماوەی دوو ساڵ بوو دەستیان بەسەر بەشێک لە ناوچەی هەوراماندا گرتبوو، لە بەهاری 2003 بەر بۆردومانی هێزەکانی ئەمریکا کەوتن و لە ئەنجامی ئەوەدا ناوچەکەیان چۆڵ کرد. ژمارەیەکی زۆر چەکداری ئەو ڕێکخراوە کە هەندێکیان بیانی بوون، لەوێ کوژران و ئێستاش گۆڕی هەندێکیان بە تایبەتی بیانییەکان کە زۆرتر عەرەب و ئەفغانی بوون، لەوێ ماون.

بە گوتەی دانیشتووانی گوندەکانی هەورامان، چەکدارانی ئەنسار لەو ناوچەیەدا ئەگەر چەکدارێکیان لێ کوژرابێت، یان هەر لە شوێنی خۆیدا بەخاکیان سپاردووە، یاخود بردوویانە بۆ گردێک لە نزیک گوندی سەرگەت.

مەریوان نەقشبەندی بەڕێوەبەری پەیوەندییەکان و پێکەوەژیانی ئاینی لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی بە (ڕووداو)ی گوت "بەپێی زانیاریی من کە سەردانم کردوون، لە ناوچەکانی هەورامان پێنج شوێنی تایبەت بە گۆڕستانی ئەو تیرۆریستانەی لێیە و پێدەچێت نزیکەی 100 گۆڕیشیان تێدا بن، خەڵکانێکیش هەن جۆرێک لە هاوسۆزییان لەگەڵیاندا هەیە و حەز دەکەن وەکو پیاوچاک سەیر بکرێن، چونکە هەندێکیان کەسوکاری خۆیانن".

لە نزیک گۆڕستانی تەپەی کوڕ لە نزیک خورماڵ چەند گۆڕێکی دیکە هەن کە بە تەلبەندێک دەورەدراون و داریشیان تێدا ڕووێندراوە و دەگوترێت گۆڕستانی ئەو چەکدارانەیە. بەڵام ئەکبەر ئەحمەد نیشتەجێی گوندەکە ئەو زانیارییەی ڕەتکردەوە و گوتی "ئەو گۆڕستانە تایبەتە بە مردووی خۆمان، بەڵام نزیکەی هەشت ساڵ لەمەوبەر خەریک بوو زەوییەکەی دەنیشت، بۆیە گۆڕستانەکەمان گواستەوە ئەوبەر".

بەڵام نەقشبەندی دەڵێت "لەنزیک ئەو چەند گۆڕە هەندێک کەسم بینی گوتیان گۆڕی چەکدارانی ئەنسارن، تەنانەت برای پێشمەرگەیەکی شەهیدی دەستی ئەنسار دەیگوت بە شۆفڵ ئەو گۆڕانە لادەبەم، خەڵکیش هەبوو دەیگوت گۆڕی پیاوچاکانە".

مەریوان نەقشبەندی هەروەها گوتی "پێشتریش خەڵکم بینیوە وەک چۆن فاتیحایان لەسەر گۆڕی دیکە خوێندووە و دوعا دەکەن، بەهەمانشێوە لەسەر ئەو گۆڕانەش فاتیحایان خوێندووە و دوعایان کردووە. جگە لەوە خەریکی گۆڕەکان بوون و داریشیان لێ ڕواندوون".

بەبۆچوونی مەریوان نەقشبەندی، ئەوانەی سەردانی ئەو گۆڕانە دەکەن دوو جۆرن "هەندێکیان ئەو ڕێبوارانەن کە زۆربەی کات سەردانی گۆڕستانەکان دەکەن و بەگشتی فاتیحا دەخوێنن، دووەمیشیان کەسوکاری ئەو تیرۆریستانەن کە ڕەنگە بیرکردنەوەیان هاوشێوەی تیرۆریستەکە نەبووبێت".

گۆڕستانە سەرەکییەکەی چەکدارانی ئەنسار بە بەرزاییەکی نزیک گوندی سەرگەتەوەیە کە چەندین گۆڕی تێدایە و تەنیا بە چەند بەردێک کێلیان بۆ دروستکراوە.

زەینەدین ساحێب مامۆستایەکی بە تەمەنی ئەو گوندە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، کاتی خۆی وەکو لایەنێکی مرۆڤایەتی و ئاینی بەلایانەوە ئاسایی بووە چەکدارانی ئەنسار، تەرمی چەکدارانیان لەگۆڕستانەکانی ئەواندا بەخاک بسپێرن، بەڵام ئەو گرووپە ویستوویانە شوێنی تایبەت بە خۆیان هەبێت و لە کاتی بەخاکسپاردنیشدا نەیانویستووە کەس پێیان بزانن.

لەو بارەیەوە نەقشبەندی گوتی "بەڵگەی ڤیدیۆیی ئەنسارم لایە کە دەڵێن مردووی ئێمە پیرۆزن و نابێت لەگەڵ مردووی دیکە بنێژرێن".

لەنێو ئەو گۆڕستانەدا چەند پارچە ئاسنێکی بچووک و چەند چاڵێک هەن، جەمال عەبدوڵڵا کە گەنجێکی گوندی سەرگەتە گوتی "پێدەچێت ئەو پارچە ئاسنانە ناوی مردووەکانی لەسەر نووسرابێت، بەڵام ئێستا هیچیان لەسەر نەماوە".

هەر لەنێو گۆڕستانەکەدا گۆڕێکی گەورەتر هەیە کە بە تەلبەندیش دەورە دراوە، ئەو گەنجە گوتی "ڕەنگە ئەو گۆڕە هی یەکێک لە سەرکردەکانی ئەنسار بێت، بۆیە لە پێشەوەیە و بەو شێوەیەش گرنگییان پێداوە".

تائێستا هیچ ئامارێکی فەرمی بۆ ژمارەی گۆڕەکانی چەکدارانی ئەنسار لەبەردەستدا نین و گێڕانەوەکانیش بۆ ئەو گۆڕانە جیاوازن، نەقشبەندی گوتی "بەپێی زانیارییەکانم لە پێنج شوێنی هەورامان گۆڕی ئەنسارەکان هەیە و زیاتر لە 100 گۆڕی کورد و بیانییەکانی تێدایە". زەینەدینیش گوتی "پێدەچێت لەم گۆڕستانەی ئێمە کەمتر لە پەنجا گۆڕی تێدا بێت، هەندێجار کەسوکاری چەکدارانی کوردی نێو ئەنسار دەهاتن بۆ سەردانیان".

مەریوان نەقشبەندی داوا دەکات ئەو گۆڕستانانە شوورایان بۆ بکرێت و لەسەریشیان بنووسرێت گۆڕی ئەو چەکدارانەن، بۆ ئەوەی لە داهاتوودا بە پیرۆز سەیر نەکرێن و گوتی "مێژووی کوردستان پێمان دەڵێت ئەو کەسانەی بۆ داگیرکردنی کوردستان هاتوون، نەوەکانی داهاتوو نازانن ئەوانە پێشتر دژی کوردستان شەڕیان کردووە و بە پیرۆز سەیر دەکرێن. تا ئێستاش هەندێک خەڵک هەن هاوسۆزی تیرۆریستە کوژراوەکانی ئەنسارن و داریان لەو گۆڕستانانە ڕواندووە".

یەکێک لە چەکدارانی ئەنسارولئیسلامیش کە سێ مانگ لە ڕیزی ئەو ڕێکخراوەدا بووە، بە (ڕووداو)ی گوت "ئەوەندەی بزانم تەنیا ئەو بەرزاییەی سەرگەت گۆڕستانی سەرەکییان بوو، بۆ شوێنەکانی دیکە ئاگادار نیم". گوتیشی "تەنیا جارێک بۆ ناشتنی هاوڕێیەکم کە بە لوغم گیانی لەدەستدا چوومە گۆڕستانەکە، بۆیە نازانم چەند گۆڕیان هەیە".

**رووداو- سلێمانی**

بزووتنەوەی گۆڕان بەشداری کۆبوونەوەی حیزبەکان ناکات کە بڕیارە ئەمڕۆ دووشەممە 2016/3/28 لە شاری سلێمانی بەڕێوەبچێت. شۆڕش حاجی، هۆکاری بایکۆتکردنی کۆبوونەوەکەی ڕوونکردەوە و گوتی "لەبەر دوو هۆکار بەشداریی ناکەین، یەکەم پێمانوایە دەزگا شەرعییەکانی هەرێمی کوردستان ئیفلیج کراون و هەرکاتێک شەرعییەت گەڕایەوە بۆ دامەزراوەکان ئەوکاتە ئێمە لەگەڵ پارتی و لایەنەکان ئامادەین دابنیشین. دووەمیش فراکسیۆنەکەمان لە بەغدا سەرپشک کردووە بۆ گفتوگۆ لەگەڵ فراکسیۆنە کوردستانییەکانی دیکە بۆ ئەوەی هەماهەنگی بکەن و یەکڕیزی و یەکهەڵوێستی و یەکگوتاری کورد بپارێزرێ".



ئەمریکا بۆ عەبادی:

# حکومەتی بەبێ کورد، پەیوەندیی نێوان هەولێر و بەغدا دەپچڕێنێ

**هێڤیدار ئەحمەد**
**رووداو- بەغدا**

"دووركەوتنـەوەی کورد و ماڵی شـیعە، خەریکە هەموو شـتێک لەم عێراقە تێکدەدات". ئەمە قسەی بەرپرسـێکی باڵای شـیعەیە لە عێراق کـە حەیدەر عەبادی، سەرۆک وەزیرانی عێراق لە خۆیانە و ئێستا لـە هەموو کاتێـک زیاتر پـاڵ بە کـوردەوە دەنێت بۆئەوەی لە بەغدا دووربکەونەوە، بەڵام بەرپرسـێکی باڵای شـیعە لـە بەغـدا دەڵێت "ئەمریـکا عەبادیی سەرپشک کردووە لەوەی یان ڕێککەوتن لەگەڵ کورد، یان پچڕاندنی پەیوەندیی نێوان هەولێر و بەغدا".

نزیکەی 13 ساڵە شیعەکان حوکمی عێراق دەکەن و جومگـە گرنگەکانی دەسـەڵاتیان بەدەسـتەوەیە. ئێسـتا عێـراق و بەتایبەتیش بەغـدا لەهەموو کات زیاتـر ناجێگیـرە، تەنانـەت ناوچەی سـەوز کە بە ئارامترین شوێنی بەغدا دادەنرێ، لە سێ لاوە لەلایەن لایەنگرانی موقتەدا سـەدر، ڕێبەری ڕەوتی سەدرەوە گەمـارۆ دراوە. داخوازیـی ئـەوان بـۆ پێکهێنانـی حکومەتێکە بەوشێوەیەی کە سـەدر داوای دەکات. لەو نێوەدا ئەوەی دیار نییە و مەترسـیی لەسـەرە، پێگەی کوردە لە بەغدا.

حەیـدەر عەبـادی سـەرۆک وەزیرانی عێـراق لە قۆناغی سێیەمی چاکسـازییەکانیدا گیری خواردووە ئەگەرچـی بڕیـاری داوە گۆڕانکاریـی ڕیشـەیی لـە کابینەکەیدا بکات. ئاڵا تاڵەبانی، سەرۆکی فراکسیۆنی یەکێتـی لە پەرلەمانی عێراق بە (رووداو)ی ڕاگەیاند "عەبادی خۆی دەیەوێ لە ڕکابەرە سەرسـەختەکانی لەنێـو حکومەتـدا ڕزگاری ببێ، لەوانـەش ئیبراهیم جەعفەری، حوسێن شەهرستانی، بەیان جەبر سۆلاغ، عادل عەبدولمەهدی، ئەمانە کەسـانی گەورەن لەنێو حکومەتـدا و عەبادی ناتوانێ لە کاریگەرییان دەرباز بێت".

عەبـادی پێـش ئـەوەی باسـی گۆڕانـکاری لە حکومەتدا بکات، بە ئیمزایەک سـێ جێگری سەرۆک کومار و سێ جێگرەکەی خۆی لادان، بەڵام لە گۆڕینی حکومەتدا پێناچێ وا بە ئاسانی بۆی بچێتە سەر.

شەڕی عەبادی تەنیا لەگەڵ شیعەکان نییە، بەڵکو وەک ئاڵا تاڵەبانی دەڵێت "هەوڵێکی جددی هەیە بۆ ئـەوەی هەندێ کورد بە ناوی کەسـانی تەکنۆکرات بەبـێ گەڕانەوە بۆ لایەنە کوردسـتانییەکان بکرێنە وەزیر، ئەمەش لای کورد هێڵی سوورە".

تاڵەبانـی کە 10 سـاڵە لـە پەرلەمانی عێراقە و فراکسیۆنەکەی دووەم گەورەترین فراکسیۆنی کوردییە لە پەرلەمانی عێراق و 22 کورسی هەیە، هەڕەشەیەک دەکات کـە دەمێکە کورد نەیکردووە "ئەگەر عەبادی خەڵکێک بکاتە وەزیر کە لەسەر کورد هەژمار بکرێن و بە ناوی ئەوەی کە کورد نوێنەری لە حکومەتەکەیدا هەیە، بەدووری نابینین لە کۆی پرۆسـەی سیاسیی عێراق بکشێینەوە".

ئەوەی تاوەکو ئێستا ڕێگر بووە لەبەردەم عەبادی ڕووبەڕووی کورد ببێتەوە لە مەسـەلەی وەزیرەکاندا، نێو ماڵی شـیعەیە کە ڕێگە نادەن عەبادی بەکەیفی خۆی دەستکاری کابینەی حکومەت بکات.

سەرکردەیەکی باڵای شیعە کە نزیکە لە عەبادی، باسـی مەترسـیی دووركەوتنەوەی کورد و شیعە لە یەکدی دەکات و دەڵێت "کورد دوای 2003 بەهێزەوە لەبەغـدا بـوون، بـەڵام وردە وردە دووركەوتنـەوە. ئێستاش لەنێو شیعەدا نایشارنەوە بەشێک لە هۆکاری دووركەوتنەوەی کورد خەتای لایەنە شیعییەکان بووە کە وامان کرد کورد زیاتر لێمان دووربکەونەوە".

ئەو سەرکردەیەی شیعە کە دوو خول لە پەرلەمانی عێراق ئەندام بووە و بەکەسێکی هەرە نزیکی نووری مالیکی، سـەرۆک وەزیرانی پێشـووی عێراق هەژمار دەکـرێ و داوای کـرد نـاوی بڵاونەکرێتـەوە، گوتی "بەڕاسـتی دووركەوتنەوەی کورد وایکردووە ئێسـتا لایەنە شیعەکان نەتوانن بەسەر کێشەکانی خۆیان و کێشـەکانی حکومەتدا زاڵ بن کە پێشتر کورد ڕۆڵی بەرچاوی هەبوو لە نێوانگیریی نێو ماڵی شیعە".

هەنـدێ لـە پەرلەمانتارانی کورد لـە پەرلەمانی عێراق پێیانوایە کێشـەی ئێستای موقتەدا سەدر بۆ هەڵوەشاندنەوەی حکومەت و پێکهێنانی حکومەتێکی نـوێ تۆڵەسـەندنەوەیە لە حیزبی دەعـوە کە زیاتر لە سـێ خولـە حکومەتـی عێراقی بەدەسـتەوەیە. پێشـتر نووری مالیکی، ئۆپەراسیۆنی سەربازی دژی لایەنگرانی سـەدر ئەنجامداوە و ئێستا کاتی ئەوەیە سـەدر تۆڵەی خـۆی بکاتەوە، باشـترین هەلیشـە بۆئەوەی حیزبی دەعوە لاواز بکات.

سەرکردە شیعەکەی نزیک لە عەبادی هەڵوێستی ئەمریـکا لەبـارەی حکومەتی نوێ و پشـکی کورد ئاشـکرا دەکات و دەڵێت ئەمریکا بە ڕوونی لەبارەی گلەییەکانـی کـورد و ڕێـژەی کـورد لـە حکومەتی داهاتوودا و وەزیرە کوردەکان قسەی لەگەڵ عەبادی کردووە و پێیگوتووە "دەبێ پشـکی کورد لەبەرچاو بگیـرێ، چونکە هـەر هەنگاوێـک پێچەوانەی ئەمە دەبێتە هۆکاری پچڕاندنی پەیوەندیی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا".

خەسـرۆ گـۆران، سـەرۆکی فراکسـیۆنی پارتی لـە پەرلەمانی عێـراق بـە (رووداو)ی گوت "کاتێک حکومەتی ئێسـتای عێـراق پێکدەهـات، حیزبەکان گفتوگۆیـان دەکرد کە کێ وەزیر بێ و کێ سـەرۆک وەزیران بێ، خێرە ئێستا عەبادی دەڵێ وەزیرەکان لە دەرەوەی حیزبە سیاسییەکان دابنرێن".

خەسرۆ گۆران گوتیشی "لە ئەدای وەزیرانی کورد رازیـن و بە عەبادیمان گوتووە ئەگەر وەزیرانی کورد بە دڵی تۆ نەبن بە ئێمە بڵێ لێپرسینەوەیان لەگەڵ دەکەین، ئەگەر خۆشت بڕیارت داوە لایانبدەی، دەبێ هۆکارەکەشی ئاشکرا بکەی کە بۆچی لایاندەدەی".

کـورد لـە حکومەتی عێراقدا تەنیا سـێ وەزیری هەیـە، ئەوانیـش دارایـی، ڕۆشـنبیری و کـۆچ و کۆچبەرانن. کورد پێداگیری لەسەر 20%ی حکومەتی نوێ دەکات. هۆشیار عەبدوڵڵا، سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی عێراق بە (رووداو)ی گوت "لایەنە کوردسـتانییەکان لە بەغدا لەسەر حکومەتی عێراق کێشەیان نییە و هەموومان یەک دەنگ و یەکڕەنگین، لەسەر هەموو شتێک لەنێوان خۆماندا ڕێککەوتووین کـە پێکـەوە لەوبارەیـەوە لەگەڵ عەبـادی گفتوگۆ دەکەین و کەسیش بەبێ فراکسیۆنە کوردستانییەکان بە تەنیا وەزیر پێشکەش ناکات".

بـەڵام پەرلەمانتارێکی پارتی کە داوای کرد ناوی بڵاونەکرێتەوە، بە (رووداو)ی گوت "بۆیە یەکدەنگی لەنێو کورددا هەیە، چونکە برادەرانی یەکێتی و گۆڕان لە پۆسـتەکانی خۆیان لە حکومەت دەترسـن، هەر گۆڕانکارییەک ڕووبدات پارتی و یەکگرتوو پشـکیان دەبـێ، چونکـە یەکێتی سـەرۆک کۆماریـان هەیە، گۆڕانیـش جێگری سـەرۆکی پەرلەمان، بەڵام پارتی کە 28 کورسـی لە پەرلەمان هەیە، تەنیا وەزارەتی دارایی بەدەستەوەیە. ڕاستە پێشتر جێگری سەرۆک وەزیرانیـش لای پارتـی بـوو، بـەڵام عەبـادی ئەو پۆستەی هەڵوەشاندەوە".



نازم دەباغ، نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە تاران:

# تاران و هەولێر دوای پشووەکانی نەورۆز دەست بە گفتوگۆ دەکەنەوە

## ئێران بەڕوونی قسەی خۆی لەبارەی ریفراندۆمەوە کردووە

## داوام کردووە حکومەتی هەرێمی کوردستان قەرزەکانی بە نەوت بداتەوە

**نەوزاد مەحموود**
**رووداو- سلێمانی**

نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە تـاران ڕایگەیاند، پاش تەواوبوونی پشـووی نـەورۆز گفتوگۆکانـی حکومەتـی هەرێمـی کوردستان و کۆماری ئیسلامیی ئێران لەبارەی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردسـتان لە ڕێگەی ئێرانەوە، دەستپێدەکەنەوە.

نـازم دەباغ، لـە لێدوانێکدا بـۆ (رووداو) ڕەتیکـردەوە گفتوگۆکان بە ئەنجامی کۆتایی گەیشـتبن و گوتـی لـە 4 و 5ی مانگـی نیسـان پشـووەکان کۆتاییان دێت و "شاندە پێوەندیـدارەکان دەسـت بـە گفتوگۆکانیان دەکەنەوە، چونکە ئەوەی هەیە تاوەکو ئێستا گفتوگۆیە و مەسـەلەکە باسـکراوە و قسەی لەسـەر دەکرێ، بڕیارە دانیشتنی دیکە بکرێ و بزانرێ گفتوگۆکان بەچی دەگەن".

حکومەتی هەرێمی کوردسـتان، لە ڕێگەی بەنـدەری جەیهانی تورکییـەوە نەوتی خۆی رادەسـتی کۆمپانیـا جیهانییـەکان دەکات کـە بەرزتریـن ئاسـتی هەناردەکردنیش لەو ڕێگەیەوە نزیک بووەوە لە 700 هەزار بەرمیل لـە ڕۆژێکـدا. بـەڵام لـە نێوخـۆی هەرێمی کوردسـتان، پشتبەستن بە تاکە دەروازەیەک ڕەخنـەی بـەدوای خۆیدا هێنا و بەپێویسـت دەزانـرێ، حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان ڕێگای دووەمیش هەڵبژێرێ کە ئێرانە.

نـازم دەبـاغ، ڕەتیدەکاتـەوە هەڵبژاردنی ئێران بۆ ئاڵوگۆڕی بازرگانی و هەناردەکردنی نەوت، بەهۆی جەمسەربەندیی سیاسی نێوان پارتە سیاسـییەکانی باشـووری کوردسـتان بێت و گوتی "کۆماری ئیسلامیی ئێران، جگە لەوەی ساڵانێکی زۆرە دەروازی بازرگانییە بۆ هەرێمی کوردسـتان، لە ڕووی جوگرافیشەوە نزیکە".

پرسـی هەناردەکردنـی نـەوت لـە ڕێگای ئێرانەوە، لەو کاتـەوە گەرم بووە کە گەمارۆ ئابوورییەکانی سـەر ئێـران لادران. نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە تاران دەڵێ "گفتوگۆی ئێسـتا بەگشـتی بـۆ تێپەڕبوونی نەوتـە لە ڕێگـەی ئێرانەوە و هێنانی گازە لە ئێرانـەوە بۆ هەرێمی کوردسـتان، بەڵام ئەو قەیرانەی ئێستا لە هەرێمی کوردستان هەیە، گفتوگۆکانی خاوکردووەتەوە".

دەبـاغ وردەکاریی ڕێککەوتنـە بە ئەنجام نەگەیشتووەکەی نێوان هەرێمی کوردستان و ئێران ئاشـکرا دەکات و دەڵـێ "بۆڕی نەوت رادەکێشـرێت بـۆ ئێـران تاوەکـو نـەوت لە ڕێگەی ئێرانەوە هەناردە بکرێ، بەڵام باسـی ئەوە نەکراوە حکومەتی هەرێمی کوردسـتان ڕۆژانـە چەند نەوت هەنـاردە دەکات، چونکە ئـەوە پەیوەنـدی بـە حکومەتـی هەرێمـی کوردستانەوە هەیە و هەرچەند بنێرێت ئێران کێشـەی نییە". گوتیشـی "کۆماری ئیسلامی ئێـران ئامادەیـی خـۆی پیشـانداوە نەوتی هەرێمی کوردستان هەناردە بکات".

نـازم دەبـاغ ڕەتیکـردەوە ڕێککەوتنەکـە تەنیـا بـۆ ئـەوە بێـت حکومەتـی هەرێمی کوردسـتان نـەوت بنێرێـت بـۆ پاڵاوگەکان بەمەبەستی پاڵاوتن و دواتر ڕەوانەی هەرێمی کوردسـتان بکرێتەوە "لە قۆناغی ئێستادا بە ئۆتۆمبیلی بارهەڵگر نەوتەکە دەڕواتە ئێران. راسـتە نەوتـی هەرێمی کوردسـتان دەدرێتە پاڵاوگەکانـی ئێران تاوەکـو بپاڵێورێ، بەڵام لە قۆناغـی دووەمدا کاتێک بڕی هەناردەکراو زیادی کرد، دەنێردرێتە دەرەوە".

هەمیشـە ڕێککەوتنەکانـی نێـوان ئێـران و هەرێمـی کوردسـتان زۆرن و کەمـی لـە جێبەجێکردنـدا دەردەکـەون. لە سـەرەتای دەسـتبەکاربوونییەوە، پارێزگاری سـلێمانی سـەردانی ئێرانی کرد و لە کاتی گەڕانەوەیدا ڕایگەیانـد کـە ئێـران ئامادەیە هاوشـێوەی پێنجوێـن کارەبـای 24 کاژێـری بداتە چەند ناوچەیەکی دیکەی هەرێمی کوردستان، بەڵام وەک نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردسـتان لـە تاران گوتی، پرسـی کارەباکڕین لە ئێران دەگەڕێتـەوە بـۆ ئەوکاتەی جـەلال تاڵەبانی سـەرۆک کۆمـاری عێـراق بـووە و لەگەڵیان گفتوگـۆی کـردووە لەوبارەیـەوە "بڕیار بوو 300 میـگاوات کارەبـا، 150 مێـگاوات لـە ڕێگـەی حاجی ئۆمـەران و 150 لـە ڕێگەی باشـماخەوە بدرێتـە هەرێمی کوردسـتان بە کـرێ، بـەڵام بەداخـەوە تاوەکـو ئـەم کاتە حکومەتـی هەرێمی کوردسـتان نەیتوانی لە 20 میـگاوات زیاتـر بکـڕێ، بابەتەکە ئێران نییـە و حکومەتی هەرێمی کوردسـتان دەبێ ڕێوشـوێنەکانی هێڵی گواستنەوەی کارەباکە تەواو بکات کە نەیکردووە".

ئێستا ژمارەیەک کۆمپانیای بەڵێندەرایەتی ئێرانـی، داوای قەرزەکانیـان لـە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەنەوە، بەڵام حکومەت بەهـۆی قەیرانی داراییەوە ناتوانێ پارەکەیان بداتـەوە. ئـەوەش بووەتە پرسـێکی دیکەی گفتوگۆکانـی نێـوان هەولێـر و تـاران. نازم دەباغ دەڵێ پێشنیازێکی چارەسەرئامێزی بۆ ئەوە کردووە و نێچیرڤان بارزانیش پشتیوانی لێکردووە "پێشنیازم کرد لەبری پارەکە نەوت لە هەرێمی کوردستان وەربگرن، بەڵام هێشتا ئەوەش ڕێککەوتنی کۆتایی لەسـەر نەکراوە، نە پەسەند کراوە و نە ڕەتکراوەتەوە".

ئێسـتا پرسیارێک بە هاوبەشی لە مێشکی هـەر مرۆڤێـکی کورددایـە لـە باشـووری کوردسـتان، ئەگـەر کورد ریفرانـدۆم بکات، ئێـران دەروازەکانـی لـێ دادەخـات؟ نـازم دەباغ، هەرچەنـدە پێیوایە کاردانەوەی دوای ڕووداوەکان هەمیشـە دیـار نین، بەڵام گوتی "نەخێـر". گوتیشـی "بەرپرسـانی کۆمـاری ئیسـلامی ئێـران قسـەیەکی ڕوونیـان هەیە لەبـارەی ئەنجامدانـی ریفرانـدۆم لە هەرێمی کوردسـتان و ئـەوان لەگـەڵ پاراسـتنی یەکپارچەیی عێراقدان".

سـەبارەت بە قسـەی بەرپرسـانی ئێران لەسەر پرسـی ریفراندۆم، نازم دەباغ دەڵێت "ئـەوان دەپرسـن کـورد ریفرانـدۆم بۆچـی دەکات؟ ئەنجامەکـەش ئەوەیـە کـە خەڵک دەنگ بە سەربەخۆیی دەدەن، بێگومان بەلای هەمـوو دونیاوە ڕوونە ئەنجامی ریفراندۆمەکە چی دەبـێ، ئەوکات ڕوونە وڵاتانی دراوسـێ یـان ئێـران و تورکیـا و وڵاتانـی دیکـەش هەڵوێستیان چی دەبێت".

هەروەها گوتی "بێگومان ئێران هەڵوێستی خۆی بە ئامادەبوونی کاک مەسعود دەربڕیوە، محەممـەد جـەواد زەریف، وەزیـری دەرەوە ڕایگەیانـدووە کە ئەوان لەگـەڵ یەکپارچەیی خاکی عێراقن، نەک جیابوونەوە".



ڕاپۆرت
ژمارە (401) دووشەممە 2016/3/28



## گۆڕە بەکۆمەڵەکانی شنگال هەڵدەدرێنەوە

**ڕووداو- هەولێر**

وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە هاوکاری ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی دەستی بە ئامادەکارییەکان بۆ هەڵدانەوەی گۆڕە بە کۆمەڵەکانی قەزای شنگال دەکات. فوئاد عوسمان، گوتەبێژی وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، بەمەبەستی ئامادەکاری بۆ هەڵدانەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکان، لە ئەمڕۆوە 2016/3/28 بۆ ماوەی سێ ڕۆژ لەلایەن ڕێکخراوی ICMPای نێودەوڵەتی کە تایبەت بە کاروباری ونبووان و سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکانە خولێک بۆ 25 کارمەندی لایەنە پەیوەندیدارەکانی گۆڕە بە کۆمەڵەکان دەکرێتەوە، جگە لەوەش هەر ئەمڕۆ وەزیری شەهیدان ڕۆژی دەستپێکردنی پرۆسەکە ڕادەگەیەنێت.

# ساڵ و نیوێکە سەرۆکی پارتێکی ئێزدی بێسەروشوێنە

**ناسر عەلی**
**ڕووداو- دهۆک**

زیاتر لە ساڵ و نیوێکە سەرۆکی پارتێکی ئێزدی بێسەروشوێنە، جێگرەکەی دەڵێت زانیاریی هەیە کە لە شێخان بێسەروشوێن کراوە، بەڵام بەرپرسێکی پارتی لە شێخان ئەو قسەیە ڕەتدەکاتەوە و دەڵێت، پەیوەندی بە داعشەوە کردووە.

وەعد حەمەد تەمۆ، سەرۆکی پارتی پێشڤەڕۆی ئێزدیان، تاوەکو ئەو ڕۆژەی شنگال لە 2014/8/3 کەوتە دەستی داعش، لە شنگال بوو، بەڵام پێنج ڕۆژ دوای گرتنی شنگال هیچ هەواڵێکی نەما.

سەعید بەتوش کە هاوڕێیەکی نزیکی وەعدە و لە حیزبیشدا جێگریەتی، باسی دوایین پەیوەندی تەلەفۆنی نێوان خۆی و سەرۆکی حیزبەکەی دەکات و دەڵێت "لە شەوی هێرشی داعش بۆ سەر شنگال ئێمە پێکەوە بووین، دواتر هەریەک لە ئێمە چووین بۆ ئەوەی خێزانەکانی خۆمان ڕزگار بکەین. ڕۆژی 8ی مانگ تەلەفۆنم بۆ کرد، گوتی من گەیشتوومەتە شێخان و ئەوە دەڕۆم بەرەو لالش. دواتر تەلەفۆنەکەی داخرا، هەر پەیوەندیم پێوەکرد، بەڵام هیچ خەبەری نەبوو، ئەوکات من لە چیای شنگال بووم، نەمتوانی بچمە لالش، دوای سێ ڕۆژ تەلەفۆنەکەی بۆ چەند کاژێرێک کراوە بوو، بەڵام وەڵامی نەدەدایەوە".

### جێگری سەرۆکی پارتەکە:
### لە نێوان شێخان و لالشدا ون بووە

لەو ڕۆژەوەی وەعد بێسەروشوێنە، سەعید سۆراغی دەکات و دەڵێت "شوێن نەماوە پرسیار نەکەم، لە حکومەتی هەرێمی کوردستان، دەزگا ئەمنییەکان، کونسوڵخانەی ئەمریکا و نەتەوە یەکگرتووەکان، بە هەمووانمان ڕاگەیاندووە کە وەعد بێسەروشوێنە، بەڵام تا ئێستا چارەنووسی دیار نییە".

وەعد حەمەد، 47 ساڵ، لە کۆمەڵگەی تەلبەناتی سەر بە قەزای شنگال لەدایک بووە، دەرچووی پەیمانگای تەکنیکی بەغدایە و لە 2003 هەتا 2007 سەرکردەیەکی بزاڤی چاکسازیی ئێزدی لە پێناوی ئاشتی و پێشکەوتن بوو، بەڵام دوای سەرهەڵدانی ناکۆکی لەناو ئەو حیزبە، وەعد جیابووەوە و ساڵی 2007 پارتی پێشڤەڕۆی ئێزدیانی دامەزراند و بووە سەرۆکی پارتەکە.

سەعید نوێترین زانیاری لەسەر چارەنووسی وەعد باس دەکات و دەڵێت "چەند جارێک لە ڕێگای ئەندامانی ئاسایشی دهۆک و شنگال و کادرەکانی پارتی لە شێخان زانیاریمان هەبوو کە وەعد سەلامەتە، پێش 10 ڕۆژ بەڕێگای دوو کادری لقی شێخان زانیاریمان وەرگرتووە کە ئێستا ئەو لەلای ئاسایشی پارتییە لە هەولێر، 100% دڵنیاین کە لە هەولێرە".

هەرچەندە وەعد ساڵێک و حەوت مانگە هیچ سۆراغی نییە، بەڵام سەعید دەڵێت (ڕووداو) تاکە میدیایە پرسیار لەبارەی چارەنووسی وەعد دەکات. سەعید دەڵێت "خۆمان دەزگای ڕاگەیاندنمان نییە، ڕاگەیاندنی پەکەکە و کوردیش بەهیچ شێوەیەک هاوکاریی ئێمە ناکەن، بەڵام لە پەیجی خۆم لە فەیسبووک چەند جارێک باسی بێسەروشوێنکردنی کاک وەعدم کردووە".



### بەرپرسی لقی 20ی پارتی لە شێخان:
### لێرە ون نەبووە و لەناو داعشە

#### پێشتر لە بەغدا گیراوە

وەعد باوکی پێنج منداڵە و خێزانەکەی لە کەمپی خانکێی نزیک دهۆک دەژین، سەعید دەڵێت خێزانەکەشی لەو ڕۆژەی وەعد بزر بووە، هیچ شتێکیان لەبارەی چارەنووسیەوە دەستنەکەوتووە.

بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو)، سەرۆکی پارتی پێشڤەڕۆی ئێزدیان لە 15ی ئەیلولی 2009 بۆ ماوەی ساڵێک و هەشت مانگ لە بەغدا دەستگیرکراوە، بەرپرسانی ئەمنیی بەغدا گومانی ئەوەیان لێکردبوو کە پەیوەندیی لەگەڵ ڕژێمی سووریادا هەیە، بەڵام دواتر ئازادیان کرد.

پارتی پێشڤەڕۆی ئێزدیان، خۆی بە پارتێکی کوردی نازانێ و زۆربەی ئەندامانی ئەو پارتە دەڵێن ئەوان کورد نین و تەنیا ئێزدین. پارتی پێشڤەڕۆ لەسەر ئاستی عێراق بەشداری لە چوار هەڵبژاردندا کردووە، بەڵام هیچ جارێک دەنگی پێویستی نەهێناوە و نەگەیشتووەتە پەرلەمان و ئەنجومەنی پارێزگای نەینەوا.

بەپێی قسەی جێگری سەرۆکی ئەو حیزبە کە هەر خۆی ئێستا حیزبەکە بەڕێوەدەبات، لە دوایین هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە ساڵی 2013 حیزبەکەیان هەشت هەزار دەنگی بەدەستهێناوە. دوای ڕزگارکردنی شنگالیش دووبارە بارەگایان لە شنگال کردووەتەوە.

سەعید دەڵێت "ئێمە دژایەتی هیچ کەسێک ناکەین و هیچ جارێک لە دژی پارتی قسەمان نەکردووە، هاوکاریی مادیشمان لە هیچ لایەنێک وەرنەگرتووە، ئامانجی ئێمە خزمەتی ئێزدیانە".

#### پارتی: ونبوونی وەعد ڕاست نییە

عەلی عەونی، بەرپرسی لقی 20ی پارتی دیموکراتی کوردستان لە شێخان بێئاگایی خۆی لە بێسەروشوێنبوونی وەعد دەربڕی و گوتی "ئەو بابەتە ئەسڵ و ئەساسی نییە، مەعقولە سەرۆکی حیزبێک ماوەی زیاتر لە ساڵ و نیوێک بێسەروشوێن بووبێ و ئێستا باسی بکەن".

عەلی عەونی ڕەتیکردەوە ئەو کەسە لەلایەن ئاسایشی پارتییەوە دەستگیرکرابێ و گوتی "ئەگەر لەلایەن ئاسایشی پارتییەوە دەستگیرکرابا، ئێستا لە میدیاکان دەیانکردە هەرا، بەڵام دیارە شتەکە ڕاست نییە". و گوتی "بەپێی زانیارییەکانی من، ئەو کەسە لەدوای داگیرکردنی شنگالەوە چووەتە ناو داعش و تائێستاش هەر لەناو داعشە".

---

سەربەست لەزگین، سەرپەرشتیاری میحوەری شنگال:

# پەکەکە دوو گوندی کۆنترۆڵ کردووەو ئاڵای عێراقی لێ هەڵداوە



سەربەست لەزگین، ئەندامی سەرکردایەتی پارتی و بەرپرسی لقی زاخۆی ئەو حیزبەیە، دەمێکیشە وەکو سەرپەرشتیاری میحوەری شنگال لە بەرەکانی شەڕە. لەم هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ (ڕووداو) باسی هێزەکانی پەکەکە لە شنگال دەکات و دەڵێت "بوونی پەکەکە لە شنگال کێشەیەکی گەورەیە". سەبارەت بەو شوێنانەشی کە بەم دواییە پەکەکە لە شنگال کۆنترۆڵی کردنەوە، سەربەست لەزگین دەڵێت "دوو گوندیان کۆنترۆڵ کردەوە، کەچی ئاڵای عێراقیان لێ هەڵداوە".

هەڤپەیڤین: عوبێد ڕەشافایی
ڕووداو- دهۆک

**ڕووداو: یەکینەکانی بەرخودانی شنگال دوو گوندی سەر بە بەعاجیان کۆنترۆڵ کردەوە. میدیای عێراقیش ڕایگەیاند، هێزی هاویەش ڕێگای سەرەکیی بۆ سووریا، کە پێیدەڵێن جادەی 47 ، کۆنترۆڵ کردووە، پێشمەرگە بۆچی بەشداریی ئەو شەڕەی نەکرد؟**

**سەربەست لەزگین:** هەر لە سەرەتاوە هێزێکی کەمی ئێمە لەو ناوچەیە بوو کە پێیدەڵێن خانەسۆر، لەبەر ئەوەی هاوسنوورە و نزیکە لە ڕۆژئاوای کوردستان، بۆیە ئەوان شەڕەکەیان بەبێ پێشمەرگە کرد. دەمەوێ شتێک بۆ مێژوو بڵێم، هەموو ئەو کارە پەکەکە دەیکات، بەڵام لەژێر ناوی هەندێک هێزی دیکە، ئەوان هەماهەنگییان لەگەڵ عەبدولڕەحیم شەممەری کردووە لە سووریا بۆ ئەو کارە. ئێمە هەر لە سەرەتاوە دەمانویست پلانی گرتنەوەی شنگال لە خانەسۆرەوە دەست پێبکەین بۆ سێڕێیانی باب شلۆ و گرعزێر و شنگال کە ڕێگای سەرەکی بۆ سووریا دەکەوێتە ژێر کۆنترۆڵی پێشمەرگە، بەڵام بەداخەوە دوای سێ دانیشتن لەگەڵ پەکەکە، نەگەیشتینە هیچ ئەنجامێک و بە ناچاری پلانی خۆمان گۆڕی و هاتینەوە لە گابارەوە چووین بۆ سێڕێیانی گرعزێر. تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت پەکەکە ئەو ڕێگایەی کۆنترۆڵ نەکردووە، بەداخەوە چەندین شەهیدیشیان داوە.

**ڕووداو: بۆچی نەگەیشتنە ڕێککەوتن لەگەڵ پەکەکە، داواکاریی ئەوان لە ئێوە چی بوو؟**

**سەربەست لەزگین:** دەیانویست خۆیان بکەنە خاوەنی هەموو ئۆپەراسیۆنەکە کە ئەوەش نەدەکرا. ئێمەش دەمانویست بازگەکانیان هەڵبگرن، خۆ ناکرێت لەژێر ئاڵای ئەوان کە هێزێکی فەرمیی هەرێمی کوردستان یان عێراقی نین و بەبێ مۆڵەت هاتوون بۆ ئەم ناوچەیە، هاتوچۆ بکەین، بەڵام دواتر گوتیان قەندیل داوای لێکردووین بازگەکان هەڵنەگرین.

**ڕووداو: دەڵێن ئەو دوو گوندەی کۆنترۆڵ کرانەوە زۆر ستراتیژین، ڕاستە؟**

**سەربەست لەزگین:** ئێمە لە ئۆپەراسیۆنی شنگال تا سێڕێیانی گرعزێرمان لە ڕۆژئاوای شنگال کۆنترۆڵ کرد، تەنیا 25 کیلۆمەتر لە سێڕێیانی باب شلۆ دووربووین. ڕاستە ئەوان ئەو دوو گوندەیان کۆنترۆڵ کردەوە، بەڵام هێشتا چەندین گوندی دیکە ماون کۆنترۆڵ بکرێن تاوەکو بگەیتە سەر سنوور. جگە لەوەش ئەوان کاتێک ئەو دوو گوندەیان کۆنترۆڵ کردەوە ئاڵای عێراقیان لێ هەڵدا. واتە ئەوان خوێنی گەنجانی کوردی ئێزدی دەڕێژن بۆ ئەوەی خاکی کورد بگەڕێتەوە یان ئاڵای عێراقی لێ هەڵبدەن؟ پەکەکە بە کۆنترۆڵکردنەوەی ئەو دوو گوندە پشتڕاستی کردەوە کە ئەو هێزەی بەناوی یەبەشە دروستی کردووە سەر بە بەغدایە.

**ڕووداو: مادام تەنیا چەند کیلۆمەترێک لەنێوان سێڕێیانی گرعزێر و باب شلۆ ماوە، بۆچی پێشمەرگە کۆنترۆڵی ناکاتەوە؟**

**سەربەست لەزگین:** بەڕاستی هوکارێکی سەرەکی، بوونی هێزەکانی پەکەکەیە لەودیوی ناوچەکە کە نەمانتوانی پێکەوە ئەو ناوچانە کۆنترۆڵ بکەینەوە. جگە لەوەش ئێمە دوای کۆنترۆڵکردنەوە بیر لە چۆنیەتی پاراستنی ناوچەکە دەکەینەوە. ئێستا تەنیا 10%ی خاکی شنگال لەدەستی داعشدا ماوە، هەر ڕۆژێک سەرۆک بارزانی بڕیار بدات کۆنترۆڵی دەکەینەوە، بەڵام بەڕاستی زۆر باشترە پێشی ئەو هەنگاوە بەعاج و بلێجیش لەدەست داعش دەربهێندرێت کە ئەویش ئیشی پێشمەرگە نییە و دەبێ حکومەتی عێراق بیانگرێت.

**ڕووداو: کەی دەست بە ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی مووسڵ دەکرێت؟ ئایا پەکەکە بەشدار دەبێت؟**

**سەربەست لەزگین:** زۆر ئەستەمە بەم شێوەیەی ئێستا ئۆپەراسیۆنەکە دەست پێبکات، لەبەرئەوەی کێشەی سیاسی و سەربازی هەیە، ململانێی سیاسی هێشتا یەکلایی نەبووەتەوە و بە کۆنترۆڵکردنەوەی مووسڵ زۆر شت دەگۆڕێن، لە ڕووی سەربازیشەوە هێشتا حکومەتی عێراق خۆی ئامادە نەکردووە، بۆ نموونە کێ دواتر ئەو ناوچانە دەپارێزێ، چۆن دەپارێزرێن. سەبارەت بە پەکەکەش ئەستەمە بەشداری بکات. هەروەک لە کۆنترۆڵکردنەوەی شنگالیش گوتیان دەیکەین و نەیانتوانی.

**ڕووداو: دەڵێن دوای گرتنەوەی شنگال، قاچاخچێتی لە نێوان سنووری ڕۆژئاوا و باشووری کوردستان لە نزیک ڕەبیعە زۆر بووە، چەند بەرپرسێکیش کارەکەیان پاوان کردووە؟**

**سەربەست لەزگین:** بەڕاستی ئەوەی من بزانم تەنیا دوو ڕێگای فەرمی لە نێوان باشوور و ڕۆژئاوا لە سنووری ڕەبیعە هەن، ئەویش کارمەندانی حکومی لێن و ئیشی خۆیان دەکەن.

ڕووداو: دەڵێن تەنیا هەندێک بەرپرس بۆیان هەیە شتەکان ئاودیوی سنوور بکەن؟

سەربەست لەزگین: ئاگادار نیم. ئەوەی من بینیومە کەلوپەلی دروستکردنی خانووبەرە و شتی دیکە دەچێتە ئەودیو و لەوێش هەندێک شتی دیکە دێن.

**ڕووداو: داعش چەند جار چەکی کیمیایی لە شنگال بەکارهێناوە؟**

**سەربەست لەزگین:** سێ جار بە شێوەی جیا جیا، تەنیا بە جارێک 31 مووشەکی کیمیاییان بەکارهێنا لە سەربازگەی دومیز لە ڕۆژئاوای شنگال، بەڵام زیانی نەبوو؟

ڕووداو: پێشی هەفتەیەک هەشت فڕۆکەی ئەمریکی لە نزیک کۆمەڵگەی خانەسۆری سەر بە ناحیەی سنوونێ نیشتنەوە و دواتر ڕۆیشتن، ئەوانە بۆچی هاتبوون؟

سەربەست لەزگین: بەڕاستی ئێمەش نازانین، پرسیارم لەسەرەوەی خۆم کرد گوتیان ئاگادارین و نیگەران مەبن، ئیدی ئێمەش لەوە زیاتر پرسیارمان نەکرد، بەڵام پێدەچێت پەیوەندی بەو ئۆپەراسیۆنەوە هەبێت کە دژە تیرۆریش بەشداریی تێدا کرد بۆ کوشتنی گەورە تیرۆریست حەجی ئیمام.

ڕووداو: جاربەجار هەواڵی ڕزگاربوونی چەندین ژن و منداڵ لە دەستی داعش لە سنووری نزیک شنگال بڵاودەبێتەوە، ئەو پرۆسەیە چۆنە، پێشمەرگە پێشتر ئاگادارە؟

سەربەست لەزگین: ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە داعش زۆر زۆر لاواز بووە، پێش چەند ڕۆژێک سێ ژن و منداڵەکانیان لە نزیک گوندی قابوسیە خۆیان لە دەستی داعش ڕزگار کرد. ئەمە نیشانەی ئەوپەڕی لاوازبوون و بێ ئاگایی داعشە لە ناوچەکە، داعش وەکو جاران کۆنترۆڵی بەسەر خەڵکدا نەماوە.

### تەنیا 10 %ی خاکی شنگال لەدەستی داعشدا ماوە

### ئەستەمە پەکەکە بەشداری ئۆپەراسیۆنی مووسڵ بکات

### داعش لە شنگال سێ جار چەکی کیمیایی لە دژی پێشمەرگە بەکارهێناوە



## مارکۆ کامێلۆس، باڵیۆزی ئیتاڵیا لە عێراق بۆ (ڕووداو):

# 200 ئەفسەری ئیتاڵی مەشق بە پێشمەرگە دەکەن

■ بەهۆی پێشمەرگەوە سوپاسم دەکەن

مارکۆ کامێلۆس، باڵیۆزی ئیتاڵیا لە عێراق، یەکێک بوو لە میوانانی دیداری سلێمانی کە پێش نەورۆزی ئەمساڵ لە زانکۆی سلێمانی بەڕێوەچوو. کامێلۆس لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (تۆڕی میدیایی ڕووداو) باسی چەند پرسێکی گرنگ دەکات، لەوانە ئەگەری ڕووخانی بەنداوی مووسڵ و دەڵێت بەهۆی ئەو مەترسییەی لەسەر بەنداوەکە هەبوو، حکومەتی عێراق بە پەلە گرێبەستی لەگەڵ کۆمپانیایەکی ئیتاڵی واژۆ کردووە. سەبارەت بە هاوکاریی حکومەتی ئیتاڵیاش بۆ هەرێمی کوردستان، مارکۆ کامێلۆس دەڵێت حکومەتی ئیتاڵیا بەردەوام دەبێت لەسەر مەشقپێکردنی پێشمەرگە. هەروەها دەڵێت حکومەتی ئیتاڵیا دوو هەلیکۆپتەری جۆری شینۆکی لە هەولێر جێگیرکردووە کە بۆ مەبەستی فریاگوزاری بەکاردەهێنرێ، تاوەکو کۆتایی مانگی ئایاریش ژمارەی ئەو هەلیکۆپتەرانە بۆ هەشت هەلیکۆپتەر زیاد دەکات.

هەڤپەیڤین: شاهۆ ئەمین
ڕووداو- سلێمانی

**ڕووداو: دەمەوێت لە بەنداوی مووسڵەوە دەست پێبکەین. ئەمریکا ڕایگەیاند هەڕەشەیەکی گەورە لەلایەن بەنداوی موسڵەوە لە ئارادایە، بەڵام سەرکردەکانی عێراق پێیانوایە هەڕەشەکە هێندەش گەورە نییە. ڕای ئێوە چییە؟ ئێوە ئاگاداری ئەم کێشەیەن، ئایا بەڕای ئێوە ئەم هەڕەشەیە بەڕاستی لەسەر عێراق هەیە؟**

**مارکۆ کامێلۆس:** ئەندازیارانی سوپای ئەمریکا لە چەندین مانگ پێش ئێستاوە چاودێریی بەنداوەکەیان کردووە، ئەوان کۆمەڵێک سێنسۆریان هەیە کە چاودێریی بەنداوەکە دەکەن. ئەوان نیگەرانن و من بڕوام پێیانە. ئەوەی پەیوەندی بە هەڵسەنگاندنی ئێمەوە هەبێت بۆ ئەوەی ئاخۆ هەڕەشەیەک هەیە یان نا، دەتوانم هەر ئەو شتە بڵێم کە لێرە لە سەرۆک وەزیرانم بیست کە باسی ئەوەی کرد حکومەتی عێراقیش نیگەرانە لە ڕەوشی بەنداوەکە. هەر بۆیە بڕیاریان داوە گرێبەستێک لەگەڵ کۆمپانیای ئیتاڵیی ترێڤی واژۆ بکەن، بۆ ئەوەی چاککردنەوەی خێرا بۆ ئەم بەنداوە بکەن. ئەگەر نیگەران نەبوونایە ئەم گرێبەستەیان واژۆ نەدەکرد.

**ڕووداو: حکومەتی ئیتاڵی هیچ پرۆژەیەکی لە دەوروبەری بەنداوەکە هەیە؟**

**مارکۆ کامێلۆس:** ئێمە خەریکی ڕووپێوکردن و هەڵسەنگاندنین، بۆ ئەوەی بتوانین تەکنیککارانی خۆمان لەو کۆمپانیایە بهێنین کە کاری چاککردنەوەکە لە بەنداوەکەدا دەکەن. ئەم تەکنیککارانە لەلایەن ڕاوێژکارانی ئەمنی ئیتاڵییەوە دەپارێزرێن کە لە سوپای ئیتاڵیاوە دێن. چونکە کەنارەکانی بەنداوەکە زۆر نزیکە لە بەرەکانی جەنگی دژی ڕێکخراوی بەناو دەوڵەتی ئیسلامی.

**ڕووداو: ئێوە ئێستا خەریکی پاراستنی بەنداوەکەن؟**

**مارکۆ کامێلۆس:** هێشتا نەخێر.

**ڕووداو: کەی دەستپێدەکەن؟**

**مارکۆ کامێلۆس:** لە مانگی نیسانەوە دەست بە جێگیرکردنی تیمەکە دەکەین. جێگیرکردنی تیمەکەش کاری یەک یان دوو هەفتە نییە، ئەمە چەند مانگێکی دەوێت، بەڵام هەرکاتێک ڕاوێژکارە ئەمنییەکان گەیشتن، ئەوە تەکنیککارەکانیش بەردی یەکەمی کارەکەیان دادەنێن.

**ڕووداو: ئەی ئەگەر هاتوو هەتا مانگی نیسان هەڕەشەکە گەورەتر بووەوە؟**

**مارکۆ کامێلۆس:** ئێمە هیوادارین ئەمە ڕوونەدات، ئەوەندەی لەدەستمان بێت دەیکەین، دڵنیاین کۆمپانیا ئیتاڵییەکە لەوێ دەبێت بۆ ئەوەی کارەکەی خۆی جێبەجێ بکات بۆ ئەوەی هەڕەشەکە بەشێوەیەکی بەرچاو کەم ببێتەوە.

**ڕووداو: ئایا ئەمە بەو مانایەیە کێشەکە جدییە و دەکرێت لە ماوەی دوو هەفتەدا ڕووبدات؟**

**مارکۆ کامێلۆس:** من ئەمە ناڵێم، هیچ زانیارییەکم نییە کە بڵێت ئەمە ڕوودەدات. ڕاستە نیگەرانی هەیە، بەڵام سەیرکە، دەبێت هەندێک گەشبینیش بین و هەوڵ بدەین بەردەوام بین.

**ڕووداو: بەڕێوەبەری بەنداوی مووسڵ ڕایگەیاندووە کە هەڕەشەکە هێندەش گەورە نییە و زێدەڕۆیی تێدا دەکرێت، چونکە ئاستی ئاوی بەنداوەکە هێندە بەرز نییە.**

**مارکۆ کامێلۆس:** ئەمە هەڵسەنگاندنی بەڕێوەبەری بەنداوەکەیە، من ڕێزم هەیە بۆ هەڵسەنگاندنەکەی، بەڵام لە حاڵەتی ئەم بەنداوەدا باشتر وایە بیر لە خراپترین سیناریۆ بکەینەوە، چونکە ناتوانین خۆمان ببەخشین ئەگەر شتێک ڕووبدات، لەبەر ئەوەی ئێمە کێشەکەمان بە بچووک سەیر کردبوو. ئێمە لە هەوڵداین بۆ ئەوەی هەرچی زووترە ئەم کارە دەستپێبکەین، چونکە نیگەرانیمان هەیە، بۆچوونی جیاواز هەیە و ئێرەش وڵاتێکی ئازادە.

**ڕووداو: چەند کەس لە تیمی ئەمنی ئیتاڵیا لە بەنداوەکە جێگیر دەکرێن؟**

**مارکۆ کامێلۆس:** پلانمان وایە نزیکەی 500 ڕاوێژکاری ئەمنی لە ناوچەکانی بەنداوەکە جێگیربکەین، بۆ ئەوەی ئاسایشی ئەو کەمپە دابین بکەن کە تەکنیککارەکان تێیدا دوو کاری جیاواز دەکەن بۆ ئەوەی بەنداوەکە بپارێزن کە یەکێکیان پڕکردنەوەی بناغەی بەنداوەکەیە بە چیمەنتۆ و ئەوەی دیکەیان چاککردنەوەی بەشی دەردانی ئاوەکەیە لە ژێرەوە، بۆ ئەوەی گوشاری ئاوەکە کەم بکرێتەوە. کەواتە کاری سەرەکی لەم بەنداوە دوو لایەنەیە، یەکێکیان پڕکردنەوەی بناغەی بەنداوەکەیە بە چیمەنتۆ و ئەوەی دیکەشیان چاککردنەوەی دەرگای بەنداوەکەیە.

**ڕووداو: دەمەوێت بچینە سەر پرسی جەنگی هەرێمی کوردستان لە دژی داعش، لە کاتێکدا وەکوو سەرکردەکانی کوردیش دەڵێن ئیتاڵیا ڕۆڵێکی بەرچاوی گێڕاوە لەم جەنگەدا. کاتێک شاندی هەرێمی کوردستان چوون بۆ ئیتاڵیا، باسی ئەوە کرابوو ئیتاڵیا هەلیکۆپتەری شینۆک بنێرێت بۆ کوردستان بۆ ئەوەی یارمەتی پێشمەرگە بدات. ئەم پرۆژەیە چی بەسەر هات؟**

**مارکۆ کامێلۆس:** هاوپەیمانی داوای لە ئێمە کرد هەندێک هەلیکۆپتەر دابین بکەین کە بڕیار بوو لە فڕۆکەخانەی هەولێر جێگیر بکرێن، بۆ ئەوەی بەشداری هەڵمەتی گەڕان و ڕزگارکردن بکەن. ئەمە لە بنەڕەتدا هەلیکۆپتەرێکە بۆ ئەوەی فریای هەموو ئەو کەسانە بکەوێت لە کاتی جەنگدا لە ڕەوشێکی مەترسیداردان. ئێمە بە نیازین هەشت هەلیکۆپتەر لە هەولێر جێگیر بکەین.

**ڕووداو: ئەم هەلیکۆپتەرانە کەی دەگەن؟**

**مارکۆ کامێلۆس:** ئێستا دوو هەلیکۆپتەر لە هەولێرن و هەتا کۆتایی مانگی نیسانیش جێگیرکردنی ئەوانی دیکەش تەواو دەبێت.

**ڕووداو: بۆ هاوکاریکردنی پێشمەرگە، چیتان کردووە و لە داهاتوودا بە نیازن چی بکەن؟**

**مارکۆ کامێلۆس:** ئەوەی ئێمە بۆ پێشمەرگە دەیکەین وەکوو سەرمایەگوزارییەکی دوورمەودا وایە، ئێمە مەشق بە پێشمەرگە دەکەین. ئێمە دەزانین پێشمەرگە سەرباز و شەڕکەری ئازان. بەڵام هەندێکجار ئازابوون بە تەنیا بەس نییە، بەڵکو دەبێت مەشقی باشیشت کردبێت، هەر بۆیەش 200 سەربازی سوپای ئیتاڵیا هەن کە مەشق بە پێشمەرگە دەکەن. وابزانم هەتا ئێستا سەربازە ئیتاڵییەکان لە کانوونی یەکەمی 2014ەوە مەشقیان بە دوو هەزار پێشمەرگە کردووە.

**ڕووداو: پێتوایە مەشق بەس بێت، ئەی چەک و پێداویستییەکانی جەنگ چی؟**

**مارکۆ کامێلۆس:** ئیتاڵیا پێشتر لە سەرەتای دەستپێکردنی جەنگەکە چەکی بۆ پێشمەرگە ناردووە، بەمدواییەش پێداویستی وەکوو جلوبەرگمان ناردووە، پێداویستییەکانی دیکە دەگەنێ. بەڵام من جەخت لەسەر مەشق دەکەمەوە. با چیرۆکێکت بۆ بگێڕمەوە. ئەمە چیرۆکی فەرماندەیەکی پێشمەرگەیە، فەرماندەی تیمی ڕاهێنانەکانی خۆمان ئەم چیرۆکەی بۆ گێڕامەوە. ئەم فەرماندەیەی پێشمەرگە چووەتە ناو مەشقەکانی ئیتاڵیا و گوتوویەتی "هەفتەی پێشوو لەگەڵ تیمەکەی خۆم لە جەنگێکدا بووین، لەو پێکدادنەدا 23 لە 30 پێشمەرگەم لەدەستچوون، ئەگەر بەر لە پێکدادنەکە ئەم مەشقەم لەگەڵ ڕاهێنەرە ئیتاڵییەکان بکردایە، ڕەنگە هەموو پێشمەرگەکانم بە سەلامەتی دەردەچوون." ئەمە تەنیا بۆ ئەوە بوو پێت بڵێم ڕاهێنانی چاک گرنگە. بوونی تیمێکی ڕاهێنەری چاک بەو مانایەیە کە پێشمەرگەکانی داهاتوو لەلایەن ئەو پێشمەرگانەوە ڕاهێنانیان پێدەکرێت کە ئیتاڵییەکان ڕاهێنانیان پێیانکردووە. هەر بۆیەش دەڵێم ئەمە وەکوو سەرمایەگوزارییەکی دوورمەودایە.

**ڕووداو: وەکوو حکومەتی ئیتاڵیا، ئایا شانازی بەوەندە دەکەن؟**

**مارکۆ کامێلۆس:** بەڵێ. بەڵام بەشێوەیەکی سەرەکی شانازی بەپێشمەرگە دەکەم بەهۆی ئەوەی کە کردوویانە. بۆ هەر شوێنێک دەچم وەکوو باڵیۆزی ئیتاڵیا سوپاسم دەکرێت بەهۆی ئەو شتەی کە ئیتاڵیا دەیکات، بەڵام حەز دەکەم بە دیوەکەی دیکەشدا قسە بکەم، من سوپاسی عێراقییەکان و کورد دەکەم بۆ ئەو خەبات و جەنگەی لە دژی داعش کردوویانە. چونکە داعش تەنیا دوژمنی ئەوان نییە، بەڵکو دوژمنی مرۆڤایەتییە، ئەوان بۆ هەموو مرۆڤایەتی جەنگی دژی داعش دەکەن.

**ڕووداو: پشتگیری جەماوەری ئیتاڵیا چۆنە؟**

**مارکۆ کامێلۆس:** پشتگیریی جەماوەریش هەیە، لەبەر ئەوەی ڕای گشتی بەڕوونی درکی بە هەڕەشەکانی داعش کردووە. بەر لە هەموو شتێکیش لە ڕێگەی ڕووماڵکردنی هەواڵەکان، بۆ نموونە ئەوەی بەسەر پەنابەران و ئاوارەکاندا هاتووە. بەڵام هەروەها بەهۆی ئەو هێرشە تیرۆریستیانەی لە پاریس ڕوویاندا.

**ڕووداو: جەنابی باڵیۆز، کوردستان ڕووبەڕووی کێشەی دارایی بووەتەوە، کێشەی داراییش کاریگەری لەسەر بەرەکانی جەنگ و بەتایبەتیش پێشمەرگە دەبێت. ئایا ئێوە ئامادەن لەڕووی داراییەوە هاوکاری کوردستان بکەن، لە کاتێکدا ئەم هاوکارییە ئێستا پێویستە؟**

**مارکۆ کامێلۆس:** بەداخەوە نرخی نەوت یارمەتیدەرمان نەبووە لە جەنگی دژی داعش. ئەمەش بەشێوەیەکی بەرچاو داهاتەکانی حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستانی کەمکردووەتەوە. لەسەر ئەو بڕوایەم هاوکاریکردنی حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەرەوەی ئەجێندای کۆبوونەوەی لوتکەی گرووپی G7 دەبێت کە بڕیارە لە مانگی ئایار لە ژاپۆن بەڕێوەبچێت. پێشموایە هەندێک پاکێج لەو کۆبوونەوانە دەخرێنەڕوو بۆ یارمەتیدانی حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی بتوانن ڕووبەڕووی ئەم ڕەوشە سەختە ببنەوە.

**ڕووداو: ئایا ئێوە وەکوو حکومەتی ئیتاڵیا هیچ دەستپێشخەرییەکتان نییە؟**

**مارکۆ کامێلۆس:** ئێمە ئێستاش یارمەتییەکی زۆری عێراق و کوردستان دەدەین. ئێمە لە ئاوەدانکردنەوە و گەشەدا یارمەتی دەدەین، لە هاوکاریکردنی ئاوارەکانەوە یارمەتیدەر بووینە، لە پێدانی هاوکاری بۆ دەستەبەرکردنی سەقامگیری هاوکاربووینە، .ئێمە یەکێک لە گەورەترین یارمەتیدەرەکان بووینە. ئەوەی ئێمە دەیکەین ئەوەیە پارە بدەین بە نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ئەوەی سەقامگیری بۆ ئەو ناوچانە بگەڕێنێتەوە کە لەدەستی داعش ئازادکراون. ئەم پارەیەش حکومەتی عێراقی خەرجی ناکات، بەڵکو کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لە ڕێگەی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە خەرجی دەکات. ئێمە هەروەها مەشق بە پۆلیسی عێراقیش دەکەین، چونکە پۆلیسی عێراقی لەو ناوچانە جێگیر دەکرێن کە ڕزگارکراون. جێگیرکردنی پۆلیسیش لە ناوچە ڕزگارکراوەکانی ژێر دەستی داعش، ڕێگە بۆ هێزەکانی دژەتیرۆری عێراق و هێزەکانی دیکەی سوپای عێراق خۆشدەکات بۆ ئەوەی پێشڕەوی بکەن بۆ ناوچەکانی دیکە بۆ ئەوەی لەوێ لە دژی داعش بجەنگن. هەر بۆیەش پۆلیسی عێراق کە لەلایەن هێزی کاریبیەنێری ئیتاڵی مەشقیان پێکراوە لە ئەنبار جێگیرکراون، ئەمەش ڕێگە بە سوپا دەدات بێن بۆ باکوور بۆ ئەوەی مووسڵ کۆنترۆڵ بکەنەوە.

**ڕووداو: بەڵام حکومەتی هەرێمی کوردستان گازندەی ئەوە دەکات کە هاوکاریی پێویست بۆ ئاوارە لەئارادا نییە، ئایا هیچ بەدواداچوونێکتان کردووە بۆ ئەو هاوکارییە داراییەی بە نەتەوە یەکگرتووەکانتان داوە، بۆ ئەوەی بزانن ئاخۆ هاوکارییەکان بە ئاوارەکانی کەمپەکان دەگەن یان نا؟**

**مارکۆ کامێلۆس:** هەندێک پرۆژەی ئیتاڵیش هەیە کە لە کەمپەکانی ئاوارەکان لە کوردستان جێبەجێکراون، بۆ نموونە کەمپی عەنکاوە لە هەولێر، بە هاوکاری ئیتاڵیا قوتابخانە بۆ منداڵان دانراوە، بۆ ئەوەی منداڵەکان بتوانن لەم ماوەیەدا لەسەر خوێندن بەردەوام بن. لەم ڕۆژانە لە دهۆک بووم، لەوێ سەردانی بنکەیەکی چاودێریم منداڵانم کرد، لەوێ ئێمە کەرستەی پێویست دابین دەکەین بۆ چارەسەری حاڵەت و نەخۆشییە جیاوازەکانی منداڵە تازە لەدایکبووەکان. دیمەنێکی زۆر هەستبزوێن بوو کە بینیم ئەو ساوایانە لەژێر ئەو چاودێرییە سەخت و قورسەدان. ئەمە بەشێکە لە هاوکاری و یارمەتییەکانی ئیتاڵیا. کەواتە ئێمە لە زۆر بواردا بەشدارین، بێگومان سەرچاوەکانی ئێمە سنووردارن، ئەوەشت لەبەر چاو بێت ئیتاڵیا لە زۆر وڵات بەشدارە، بۆ نموونە لە ئەفغانستان، لە لوبنان و لە عێراقدا بەشدارین. نازانم لەوانەیە لە داهاتوودا لە لیبیاش بەشدار بین. هەر بۆیەش ئەمە هەوڵێکی زۆرە کە ئێمە داومانە.

**ڕووداو: لای ئیتاڵیا کام یەک لەم سێ شوێنە لە هەموویان سەختترە، ئەفغانستان یان لوبنان یان عێراق؟**

**مارکۆ کامێلۆس:** حاڵی حازر بێگومان سەختترین و ئاڵۆزترین شوێن بۆ ئەوەی لێی بیت عێراقە.

**ڕووداو: هەموو عێراق، یان بەشی هەرە زۆری عێراق، یانیش بەشێکی دیاریکراو لە عێراق؟**

**مارکۆ کامێلۆس:** ئێستا شوێنە مەترسیدارەکەی عێراق ئەو ناوچەیەیە کە لە ژێر دەسەڵاتی داعشە و بەرەی جەنگیشە. لەڕووی بەشداری لە جەنگەکەدا و پێویستییەکانەوە بێگومان عێراق مەترسیدارترین شوێنە. هەروەها لەبەر ئەوەش کە وای لێدێت ژمارەی ئەو سەربازە ئیتاڵیانە کە لە عێراق جێگیرکراون لە هی سەربازە ئیتاڵییەکانی هەموو وڵاتانی دیکە زیاتر دەبێت.

**ڕووداو: بەڕای ئیتاڵیا کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دەبێت چیبکات بۆ ئەوەی شکست بە داعش بهێنێت؟**

**مارکۆ کامێلۆس:** وەڵامەکەی ئاسانە، بەردەوام بن لەسەر ئەوەی کە ئێستا دەیکەن، واتە شەڕکردن لە دژی داعش، مەشقپێکردن، چاودێریکردنی ئاوارەکان، ئەمانە جومگە سەرەکییەکانی هەوڵەکانی هاوپەیمانی پێکدەهێنن. وابزانم ئەوەی گرنگە بکرێت ئەوەیە بەردەوامی بەم ڕەوتە بدەن، واتە بەردەوام بن لەسەر ئەوەی دەیکەن.

**ڕووداو: لەڕووی تیۆرییەوە ئەمە دەکرێت وابێت، بەڵام بەکردەوە داعش هەتا ئێستاش بەهێزە و خاکێکی زۆر لەژێر کۆنترۆڵی داعش دایە؟**

**مارکۆ کامێلۆس:** هیچ کەسێک نەیگوتووە جەنگی داعش ئاسان و خێرا دەبێت. تەنانەت سەرۆک ئۆباماش چەندینجار گوتوویەتی ئەمە جەنگێکی دوورودرێژ دەبێت، بەڵام ئەگەر سەیری باروودۆخەکە بکەین دەبینین داعش بە بەراورد لەگەڵ 2014 و 2015 لەڕەوشێکی زۆر خراپتر دایە. 40%ی ئەو ناوچانەی لە ژێر دەسەڵاتی داعش بوون ئێستا کۆنترۆڵکراونەتەوە، ئەمانە کۆمەڵێک ئاماژەی ئەرێنین. ئەم جەنگە پێویستی بە کاتە.

**ڕووداو: لەڕووی سەربازییەوە ڕەنگە شکستپێهێنانی داعش کارێکی ئاسان بێت، سەختیش بێت کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دواجار بەم ئامانجە دەگات. بەڵام جەنگی ئەو کەسانەی شوێن ئایدیۆلۆژیای داعش دەکەون ئاسان نابێت.**

**مارکۆ کامێلۆس:** ئەمە شەڕێکی ئاڵۆزە، چونکە لەم شەڕەدا دەبێت دڵ و عەقڵی خەڵک بەدەستبهێنیت. بەبۆچوونی من تاکە ڕێگە بۆ ئەمە ئاشتەواییە. بەڕای من دەبێت یارمەتی هەموو خەڵکی عێراق بدەین بۆ ئەوەی هۆکارێک بدۆزنەوە بۆ داهاتوویەکی هاوبەش، هەروەها هۆکارێک بۆ یەکێتی بدۆزنەوە لە جیاتی ئەو هۆکارانەی لێکیان دادەبڕێت. هەروەها کاتێک دەبینین ئەم ناکۆکییە چی لێدەکەوێتەوە، چونکە گەورەترین وانەی سەرهەڵدانی داعش ئەوە بووە کە یەکێتیی گرنگە، واتە یەکێتی لە نێوان عێراقییەکان و یەکێتی لە نێوان کوردەکان خۆیاندا.

**ڕووداو: بەڵام ئایا پێتوایە ئەمە بۆ عێراقییەکان ئاسان بێت بۆ ئەوەی یەکبگرن.**

**مارکۆ کامێلۆس:** لە ئیتاڵیا زۆرجار دەڵێین هیوا هەتا دوارۆژیش دەمێنێت. بەبێ هیوا هیچ داهاتوویەک لەئارادا نییە.



هەشت هەلیکۆپتەری جۆری شینۆک لە هەولێر جێگیر دەکەین

کۆمپانیایەکی ئیتاڵی بەنداوی مووسڵ چاک دەکاتەوە

ئەوەی ئیتاڵیا بۆ پێشمەرگەی دەکات سەرمایەگوزارییەکی دوورمەودایە

500 ڕاوێژکاری ئەمنی لە بەنداوی مووسڵ جێگیر دەکەین

فەرماندەیەکی پێشمەرگە گوتبووی ئەگەر مەشقی ئیتاڵیم کردبایە 23 پێشمەرگەم لەدەست نەدەدا

هاوکاریکردنی عێراق و هەرێمی کوردستان لە ئەجێندای کۆبوونەوەی گرووپی G7 دەبێت

ئیتاڵیا مەشقی بە 2000 پێشمەرگە کردووە

سەختترین و ئاڵۆزترین شوێن بۆ ئەوەی لێی بیت عێراقە

ڕووداو کوردستانی
ژمارە (401) دووشەممە 2016/3/28



## ئەمنستی لەسەر مێردمنداڵێکی کورد دێتە دەنگ

**ڕووداو – سنە**

ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی (ئەمنستی ئینتەرناشناڵ) هۆشداری دا لە لەسێدارەدانی مێردمنداڵێکی کورد لە شاری سنەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

ڕێکخراوەکە ڕۆژی پێنجشەممەی ڕابردوو بەیاننامەیەکی لەبارەی بڕیاری لە سێدارەدانی مێردمنداڵێکی کورد بەنێوی هێمن هەورامی نەژاد دەکرد و ڕایگەیاند "حکومی لە سێدارەدانی ئەو مێردمنداڵە نادادپەروەرانەیە، چونکە ڕێگەی پێنەدراوە پارێزەری هەبێت. شیمانە دەکرێ لە ژێر ئەشکەنجەدا ئەو تۆمەتەی خراوەتە پاڵی کە کوشتنی پۆلیسێکە، بەسەریدا ساخ کرابێتەوە". ڕێکخراوەکە هیوادارە سزای ئەو مێردمنداڵە کوردە کە لە کاتی گیرانیدا 18 ساڵی تەواو نەکردووە، ڕابگیرێت.

# باکووری کوردستان لە "تەعریب" تۆقیوە

ڕووداو- هەولێر

ڕۆژی 29ی مانگی داهاتوو، یەکەمین کاروانی پەنابەرانی سووری دەبنە هاووڵاتیی تورکیا. ئۆپۆزیسیۆنی تورکیا دەڵێت ئاکپارتی خەریکە کارتی بەهاووڵاتیبوونی پەنابەرانی سووری بخاتە خزمەت بەهێزکردنی پێگەی سیاسیی خۆیەوە. کوردیش بەگومانن لەوەی ئاکپارتی بەنیاز بێت بەشێکی زۆر لەو پەنابەرانە لەناوچەکانی باکووری کوردستان نیشتەجێ بکات و هاوشێوەی پشتێنەی عەرەبی لە سووریا، پشتێنەیەکی دیکە لە تورکیا دروست بکات.

بەگوێرەی ئامارە فەرمییەکان دوو ملیۆن و 720 هەزار پەنابەری سووری لە تورکیان. 152 هەزار منداڵی ئاوارەی سووری لە تورکیا لەدایک بوون. ئەگەر ڕێککەوتنی یەکێتی ئەورووپا – تورکیاش جێبەجێ بکرێ، ئەوا ملیۆنێک پەنابەری سووری کە بە قاچاخ چوونەتە ئەورووپا، دیپۆرتی تورکیا دەکرێنەوە، بەمەش ژمارەی پەنابەرانی سووری لە تورکیا نزیک دەبێتەوە لە سێ ملیۆن کەس.

یەکەمین کاروانی پەنابەرانی سووری لە 29ی نیسانی 2011 لە کەمپەکانی تورکیا نیشتەجێکران. بەگوێرەی یاسای پەنابەریی لە تورکیا کە لە ماددەی یازدەی یاسای هاووڵاتیبوونی تورکیادا هاتووە "هەر پەنابەرێک دوای پێنج ساڵ مانەوەی لە تورکیا لەسەر ویستی خۆی دەبێتە هاووڵاتیی تورکیا". بۆیە چاوەڕێ دەکرێت لە 29ی نیسانی ئەمساڵ بەشێک لە پەنابەرانی سووری ببنە هاووڵاتیی تورکیا.

هەرچەندە بە هاووڵاتیبوونی پەنابەرانی سووری، هەنگاوێکی یاساییە، بەڵام پارتە ئۆپۆزیسیۆنەکانی نێو پەرلەمانی تورکیا گومانیان لەو پرۆسەیە هەیە و پێیانوایە ئاکپارتی دەخوازێ ئەو هەنگاوە بۆ بەهێزکردنی پێگەی خۆی بەکاربێنێ. ئەوەی گومانەکانی زۆرتر کردووە، ئەوەیە کە حکومەتی ئاکپارتی لە مانگی کانوونی دووەمی ڕابردوو ڕەزامەندی لەسەر پێدانی کار بە پەنابەرانی سووری قبوڵ کرد.

ئەردۆغان تۆپراک، پەرلەمانتاری جەهەپە پێیوایە ئاکپارتی بەو هەنگاوە دەخوازێ هاوسەنگییەکانی تورکیا بگۆڕێت. لەمبارەیەوە بۆ ڕۆژنامەی حوریەت دەڵێت "لە سێ هەڵبژاردنی 2019دا نزیکەی ملیۆنێک دەنگدەری نوێ زیاد دەبن. بە قبوڵکردنی مافی هاووڵاتیبوون بۆ سووریەکان، هاوسەنگیی دەنگدەر دەگۆڕێت. لەوانەشە لەم ساڵەدا هەڵبژاردنی پێشوەخت یان ڕاپرسی بکرێت، لەگەڵ قبوڵکردنی داواکانیان لانیکەم 500 هەزار پەنابەری نوێ دەنگ دەدەن".

هەروەها دەڵێت "پەنابەران کە لەناوچەکانی باشووری ڕۆژهەڵات و شارە سنوورییەکان دەژین، کاریگەریی زیاتریان دەبێت لەسەر بارودۆخی سیاسی. بۆ نموونە لە شارۆچکەیەکی وەکو کلیس کە ژمارەی دانیشتووانی 90 هەزار کەسە و 120 هەزار پەنابەری سووریی لێیە، ئەگەرێکی زۆر هەیە لە هەڵبژاردنی داهاتوودا کاندیدێکی بە ڕەگەز سووری ببێتە سەرۆک شارەوانی، یان پەرلەمانتارێکی بە ڕەگەز سووری نوێنەرایەتی ئەو شارە لە پەرلەمان بکات".

تۆپراک پێیوایە دەسەڵاتی تورکیا بەبیانووی کولتووری هاوبەش دەخوازێ زۆربەی پەنابەرانی سووری لە باشووری ڕۆژهەڵات (باکووری کوردستان) نیشتەجێ بکات. ئەو دەڵێت "حکومەت پلانی هەیە، بەو پارەیەی لە یەکێتیی ئەورووپا و لە سەرچاوەی دیکە وەریدەگرێت، شوێنی حەوانەوە بۆ پەنابەرانی سووری دروست بکات. بەڵام بیرۆکەی نیشتەجێکردنی ئەوان باری دێمۆگرافیی ئەو ناوچەیە تێکدەدات کە کورد تێیدا زۆرینەن. لە لێدوانەکەی جەودەت یڵماز وەزیری ئاوەدانکردنەوە کە دەڵێت لە ڕێگای (TOKİ – ئیدارەی گەشەپێدانی نیشتەجێکردن) ژمارەیەکی زۆر شوقە لەناوچەکە دروست دەکەین. هەروەها لێدوانەکەی تەیب ئەردۆغانی سەرۆک



"ئاکپارتی دەیەوێ پشتێنە عەرەبییەکەی سووریا لە تورکیا دووبارە بکاتەوە"

## پەرلەمانتارێکی هەدەپە: دەیانەوێ کوردی سێ پارچەی کوردستان لەیەکتر دابڕن

کۆمار کە دەڵێت: لەماوەی ساڵێکدا باشووری ڕۆژهەڵات سەرلەنوێ ئاوەدان دەکەینەوە، ئەمە دەخوێنینەوە".

هەرچەندە ئۆپۆزسیۆنی تورکیا و کورد بە گومانەوە سەیری پرۆسەی پێدانی مافی هاووڵاتیبوون بە پەنابەرانی سووریا دەکەن، بەڵام خوێندنەوەیان بۆ مەسەلەکە جیاوازە.

مەحموود تۆغرول پەرلەمانتاری هەدەپە و نوێنەری شاری عەنتاب لەوبارەیەوە بە (ڕووداو)ی گوت: "ئاکەپە دەیەوێ پشتێنەی عەرەبی لە باکووری کوردستان دووبارە بکاتەوە".

پشتێنەی عەرەبی پرۆژەیەکی حکومەتی سووریا بوو، ساڵی 1965 کەوتە بواری جێبەجێکردنەوە و بەگوێرەی ئەو پرۆژەیە، هاووڵاتیانی کورد لە سووریا ناچارکران بە درێژایی 300 کیلۆمەتر و قووڵایی 10-15 کیلۆمەتر لەسەر سنووری هەرێمی کوردستان و باکووری کوردستانەوە کۆچ بکەن و لە شوێنی ئەوان خێزانی بە ڕەگەز عەرەب نیشتەجێ کران.

حکومەتی تورکیا ئەو ناوچە کوردیانەی کە ماوەیەکە بەهۆی شەڕی پەکەکە و سوپای تورکیاوە قەدەغەی هاتوچۆیان تێدا ڕاگەیەندراوە، وەکو ناوچەی "مەترسیدار" وەسف دەکات. ئەمەش گومانی پەرلەمانتارەکەی هەدەپە پشتڕاست دەکاتەوە کە دەڵێت "ئەگەری گەڕانەوەی بەشێکی زۆری پەنابەرانی سووریا بۆ وڵاتەکەیان زۆر لاوازە. ئیدی ئەوان کارتێکی دیکەن بەدەستی ئاکەپەوە. کردنەوەی دەروازەکانی تورکیا بەمشێوەیە بەڕووی پەنابەرانی سووری جگە لەوە هیچ خوێندنەوەیەکی دیکەی بۆ ناکرێت. ئێمە هاوکاریکردنی پەنابەرانی سووریا بە ڕاست دەزانین، بەڵام هیچ کاتێک قەبوڵ ناکەین ئەوان وەکو کەرەستەی سیاسی بەکاربهێنرێن".

سەبارەت بە شوێنی نیشتەجێکردنی ئەو پەنابەرە سووریانە دوای ئەوەی دەبنە هاووڵاتیی تورکیا، مەحموود تۆغرول دەڵێت "هێشتا دیار نییە، بەڵام پێشبینی دەکەین لە پرسوس تاوەکو سلۆپی نیشتەجێ بکرێن. بەمەش هەوڵ دەدەن کوردی سێ پارچەی کوردستان لەیەکدی دابڕن".

ڕۆژنامەنووسێکی ناسراوی ناوچەکە کە بەهۆی هەستیاریی مەسەلەکە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، باسی دەنگۆی پلانی ئاکپارتی بۆ چەکدارکردنی پەنابەرانی سووری دەکات دوای ئەوەی لە شارە کوردییەکان نیشتەجێ دەکرێن. لەوبارەیەوە دەڵێت "لە ناوەندەکانی ئاکپارتی باسی چەکدارکردنی ئەو پەنابەرانە و ڕێکخستنیان لە چوارچێوەی سیستەمی جەردەوانی دەکرێت".

لەسەردەمی عوسمانییەکاندا کۆچبەرانی بەلقان لە کوردستان نیشتەجێ کران. هەروەها کۆچبەرانی ئەفغانیش لەکاتی شەڕی ناوخۆی ئەفغانستان لە چەند ناوچەیەکی کوردستان نیشتەجێ کراون. بەکارهێنانی کۆچبەران لە تورکیا لەدژی ئەرمەنی و پاشانیش کورد پاشخانێکی مێژوویی هەیە. لەبەرئەوەشە کە کورد بەهەستیارییەوە مامەڵە لەگەڵ دەنگۆی نیشتەجێکردنی پەنابەرانی سووری لە باکووری کوردستان دەکات.

فەهیم ئیشق، نووسەر و ڕۆژنامەنووسی کورد دەڵێت "ئەردۆغان دەیەوێ لاسایی سەدام و ئەسەد بکاتەوە. بەڵام سەدام و ئەسەد لەو سیاسەتە چەند سەرکەوتوو بوون، ئەردۆغانیش هەر ئەوەندە سەرکەوتوو دەبێت. ئەوان بە نکۆڵیکردن کوردیان لەناونەبرد. ئەمجارە هەوڵ دەدەن بە کۆچپێکردن و نیشتەجێکردنی گەلانی دیکە لە شوێنیان کاریگەریی کورد کەم بکەنەوە. لە بنەمادا ئەوە سیاسەتێکی فاشیانەیە. بە شەڕهێنانی میللەتانە".

فەهیم لەدرێژەی قسەکانیدا بۆ (ڕووداو) دەڵێت "ئەو سیاسەتە جینۆسایدکردنی میللەتێکە. بۆیە پێویستە هێزە نێودەوڵەتییەکان، بەتایبەتی نەتەوەیەکگرتووەکان دەست بخاتە ئەو مەسەلەیە و ڕێگا بەوە نەدات".

# پەرلەمانتارە کوردەکە سیخوڕی ژیتەم بوو؟

ڕووداو- هەولێر

لە دانیشتنی دادگای تایبەت بە دۆسیەی تیرۆرکردنی سیاسەتمەداری کورد موسا عەنتەر، بەرپرسێکی پێشووی دەزگای MİT ڕایگەیاند کە ئۆرهان میرئۆغڵو، پەرلەمانتاری کوردی ئاکپارتی کاری بۆ دەزگای JİTEM کردووە و ناوە نهێنییەکەی "تایفون" بووە. کوڕێکی موسا عەنتەر پێیوایە قسەی ئەو بەرپرسەی میت، ئاراستەی دۆسیەکە دەگۆڕێت.

ڕۆژی 14ی ئەم مانگە لە دانیشتنی دادگای شەشەمینی سزای گران لە ئەنقەرە کە تایبەت بوو بە دۆسیەی تیرۆرکردنی سیاسەتمەداری کورد موسا عەنتەر لە ساڵی 1992، لە گەڕەکی سەیران تەپەی ئامەد، محەممەد ئایمور، بەرپرسی پێشووی دژە تیرۆری سەر بە دەزگای MİT بە سیفەتی شایەت لە دادگا ئامادە بوو.

محەممەد ئایمور، لە ئیفادەکەیدا باسی مەحموود یڵدرم (یەشیل)ی کرد کە تاوانبارە بە نەخشەکێشان بۆ کوشتنی موسا عەنتەر و گوتی "یەشیل بەرلەوەی کار بۆ JİTEM بکات، کاری بۆ MİT کردووە و لەوێ چەند کەسێک چاودێریی یەشیلیان دەکرد. ئەگەر دادگا دەخوازێ زانیاری وردتر بەدەستبێنێت پێویستە قسە لەگەڵ ئەوان بکات".

ئایمور لە ئیفادەکەیدا تەنیا بەو قسانە نەوەستا و بۆ یەکەمجار هەندێک زانیاری لەسەر ئۆرهان میرئۆغڵو پەرلەمانتاری کوردی ئاکپارتی درکاند کە 20ی ئەیلولی 1992 لەکاتی ڕووداوەکەدا لەگەڵ موسا عەنتەر بووە و بە سەختی بریندار بووە. ئایمور گوتی "ناوی میرئۆغڵو لەلای یەشیل (تایفون) بوو، میرئۆغڵو کارمەندی ژیتەم بوو".

### ئۆرهان میرئۆغڵو کێیە؟

ئۆرهان میرئۆغڵو پەرلەمانتاری پارتی دادوگەشەپێدانی دەسەڵاتدار و نوێنەری شاری ماردین لە پەرلەمانی تورکیا لە شارۆچکەی میدیاتی سەر بە ماردین لەدایک بووە. لە ساڵانی 1970 – 1980 لەناو بزووتنەوەی گەنجانی دیموکراتخواز دەست بەکاری سیاسی دەکات. ساڵی 1980 پەیمانگای مامۆستایان لە ئامەد تەواو دەکات و لەدوای کودەتای 12ی ئەیلولی 1980 زیندانی دەکرێت و لەلایەن دادگای ئاسایشی تورکیاوە بەبیانووی ئەندامێتی پارتی سۆسیالیستی کوردستان بە 15 ساڵ بەندکردن حوکم دەدرێت. ساڵی 1988 ئازاد دەکرێت و تاوەکو ساڵی 1995 کاری سیاسی لێ قەدەغە دەکرێ. میرئۆغڵو لەساڵی 1999 بەشێوەیەکی کارا دەگەڕێتەوە ناو گۆڕەپانی سیاسی و لەناو پارتەکانی (هادەپ) و پاشانیش (دەهاپ) دەبێتە جێگری سەرۆکی گشتی.

دوای داخستنی پارتی کۆمەڵگای دیموکراتیک (DTP) لە ساڵی 2009، میرئۆغڵو لە بزووتنەوەی سیاسی کورد لە باکووری کوردستان دوور دەکەوێتەوە، بۆ ماوەیەک دەبێتە گۆشەنووسی ڕۆژنامەی تەرەف و پاشانیش ڕۆژنامەی ستار کە نزیکی ئاکپارتییە. هەر لەو ڕۆژنامەیە دەست بە ڕەخنەگرتن لە پەکەکە و بزووتنەوەی سیاسیی کورد دەکات. لە هەڵبژاردنی 7ی حوزەیران و یەکی تشرینی دووەمی 2015 لەسەر لیستی ئاکپارتی دەبێتە پەرلەمانتار و نوێنەری شاری ماردین.

### دانپێدانانەکەی ئایمور سورپرایز بوو

دانپێدانانی محەممەد ئایمور، بەرپرسی پێشووی دژە تیرۆر لەناو دەزگای MİT، سەبارەت بە پەیوەندیی نێوان (یەشیل) کە تاوانبارە بە کوشتنی موسا عەنتەر و ئۆرهان میرئۆغڵو، ئاراستەی دادگا و لێکۆڵینەوە لە دۆسیەی تیرۆرکردنی موسا عەنتەر دەگۆڕێت.

دیجلە عەنتەر، کوڕی بچووکی موسا عەنتەر پێیوایە قسەکانی ئایمور ئاراستەی لێپرسینەوە لە دۆسیەی تیرۆرکردنی باوکی دەگۆڕێت. دیجلە بە (ڕووداو)ی گوت "ئەو قسانەی ئایمور بۆ ئێمە هەواڵێکی نوێ بوو. چاوەڕواننەکراو بوو".

دیجلە عەنتەر کە وەکو نوێنەری خانەوادەی موسا عەنتەر بەشداری دانیشتنی ژمارە 14ی ئەم مانگەی دادگای کردووە، لەبارەی قسەکانی محەممەد ئایمور دەڵێت "ئایمور زانیارییەکانی لەبارەی (یەشیل) خستەڕوو. ڕایگەیاند کە دەزگای MİT ئیفادەی لە یەشیل وەرگرتووە لەسەر کوشتنی موسا عەنتەر. یەشیل لە ئیفادەکەیدا گوتوویەتی کە ئەو بە ئەنقەست ئۆرهان میرئۆغڵوی نەکوشتووە، تاوەکو تاوانەکە بکەوێتە ئەستۆی پەکەکە. هەروەها یەشیل گوتوویەتی کە ئەو میرئۆغڵو بە (تایفون) دەناسێت".

14 ڕۆژ بەسەر دانیشتنی دادگادا تێپەڕ دەبێت و هێشتاش ئۆرهان میرئۆغڵو ڕوونکردنەوەیەکی لەسەر قسەکانی بەرپرسی پێشووی دژەتیرۆر لە دەزگای MİT نەداوە.

سەلیم ئۆکچوئۆغڵو پارێزەری خانەوادەی موسا عەنتەر بە (ڕووداو)ی گوت "ڕێزدار میرئۆغڵو بە سیفەتی مەغدوور لە دادگا ناوی هاتووە. خۆی لەدوایین دانیشتنی دادگا ئامادە نەبوو، بەڵام دوو پارێزەری لەوێ بوون. قسەکانی ئایمور گومانێکی ڕاستەقینەیان پەیدا کردووە، وەکو پارێزەری خێزانی عەنتەر، بۆ ڕەواندنەوەی نیگەرانیی خێزانی عەنتەر و ڕای گشتی مافی ئەوەمان هەیە داوا لە بەڕێز میرئۆغڵو بکەین قسە بکات".

ئایا ئیفادەی ئایمور دەبێتە هۆی سکاڵا تۆمارکردن لەسەر میرئۆغڵو؟ ئۆکچوئۆغڵو دەڵێت "هیواداریـن بەڕێز میرئۆغڵو لە داهاتوویەکی نزیکدا قسەیەک بۆ ڕای گشتی بکات. چونکە ئەو بارودۆخە ئەوەندە جدیە بەبێ دەنگی ناچێتە سەر".

هەر سەبارەت بە بێدەنگیی ئۆرهان میرئۆغڵو دیجلە عەنتەر دەڵێت "مایەی سەرسامییە کە میرئۆغڵو لەبەرامبەر ئەو قسەیە بێدەنگە. پێموایە پێویستە پارتەکانی ناو پەرلەمان بەتایبەتی هەدەپە داوایەک ئاراستەی پەرلەمان بکەن، تاوەکو میرئۆغڵو هەڵوێستی خۆی دیاری بکات".




مووسا عەنتەر لە ساڵی 1992 لەگەڕەکی سەیران تەپەی ئامەد تیرۆر کرا

### "میرئۆغڵو JİTEM نەبووە"

عەبدولقادر ئایگان کە ئەندامێکی پێشووی پەکەکەیە، دوای ئەوەی لە پەکەکە جیادەبێتەوە، دەبێتە کارمەندی ژیتەم. ساڵی 2004 بۆ یەکەمجار لە پەرتووکەکەی خۆیدا بەناوی (گێڕانەوەی ئیعترافچییەکی ژیتەم) ئاشکرای کرد کە مەحموود یڵدرم (یەشیل) نەخشەکێش و بکوژی موسا عەنتەرە.

بەڵام ئایگان کە ئێستا لە سوێد دادەنیشێ، ڕەتیکردەوە میرئۆغڵۆ پەیوەندی لەگەڵ ژیتەمدا هەبووبێ و بە (ڕووداو)ی گوت "میرئۆغڵو پەیوەندی لەگەڵ ژیتەم نەبووە. ئەگەر پەیوەندیشی لەگەڵ دەزگایەکی دیکە هەبێت، نە زانیاریم هەیە و نە گوێشم لێبووە". هەروەها دەڵێت "تاوانبارکردنی میرئۆغڵو بە پەیوەندی لەگەڵ JİTEM گومان هەڵدەگرێت".

ئەردال شمشەک، ڕۆژنامەنووس و بەڕێوەبەری نووسین لە ڕۆژنامەی (میلاد) کە ڕۆژنامەیەکی نزیک لە حکومەتی ئاکپارتییە، سەبارەت بە دەنگۆی پەیوەندیی میرئۆغڵو لەگەڵ JİTEM، بە (ڕووداو)ی گوت "ئەو پەیوەندیانە زۆر نهێنییە و کارمەندێکی ئاسایی JİTEM پێی نازانێ، تەنیا بەرپرسانی باڵا دەزانن".

ئەردال لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێ، ماوەیەکی درێژە لە تورکیا باسی پەیوەندی لە نێوان چەند کەسێکی دیاری ناو بزووتنەوەی کوردی و دەزگا ئیستیخباراتییەکانی دەوڵەت دەکرێت. پێشیوایە ئەو پەیوەندیانە لەسەر بنەمای نیاز خراپی و سیخوڕی دروست ناکرێن. سەبارەت بە میرئۆغڵوش دەڵێت "زانیاری دەربارەی پەیوەندیی ڕێزدار میرئۆغڵو لەگەڵ JİTEM لەلایەن محەممەد ئایمور درکێندراوە کە نزیکەی 40 ساڵە لەناو دەزگا ئیستیخباراتییەکانی تورکیا ناوێکی دیارە، بۆیە پێویستە بەجدی وەربگیرێت. پێشموایە پەیوەندی بەڕێز میرئۆغڵو لەگەڵ JİTEM یان هەر دەزگایەکی هەواڵگریی تورکیا لە چوارچێوەی نیازپاکی و هاوکاری بۆ چارەسەری کێشەی کورد بووە".

## لەگەڵ پەیکەری بەرخودان... لە سلێمانییەوە تا کۆبانێ

# کە چوویتە کۆبانێ بە هێواشی پێ دابنێ

سالار رەزا
رووداو- کۆبانێ

پەیکەرەکە هەموو بازگەکانی نێوان هەولێر، سلێمانی و دهۆکی بەبێ کێشە بڕی، بەڵام کاتێک ویستی بچێتە ئەوبەری ئاوەکە، ڕێگەی پێنەدرا. دوای بێنەوبەردەیەکی زۆر، پەیکەری "بەرخودان" لە رووباری پێشخابوور پەڕێندرایەوە رۆژئاوای کوردستان.

لەوبەری ئاوەکە بە سەتان ژن و پیاو و منداڵ لە چاوەڕوانیی پەیکەری "بەرخودان"دا وەستابوون کە لەلایەن هونەرمەندی کورد زیرەک میرە، وەک دیارییەک بۆ شاری کۆبانێی رۆژئاوای کوردستان دروست کرابوو. ئەوان هەشت سەعات لەوبەر چاوەڕێیان کردین بۆ ئەوەی لەگەڵ پەیکەرەکە بەسەر پردێکی سەربازیدا بچینە ئەوبەر.

رەنگە ئەوێ تاکە دەروازەی سنووری بێت کە هەستێکی خۆشت پێبدات، چونکە لەوێ کەس مۆری چوون و هاتن لە پاسپۆرتەکەت نادات و هەست دەکەی پێ دەنێیتەوە سەر خاکی خۆت. بەڵام من و سەلامی وێنەگر ترسی ئەوەمان هەبوو سنوورمان لەبەردەم دابخەن، چونکە تازە ئیدارەی کانتۆنی کۆبانێ بڕیاری قەدەغەکردنی کارکردنی (رووداو)ی لە سنووری کانتۆنەکە دەرکردبوو، بەرلەوەی بگەڕێینەوە، پێیانگوتین کە ئەوان دەیانزانی ستافی رووداوین، بەڵام وەکو میوانێک رێزیان لێگرتووین.

ئەو وێنانەی پێشتر لەبارەی شەڕی کۆبانێ بینیبوومن، وام خەیاڵ دەکرد ئیدی حکومەتێک نەبێت بیگەڕێنێتەوە سەر شێوەی جارانی. ئەوێ هەر بە راستی وێران بووە، بەڵام رۆژئاواییەکان قۆڵیان لێهەڵماڵیوە و سەرقاڵی دووبارە بنیاتنانەوەن.

بە رێگایەکی خۆڵدا رۆیشتین کە نۆژەن دەکرایەوە، هەر کاتێک دەگەیشتینە تاسەیەک یان چاڵێک، زیرەک میرە هاواری لێ هەڵدەستا و دەیگوت هیواش با پەیکەرەکە نەشکێت.

دەیان شۆفڵ و گرێدەرم لەسەر رێگا بینین کە کاریان دەکرد، هەڤاڵ بەرخودان بۆی روونەکردینەوە کە ئەوانە خەریکی جێبەجێکردنی پرۆژەن.

دنیا تاریک داهاتبوو، لەناکاو لەسەر رێگا کۆمەڵێک ژن و منداڵ و گەنج رێگەکەیان گرت، ئەوان هاواریان دەکرد "بژی بەرخودانا کۆبانێ". ئەو دیمەنانە راپەڕینی بەهاری 1991ی خەڵکی باشووری کوردستانی دەهێنامەوە یاد کە ئەوکات هەموو شتێک تەنیا نیشتیمان بوو.

گەیشتینە دێرک، لەوێ رۆشنبیرانی دێرک و سازیا ژنۆلۆژی میوانداریيەکی شاهانەیان کردین. بەرەو عامودا بەڕێکەوتین. پێدەچوو پێشتر سەرجەم بازگەکانی ئاسایش لە چوونی ئێمە بۆ کۆبانێ ئاگادار کرابنەوە، چونکە لە بازگەکان نەک نەیاندەپرسی بۆ کوێ دەڕۆن، بگرە زۆر بە گەرمییەوە پێشوازیان لێدەکردین.

وا بڕیار بوو شەو لە قامشلو بمێنینەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی خەڵکێکی زۆر خۆیان بۆ پێشوازی لە پەیکەری بەرخودان ئامادەکردبوو، بە باشمان زانی نەمێنینەوە، نەبادا شتێک رووبدات. بە بەردەم پەیکەری حافز ئەسەددا بەرەو عامودا بەڕێکەوتین. کاتێک پرسیم چۆنە رژێم لێرە ماوە؟ گوتیان تەنیا لەو شەقامەدا بارەگایان هەیە، بەبێ دەسەڵاتی بۆ خۆیان دانیشتوون و پەیوەندیان بە کەسەوە نییە و نایەنە دەرەوە.

شەوێک لە میوانخانەی کانتۆنی جزیرێ ماینەوە، بۆ بەیانی بە یاوەریی رۆشنبیرانی جزیرێ بەرەو کۆبانێ بەنێو سەرێکانێ و گرێسپی بەڕێکەوتین. شەڕڤانان زۆر بە وردی چاودێریی سنووری تورکیایان دەکرد، چونکە ترسیان لە دزەکردنی چەکدارانی داعش هەیە.

لەسەر رێگا بەرەو کۆبانێ، ژمارەیەکی زۆر قەفەسی ئاسنینمان بینین، کاتێک پرسیمان ئەو قەفەسانە چین؟ گوتیان ئەوە زیندانەکانی داعش بوون، بە تایبەت بۆ جگەرەکێشان.

لە دەروازەی گرێسپی ئالایەکی گەورەی یەپەگە دەشەکایەوە، بەڵام لەوێ هەستت بە جۆرێک لە ترس دەکرد، چونکە چەند رۆژێک پێشتر داعش لە سنووری تورکیاوە دزەی کردبووە نێو شارۆچکەکە و چەند کەسێکی سڤیلی کوشتبوو، بۆ ماوەیەکیش دەستیان بەسەر شارەکەدا گرتبوو، بەڵام دواتر شەڕڤانانی یەپەگە و یەپەژە لێیان هاتبوونە دەست و وەدەریان نابوون.

گرێسپی شوێنێکی ستراتیژییە، چونکە رێگەی رەققەی پایتەختی دیفاکتۆی داعشە بۆ سەر سنووری تورکیا، هەروەها هەردوو کانتۆنی جزیرە و کۆبانێش بە یەکەوە دەبەستێتەوە. داعش چەند جارێک هەوڵی کۆنترۆڵکردنەوەی شارەکەی داوە، بەڵام شەڕڤانان نایانەوێت بە هیچ نرخێک ئەو شارە لە دەست بدەن. چونکە ریسەکەیان لێ دەبێتەوە خوری.

لە گرێسپی بەرەو کۆبانێ رێگایەکی وێرانەیە، شوێنەواری شەڕ لەوێ هەر ماوە، تەنانەت هەندێک لە گوندەکان هێشتا لە بۆمبەکانی داعش پاک نەکرابوونەوە.

بە هەزاران کەس لە دەروازەی کۆبانێ لە پێشوازیی پەیکەری بەرخودان وەستاون و هاوار دەکەن "بژی بەرخۆدانی کۆبانێ". تەنکەرێک بەردەوام رێگاکە ئاوپرژێن دەکات، بۆ ئەوەی تەپوتۆزی رێگاکە دابمرکێنێتەوە.

دەمی خۆرئاوابوون گەیشتینە کۆبانێ، میوانەکان فەرموویان لێکرا بۆ میوانخانەی شەهید جەدۆ کە میوانخانەی کانتۆنی کۆبانێیە. میوانخانەکە بەنێوی کرێکارێکی میوانخانەکەوە کراوە کە لەکاتی کارکردندا لەوێ شەهید بووە، ئەو عەرەبانەیەی کە جەدۆ کاری پێدەکرد، لەبەردەم میوانخانەکە دانراوە.

لەنێو خانوو و باڵەخانە رووخاوەکانی کۆبانێدا ئەندازیارێکی کورد دێت و دەچێت کە خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستانە. هەڤاڵ چۆمان بەرپرسی ئاوەدانکردنەوەی کۆبانێیە. ئەو بۆ ماوەی نۆ رۆژ لەنێو کۆبانێ لەگەڵمان گەڕا و قسەی لەبارەی چۆنیەتی دووبارە بنیاتنانەوەی شارەکە دەکرد.

ئەو وێرانەیەی لە میدیاکانەوە دەبینرا، خەریکە دووبارە هەڵدەستێتەوە سەرپێ، چونکە لەوێ کەسێک نابینی بەبێ ئیش دانیشتبێ، هەمووان خەریکی کارن و دەیانەوێ بەزووترین کات خانوو، دووکان و بازاڕە رووخاوەکەی شار چاک بکەنەوە.

زۆربەی شارەکە پاک کراوەتەوە، بە قسەی خەڵکەکە دوو ملیۆن تۆن خۆڵ و خاشاک لە شارەکە فڕێدراوە. پێشترکۆمپانیا ئەوروپییەکان گوتبوویان بە سێ ساڵ شارەکەتان بۆ پاک دەکەینەوە، بەڵام خەڵکی کۆبانێ بە شەش مانگ شارەکەیان پاک کردەوە.

بە گوتەی هەڤاڵ چۆمان، ئێستا لەنێو کۆبانێ کار لە 300 پرۆژە دەکرێ کە هەندێکیان پرۆژەی ستراتیژین، لەوانەش کارگەی چیمەنۆ، پاڵاوگە و پرۆژەی بەرهەمهێنانی کارەبا.

هەڤاڵ چۆمان بەهۆی سەرقاڵبوونی بە سەرلێدانی پرۆژەکانەوە نەیتوانی لەگەڵمان بەردەوام بێت، بۆیە هەڤاڵ هاوژینی راسپارد رێنوێنیمان بکات. هاوژینیش خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستانە و دکتۆرای لە کۆمەڵناسی لە زانکۆیەکی ئوسترالیا بەدەستهێناوە. ئەو ئێمەی برد بۆ مشتەنوور کە بە ستراتیژیترین شوێنی کۆبانێ دادەنرێ و شەڕێکی قورسی لەسەر کرا پێش ئەوەی شارەکە لەدەستی داعش دەربهێنرێتەوە.

کۆبانێ 128 رۆژ بەرخودانی کرد، ئەمەش وای لە هونەرمەندێکی وەکو زیرەک میرە کرد کە پەیکەرێکی شایستە بەو بەرخودانە و بەنێوی بەرخودان بە دیاری پێشکەشی کۆبانێ بکات.

شەڕڤانان دەڵێن لە ماوەی ئەو 128 رۆژەدا زیاتر لە 1000 شەڕڤان لە ژن و پیاو شەهید بوونە. ئەوان دەیانگوت هەرگیز قارەمانێتی ژنێکی وەکو ئارین میرکان لەبیر ناکەن کە ژمارەیەکی زۆر داعشی کوشت و پاشانیش خۆی بە ژمارەیەک چەکداری داعشدا تەقاندەوە. ئەوان باسیان لە چەند شەڕڤانێکی دیکەش کرد کە بەرپرسەکانیان پێیانگوتبوون پاشەکشە بکەن، بەڵام رازی نەبوون و تا دوا فیشەک بەرگرییان کردبوو، دواتر تانکەکانی داعش بەسەریاندا رۆیشتبوون و تەنیا جلەکانیان بەسەر زەوییەوە مابوو.

شەڕڤانان گێڕایانەوە کە بەرەی خۆرئاوای کۆبانێ و گەڕەکی کانی کوردان قورسترین شەڕی تێداکراوە، تەنیا ناوچە بوو بەدەست شەڕڤانانەوە مابوو. پێشمەرگە و هاوپەیمانان فریای شەڕڤانان کەوتن و دوای 128 رۆژ توانییان شارەکە لە دەست داعش دەربهێننەوە، بەڵام دوای ئەوەی شارەکە هیچی بەسەر هیچەوە نەمابوو.

لەگەڵ دوو فەرماندەی یەپەژە چووینەوە سەنگەرەکانی شەڕ لە گەڕەکی کانی کوردان، ئەوان دەیانگوت ئێمە نایەینەوە ئەم سەنگەرانە چونکە هەڤاڵەکانمان دێنەوە بەرچاو کە چۆن شەڕیان دەکرد و دواتر شەهید دەبوون، ئەوان زۆر بە هێواشی قاچیان دادەنا، چونکە شوێنێکی ئەو شارە نەماوە شەڕڤانێکی لەسەر شەهید نەبووبێ.

بۆیە کە چوویتە کۆبانێ، بەهێواشی پێت لەسەر زەوی دابنێ.



# سەربازگەکەی باشیک.. ئامانجە ئاسانەکەی داعش

ناسر عەلی
رووداو- دهۆک

بێ ئەوەی تائێستا هیچ هێرشێکیان کردبێتە سەر داعش، 32 سەرباز لە سەربازگەی باشیک کە تایبەتە بە چەکدارانی حەشدی نیشتیمانی، بە بۆردومانی داعش کوژراون یان بریندار بوون. سەربازێکی کورد لەوێ دەڵێت: "ئێمە سەربازە کوردەکان هیچ متمانەمان بە عەرەبەکان نییە، سەربازگەکە پڕ بووە لە تابووری پێنجەم".

لە ماوەی چوار مانگی رابردوودا، داعش شەش جار سەربازگەی گودادی تایبەت بە چەکدارانی حەشدی نیشتیمانی لە نزیک باشیک بۆردومان کردووە. دوو جاریش هەوڵیان داوە هێرش بکەنە سەر سەربازگەکە، بەڵام لەلایەن پێشمەرگەوە بەرپەرچ دراونەتەوە کە تەنیا پێنج کیلۆمەتر لەو سەبازگەیە دوورن. بەهۆی ئەو بۆرودومانانەی داعشەوە تائێستا چوار سەرباز کوژراون و 28ی دیکەش بریندار بوون.

کۆتایی ساڵی رابردوو هێزێکی زۆری تورکیا لەو سەربازگەیە جێگیرکران، بەڵام دواتر زۆربەی هێزەکە کشانەوە و ئێستا تەنیا چەند راوێژکار و راهێنەرێکی تورک و ژمارەیەک سەربازی تورک لە سەربازگەکەن کە مەشق بە هێزەکە دەکەن. ئەو هێزە لەلایەن ئوسامە نوجێفی پارێزگاری پێشووی نەینەواوە سەرپەرشتی دەکرێ.

## "جێی متمانە نین"

سەربازێکی کورد لەو سەربازگەیە، بە (رووداو)ی گوت "ژمارەیەک سەربازی کورد لە سەربازگەکەین، بەڵام هیچ متمانەمان بە عەرەبەکان نییە، چونکە چەند جارێک زانیارییان بە چەکدارانی داعش داوە".

بەپێی قسەی ئەو سەربازە کوردە کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، تاوەکو ئێستا نزیکەی 20 سەربازی عەرەبی سوننە لەلایەن هەواڵگریی سەربازگەکەوە دەستگیرکراون، بە تۆمەتی ئەوەی زانیارییان بە چەکدارانی داعش داوە.

ساڵێک و شەش مانگە سەربازگەی گوداد لە نزیک باشیک دورستکراوە، کە تەنیا 5 کیلۆمەتر لە سەنگەرەکانی پێشەوەی پێشمەرگە لە چیای باشیک دوورە، لە سەرەتای کانوونی یەکەمی ساڵی رابردوودا نزیکەی 900 سەربازی تورکیا لەگەڵ چەندین تانک و زرێپۆش و چەکی سووک لەو سەربازگەیە جێگیرکران، سەرەڕای ناڕەزایی حکومەتی عێراق، بەڵام هێشتا بەشێک لە هێزەکەی تورکیا لە سەربازگەکە ماون.

رۆژی 26ی ئەم مانگە حکومەتی تورکیا بەفەرمی کوژرانی ئەفسەرێک و برینداربوونی سەربازێکی دیکەی تورکیای لە سەربازگەی باشیک بەهۆی بۆردومانی چەکدارانی داعشەوە راگەیاند.

عەمید روکن محەممەد یەحیا، فەرماندەی ئەو سەربازگەیە کە خەڵکی مووسڵە، بە (رووداو)ی گوت "پێش هاتنی هێزی تورکیا بۆ سەربازگەکەی ئێمە، یەک گوللە هاوەنی داعشمان ئاراستە نەکراوە، بەڵام دوای هاتنی ئەو هێزە، داعش شەش جار بۆردومانی کردووین، دووجاریش ویستوویانە هێرش بکەنە سەرمان، بەڵام هێزەکانی پێشمەرگە کە لە پێش ئێمەن، بەرگرییان کرد و نەیانهێشت هێرشەکە بگاتە ئێمە".

سەبارەت بە ژمارەی قوربانیانی سەربازگەکە بەهۆی بۆرودومانی چەکدارانی داعشەوە، محەممەد یەحیا گوتی "تائێستا ئەفسەرێکی تورک کە راهێنەرێکی بەتواناش بوو، کوژراوە و چوار سەربازی تورکیش بریندار بوون، لە سەربازانی ئێمەش سێ کەس شەهید بوون و 24یش بریندار بوون. برینداره‌کانی تورکیا بۆ چارەسەری رەوانەی نەخۆشخانەی شەرناخ کراون و ئەوانەی ئێمەش لە نەخۆشخانەکانی دهۆک چارەسەر کراون".

سەبارەت بە بوونی تابووری پێنج لە نێو سەربازگەکە و هاوکاریی داعش، لیوا روکن محەممەد یەحیا گوتی "منیش بیستوومە کە سەرباز هەبووە زانیاریی داوەتە داعش، بەڵام نەمزانیوە کەس لەسەر ئەوە دەستگیرکرابێ".

سەبارەت بە ئامادەکاریی هێزەکەش بۆ ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی مووسڵ، لیوا روکن محەممەد یەحیا گوتی "چەند رۆژێک لەمەوبەر، هەموو پێداویستییەکی سەربازیمان لە چەکی سووک و قورس وەرگرت. ئەو چەکە لەلایەن بەڕێز ئەسیل نوجێفی بۆ ئێمە دابینکراوە، بەڵام نازانین لە کام وڵات کڕدراوە، ئێستا نزیکەی 1500 سەرباز بە چەکەوە ئامادەین و چاوەڕێی کاژێری سفر دەکەین".




سەربازێکی کورد : 20 سەربازی سەربازگەی باشیک لەسەر پێدانی زانیاری بە داعش دەستگیرکراون

## بازرگانانی ڕۆژئاوای کوردستان سەردانی سلێمانی دەکەن

**ڕووداو- سلێمانی**

بەمەبەستی تاوتوێکردنی ئاڵوگۆڕی بازرگانی لە نێوان هەردوولادا، وا بڕیارە لە مانگی داهاتوو وەفدێکی باڵای بازرگانی ڕۆژئاوای کوردستان سەردانی شاری سلێمانی بکەن. سیروان محەممەد، سەرۆکی ژووری بازرگانی و پیشەسازیی سلێمانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "سەردانی ئەو وەفدە بۆ قسەکردنە لەسەر چۆنیەتی بوژاندنەوەی ڕۆژئاوا لەلایەن بازرگانانی سلێمانی. بۆیە لەگەڵ ئەوان گفتوگۆ دەکەین سەبارەت بە ڕەوشی بازرگانی و ئابووری ڕۆژئاوا و هەوڵ بدەین بازرگانانی سلێمانی چەند کارگەیەک بکەنەوە یان هاوکاری بازرگانانی ئەوان بکەن بۆ ئەوەی ناوچەکانیان ببوژێننەوە".



ئابووری
ڕووداو
ژمارە (401) دووشەممە 2016/3/28

# "قەیرانی دارایی زۆری و بۆریی چاپی کتێبی نەهێشت"

ڕەوا عەبدوڵڵا
ڕووداو- هەولێر

کتێبفرۆشان دەڵێن قەیرانی دارایی کاریگەریی زۆری هەبووە لەسەر فرۆشی کتێب و بەراورد بە ساڵانی پێشوو فرۆشی کتێب کەم بووەتەوە، بەڵام سوودێکی ئەو قەیرانە ئەوە بووە کە زۆری و بۆریی لە چاپکردنی کتێبدا نەهێشت و ئێستا تەنیا پەرتووکی باش چاپ دەکرێن.

قەیرانی دارایی و کەمبوونەوەی مووچە کاریگەری لەسەر بازاڕی هەموو شتێک جێهێشتووە، تەنانەت فرۆشی هەندێ کاڵا زۆر سست بووە، لەگەڵ ئەوەشدا وەک کتێبفرۆشان دەڵێن، بەراورد بە گیرفانی خەڵک فرۆشی کتێب لە ئاستێکی باشدایە، بەڵام بازاڕیان وەکو جاران گەرموگوڕ نییە.

عیماد ڕەشید، خاوەنی کتێبخانەی فێربوون بۆ فرۆشتنی کتێب لە شاری هەولێر دەڵێت "هەرچەندە لەچاو ساڵانی پێشتر فرۆشی کتێب کەمی کردووە، بەڵام بەراورد بەگیرفانی خەڵک، فرۆشتنی کتێب هێشتا لە ئاستێکی باشدایە، ئەمە مایەی دڵخۆشییە، چونکە وڵات لە قەیرانی قووڵدایە و فرۆشی کتێبیش بەردەوامە".

بە گوتەی عیماد ڕەشید، ئێستا زیاتر خواست لەسەر کڕینی ڕۆمان و بابەتە فکری و فەلسەفییەکانە، بەشی زۆری کڕیارانیش گەنجن. عیماد دەڵێت "لەکاتی قەیراندا خەڵک بۆ ئەوەی خۆی لەو واقیعە تاڵە بدزێتەوە، پەنا بۆ خوێندنەوەی ڕۆمان دەبەن، بۆیە ئێستا فرۆشی ڕۆمان لە هەموو بابەتەکانی دیکە زیاترە".

بەهۆی قەیرانی دارایی و دابیننەکردنی بودجە بۆیان، بەشێکی زۆر لە چاپخانە حکومی و حیزبییەکان وەستاون، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کتێب وەکو جاران چاپ نەکرێت.

عیماد ڕەشید دەڵێت "پێشتر ساڵانە چاپخانە حکومی و حیزبییەکان ناونیشانێکی زۆریان چاپ دەکرد، بەڵام بەشی زۆریان چونکە لەگەڵ خواستی خوێنەر یەکیان نەدەگرتەوە، بازاڕیان نەبوو، ئێستا پێچەوانەیە چاپ کەمی کردووە و فرۆشی ناونیشانە تازەکانی چاپخانە ئەهلییەکان زۆرە".



کتێبفرۆشان دەڵێن بەهۆی قەیرانی داراییەوە فرۆشی کتێب بە ڕێژەی 60% کەمیکردووە

ناوەندی ئاوێر، بۆ چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێب، یەکێکە لەو ناوەندانەی لە ماوەی 13 ساڵی ڕابردوودا سەدان ناونیشانی چاپ و بڵاوکردووەتەوە.

حەسەن عالی، بەڕێوەبەری ناوەندی چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاوێر کە سێ پەرتووکخانەشی بۆ فرۆشتنی کتێب هەیە، دەڵێت "بەهۆی قەیرانی داراییەوە فرۆشی کتێب زۆر کەم بووە، بۆیە بۆ وەرگێڕان و چاپکردن زیاتر ئەو کتێبانە هەڵدەبژێرین کە پێشتر ناوبانگ و فرۆشی زۆریان لە جیهاندا هەبووە".

حەسەن عالی گوتیشی "هەرچەندە کتێبی باش خوێنەری خۆی هەیە، بەڵام فرۆشی کتێب بەگشتی بەراورد بەپێشتر بەڕێژەی 60% کەمی کردووە".

ناوەندی ئاوێر کە بنکە سەرەکییەکەی لەشاری هەولێرە، لەساڵی 1999 دامەزراوە، بەڵام چالاکییەکانی لەدوای ساڵی 2003 دەستپێکردووە.

حەسەن عالی دەڵێت "پێشتر چاپکراوەکانمان لە سەرجەم شار و شارۆچکەکانی کوردستان خواستێکی زۆریان لەسەر بوو، بەڵام بەهۆی قەیرانی داراییەوە وەکوو جاران نەماوە، بۆیە نرخی کتێبەکانمان بە ڕێژەی 30% دابەزاندووە".

حەسەن دەڵێت "کتێبی باش بازاڕی خۆی لەدەست نەداوە، بۆ نموونە ڕۆمانمان هەیە 12 جار بە تیراژی 4-5 هەزار چاپ کراوەتەوە، بەڵام کتێبیشمان هەیە تیراژی 2000 بووە و تا ئێستا 100 دانەی لێ نەفرۆشراوە".

ساڵانە لە دووی نیساندا پێشانگەی نێودەوڵەتیی کتێب لە شاری هەولێر دەکرێتەوە و چەندین دەزگای چاپی ناوخۆ و بیانی بەشداریی تێدا دەکەن، ناوەندەکەی حەسەن هەر لە ئێستاوە خۆی بۆ ئەو پێشانگەیە ئامادە کردووە.

پێشتر لەگەڵ دەرچوونی هەر ناونیشانێکی تازە، وەزارەتی ڕۆشنبیری ژمارەیەکی بۆ کتێبخانە گشتییەکان دەکڕی، بەڵام وادیارە قەیرانی دارایی کاریگەری لەسەر ئەوانیش داناوە.

حەسەن عالی دەڵێت "پێشتر لەگەڵ چاپکردنی هەر ناونیشانێکی تازە، بەڕێوەبەرایەتی کتێبخانە گشتییەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری 100 دانەی دەکڕی، بەڵام بەهۆی ئەم قەیرانەوە، ئێستا زیاتر لە 250 ناونیشانمان چاپکردووە، تا ئێستا نەیانکڕیوە".

هاوشێوەی چاپخانە ئەهلییەکان، فرۆش و چاپی کتێب لە چاپخانە حکومییەکانیش کەمی کردووە. بەپێی ئامارێک کە لە بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی هەولێر دراوەتە (ڕووداو)، ساڵی 2013 چاپخانەی هەولێر 69 کتێب و 20 گۆڤاری چاپ کردووە، بەڵام لەساڵی 2014دا 30 کتێب و 15 گۆڤاری چاپ کردووە، ساڵی ڕابردووش تەنیا 14 کتێبی چاپ کردووە.

سیروان عوسمان، بەڕێوەبەری چاپ و بڵاوکردنەوەی هەولێر لە وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان دەڵێت "قەیرانی دارایی کاریگەریی زۆری لەسەر چاپکردن و فرۆشی کتێبی چاپخانەکەمان هەبووە، بەجۆرێک فرۆشی کتێبەکانمان بەڕێژەی 70% دابەزیوە، چاپکردنی کتێبیشمان بەڕێژەی 50% کەمی کردووە".

سیروان عوسمان گوتیشی "پێشتر لەگەڵ چاپکردنی هەر کتێبێک، بڕە پارەیەکمان وەکو پاداشت دەدایە نووسەرەکە کە هەندێکجار دەگەیشتە ملیۆنێک و 200 هەزار، بەڵام دوو ساڵە هیچ پاداشتێک نادەینە نووسەر، بۆیە نووسەران کەمتر لە جاران بۆ چاپکردنی کتێبەکانیان ڕوومان تێدەکەن".

لە چوارچێوەی چاکسازییەکانی حکومەتدا، وەزارەتی ڕۆشنبیری ساڵی ڕابردوو هەر یەک لە بەڕێوەبەرایەتییەکانی دابەشکردن، هەڵسەنگاندن، چاپکردن، زنجیرەی پەرتووکی منداڵانی لە هەولێر کردە یەک بەڕێوەبەرایەتی بەناوی بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی هەولێر، ئەو کتێبخانەیەشی بە نێوی کوردستان چاپ کە بۆ فرۆشتنی کتێبەکانی هەیبوو، دایخست.

سیروان عوسمان دەڵێت "لێکدانی بەڕێوەبەرایەتییەکان بۆ گەڕاندنەوەی داهات بوو بۆ حکومەت، داخستنی پەرتووکخانەکەش بەهۆی زۆریی کرێ و کەمیی فرۆشی کتێبەکانمان بوو".

ئێستا چاپخانەکان بۆ ئەوەی کتێبەکانیان بفرۆشن، گوڵبژێر لە هەڵبژاردنی ناونیشانی کتێب دەکەن، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی بە ستان کتێبی نووسەران دەرفەتی چاپکردنیان نەبێت.

وەرگێڕ و ڕەخنەگر د.ئازاد حەمە شەریف، پرۆفیسۆری یاریدەدەر لە زمان و ئەدەبی ئینگلیزی لەکۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەددین، 30 کتێبی چاپکراوی هەیە، ماوەی ساڵێکیشە سێ کتێبی ئامادەیە بۆ چاپ.

د.ئازاد گوتی "قەیرانی دارایی کاریگەری لەسەر گیرفانی کڕیاری کتێب داناوە، چاپخانە ئەهلییەکانیش وەک کڕینی تەماتە مامەڵە لەگەڵ نووسەر دەکەن و پاداشتی کەمیش دەدەن، بۆیە ئامادە نیم پەرتووکەکانم لەلای ئەوان چاپ بکەم".

ئەگەرچی بازاڕی کتێب سست بووە، بەڵام خاوەن کتێبخانەکان دڵخۆشن بەوەی ئێستا زۆری و بۆری لە چاپکردنی کتێب نەماوە و تەنیا کتێبە ناوازە و پڕفرۆشەکان چاپ دەکرێن. عیماد ڕەشید، خاوەنی کتێبخانەی فێربوون دەڵێت "چاپخانە و ناوەندەکان بۆ ئەوەی کتێبەکانیان بفرۆشرێ، پەرتووکی ناوازە و بەئارەزووی خوێنەر چاپ دەکەن، بۆیە ئێستا زۆری و بۆری لە چاپکردنی کتێب نەماوە".

# قوتابیی ئەهلی دەبنەوە بە حکومی

## وەزارەتی پەروەردە: ئەمساڵ 4500 قوتابیی قوتابخانە ئەهلییەکان چوونەتە قوتابخانە حکومییەکان

ڕەوا عەبدوڵڵا
ڕووداو- هەولێر

بەرپرسێکی وەزارەتی پەروەردە دەڵێت بەهۆی قەیرانی داراییەوە، هەزاران قوتابی توانای دانی پارەی خوێندنیان نەماوە و بەناچاری لەخوێندنی ئەهلی وازیان هێناوە و چوونەتە قوتابخانە حکومییەکان.

بەپێی ئاماری وەزارەتی پەروەردە 211 باخچەی ساوایان و قوتابخانە و پەیمانگای ئەهلی لە هەرێمی کوردستان هەن و نزیکەی 36 هەزار قوتابی لەو ناوەندە ئەهلیانە دەخوێنن.

بەپێی ئامارەکەی وەزارەت، ساڵی خوێندنی-2013 2014 ژمارەی قوتابییەکان لە قوتابخانە و باخچەی ساوایانی ئەهلی 32 هەزار و 809 قوتابی بووە، ساڵی دواتر ژمارەکە بۆ 36 هەزار و 689 قوتابی زیادی کردووە، بەڵام ئەمساڵی خوێندن، بەهۆی قەیرانی دارایی ژمارەیان کەمی کردووە.

شاسوار کەمال، بەڕێوەبەری قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومییەکان لە وەزارەتی پەروەردە دەڵێت "قەیرانی دارایی و دواکەوتنی مووچە کاریگەری زۆری لەسەر داهاتی خەڵک هەبووە، بۆیە ژمارەیەکی زۆر قوتابی لە باخچە و قوتابخانە و پەیمانگە ئەهلییەکانەوە وازیان هێناوە و چوونەتەوە قوتابخانە حکومییەکان".

سەبارەت بە داخستنی قوتابخانە و باخچەی ساوایانی ئەهلی، ئەو بەرپرسەی وەزارەتی پەروەردە گوتی "تائێستا تەنیا یەک باخچەی ساوایان داوای هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەتی کردووە، بەڵام دڵنیام ئەگەر بارودۆخی دارایی هەرێمی کوردستان بەمشێوەیە بەردەوام بێت، لەوانەیە ساڵی داهاتوو بەشێک لە قوتابخانە ئەهلییەکان دابخرێن".

نرخی کرێی خوێندن بەگوێرەی خزمەتگوزاری و کواڵیتی پەروەردەیی و جۆری خوێندنەکە لە باخچە و قوتابخانە و پەیمانگا ئەهلییەکان بۆ یەکێکی دیکە دەگۆڕێت، بەڵام بەگشتی کرێی خوێندنی قوتابخانە ئەهلییەکانی کوردستان لە 100 هەزار دینارەوە دەستپێدەکات تاوەکو دەگاتە 4 هەزار دۆلار. ئەنجوومەنی وەزیران لەچوارچێوەی چاکسازییەکانیدا بڕیاری داشکاندنی نرخی کرێی خوێندنی داوە.

شاسوار کەمال گوتی "گوشارێکی زۆرمان لەسەر بوو بۆ داشکاندنی کرێی خوێندنی ئەهلی، بۆیە لەسەر بڕیاری ئەنجوومەنی وەزیران لە ناوەڕاستی مانگی ڕابردوو کرێی خوێندنی باخچە و قوتابخانە و پەیمانگا ئەهلییەکانمان بەڕێژەی 20% کەم کردەوە".

هەرچەندە بڕی کەمکردنەوەکە بە بەراورد لەگەڵ داهات و بژێویی خەڵک نابەرامبەرە، بەڵام شاسوار کەمال پێیوایە بڕیارێکی دادپەروەرانەیان داوە و دەڵێت "لە داشکاندنی کرێی خوێندن ڕەچاوی باری دارایی خەڵک و خەرجی قوتابخانە و پەیمانگا ئەهلییەکانمان کردووە، بۆیە پێمانوایە بۆ ئەم قۆناغە بڕیارێکی دادپەروەرانەمان داوە".

بەپێی ئاماری وەزارەتی پەروەردە، ژمارەیەکی زۆری قوتابی لە قوتابخانە ئەهلییەکانی پارێزگای هەولێر وازیان هێناوە یان ڕوویانکردووەتەوە باخچە و قوتابخانە حکومییەکان، بەپێی ئامارەکە ئەمساڵ 673 قوتابی باخچەی ساوایان، 3985 قوتابی قۆناغی بنەڕەتی و ئامادەیی لە باخچە و قوتابخانە ئەهلییەکانەوە چوونەتە قوتابخانە و باخچە حکومییەکان.

ڕزگار محەممەد عوسمان، بەڕێوەبەری پەیمانگای هەولێر بۆ زانستی کۆمپیوتەر، هۆکاری کەمبوونەوەی ژمارەی قوتابیانی قوتابخانە ئەهلییەکانی بۆ قەیرانی دارایی گەڕاندەوە و گوتی" بەهۆی قەیرانی دارایی وەک پێشتر خەڵک ڕوو لە قوتابخانە و پەیمانگە ئەهلییەکان ناکەن، تەنانەت بەشێک لەقوتابیانی قوتابخانە ئەهلییەکان گەڕاونەتەوە بۆ خوێندنی حکومی".

ڕزگار محەممەد، نموونە بەپەیمانگەکەی خۆی دەهێنێتەوە و دەڵێت "لە سەرەتای خوێندنی ئەمساڵەوە 45 قوتابیمان لە قۆناغەکانی یەک تاوەکو سێ وازیان لەخوێندن هێناوە، دوای تاقیکردنەوەی وەرزی یەکەمیش 12 قوتابی دیکە وازیان هێنا".

بەڕێوەبەری پەیمانگەی هەولێر دەڵێت بەهۆی قەیرانی داراییەوە ڕەچاوی باری گوزەرانی کەسوکاری قوتابی دەکەن و زۆر گوشار ناخەنە سەر قوتابیان بۆ کرێی خوێندن "پێشتر قوتابی بە دوو ساڵ قیستی خوێندنی دەدا، بەڵام ئەمساڵ کردمان بە چوار قیست، بۆ ئەوانەشی باری داراییان باش نییە کردوومانەتە پێنج قیست، بەڵام هەندێک قوتابی هێشتاش ناتوانن قیستەکانیان بدەن".

نەدانی قیستی قوتابیان، ڕزگار محەممەدی ناچار کردووە لە گیرفانی خۆی خەرجی پەیمانگاکە بدات. ئەو دەڵێت "50 مامۆستا و کارمەندمان هەیە مووچەی مانگانەیان 39 ملیۆن دینارە، بەهۆی نەهێنانی قیستی خوێندن تاوەکو ئێستا 62 ملیۆن دینارمان لەگیرفانی خۆمان داوەتە مامۆستایان".

بەگوتەی ئەم بەڕێوەبەرە، ئەگەر ساڵی داهاتوو قەیرانی دارایی درێژە بکێشێ، ڕەنگە بەشێکی زۆری قوتابخانە و پەیمانگاکان توانای ئەوەیان نەمێنێ درێژە بەخوێندن بدەن.

لە پارێزگای دهۆک، بەگوێرەی ئاماری ساڵی ڕابردوو، 14 باخچەی ساوایان و هەشت قوتابخانەی بنەڕەتی و دوو ئامادەیی ئەهلی هەن کە ژمارەی قوتابیانیان 4068 کەسە.

ئیبراهیم ئیدریس، بەڕێوەبەری کۆمەڵگای دهۆکی پەروەردەیی ئەهلی، دەڵێت "هاوشێوەی پارێزگاکانی دیکەی هەرێم لەپارێزگای دهۆکیش ژمارەیەکی زۆر قوتابی قوتابخانە ئەهلییەکان وازیان لە خوێندنی ئەهلی هێناوەو چوونەتە خوێندنی حکومی".

ئیبرهیم ئیدریس، نموونە بەکۆمەڵگاکەی خۆی دەهێنێتەوە و دەڵێت "لەدەستپێکی خوێندنی ئەمساڵ زیاتر لە 60 قوتابی بەهۆی قەیرانی دارایی نەگەڕانەوە، بەشێکیان وازیان هێنا و بەشێکی دیکەشیان گەڕانەوە قوتابخانەی حکومی".

کۆمەڵگای دهۆکی پەروەردەیی ئەهلی یەکێکە لە قوتابخانە ئەهلییە ناسراوەکانی پارێزگای دهۆک و 600 قوتابی هەیە، نرخی خوێندن لەم کۆمەڵگایە بۆ قۆناغی باخچەی ساوایان 2200 دۆلارە، بۆ قۆناغی بنەڕەتی 2500 دۆلارە، ئەو کۆمەڵگایەش هاوشێوەی قوتابخانە ئەهلییەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان بەهۆی نەدانی قیستی خوێندن لەلایەن قوتابیانەوە تووشی گرفتی دارایی بووە.

ئیبراهیم ئیدریس دەڵێت "سەرەڕای ئەوەی قیستەکانی خوێندنمان لە دوو قیستەوە کردووە بە شەش قیست، بەڵام هێشتا 50%ی قوتابیەکانمان پارەی خوێندنیان نەداوە، لەگەڵ ئەوەشدا هیچ قوتابییەکمان لەخوێندن دوورنەخستووەتەوە، چونکە دەزانین بارودۆخی داراییان چۆنە".

ئەم کۆمەڵگایە جگە لە قۆناغی باخچەی ساوایان و بنەڕەتی، دوو پەیمانگەی دیکەی هەیە کە تایبەتن بە کۆمپیوتەر و نەوت، کرێی خوێندن لە پەیمانگەی کۆمپیوتەر ملیۆنێک و 800 هەزار دینارە و لە پەیمانگەی نەوتیش 2.5 ملیۆن دینارە.

ئەم بەڕێوەبەرە بڕیاری کەمکردنەوەی کرێی خوێندنی قوتابخانە ئەهلییەکانی لەلایەن حکومەتەوە بە بڕیارێکی "دیکتاتۆرانە" وەسف دەکات، چونکە وەک ئەو دەڵێ ڕەچاوی بارودۆخی ئەوانی نەکردووە و مەرجی ئەوەشی داناوە کە دەبێت ئەو قیستانەی وەریشگیراون 20%ی بۆ قوتابیان بگەڕێننەوە.



ژمارەی قوتابیانی باخچە و قوتابخانە ناحکومییەکان لە (2014 2015-) و (2015 2016)

| قۆناغ | هەولێر | | سلێمانی | | دهۆک | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ساڵی خوێندن | 2015 - 2014 | 2016 - 2015 | 2015 - 2014 | 2016 5- 201 | 2015 - 2014 | 2016 - 2015 |
| باخچەی ساوایان | 4478 | 3805 | 2296 | 2139 | 1271 | - |
| بنەڕەتی | 16054 | 12748 | 3895 | 4176 | 2526 | - |
| ئامادەیی | 4330 | 3651 | 1568 | 1421 | 271 | - |
| کۆی گشتی | 24862 | 20204 | 7759 | 7736 | 4068 | |

# بەرزبوونەوەی ئەم دواییەی نرخی نەوت سنوورێکی هەیە؟

ڕووداو- ئاژانسەکان

لە چەند هەفتەی رابردوودا نرخی نەوت بە رێژەی 50% لەچاو نزمترین ئاستی نرخی نەوت لە مانگی شوباتدا بەرزبووەتەوە، بەڵام شارەزایان پێیانوایە ئەم هەڵکشانەی نرخی نەوت، ئەگەر بەشێوەیەکی کاتیش بێت، خەریکە دەگاتە دواسنووری خۆی، لەکاتێکدا ئاستی بەرهەمهێنانی زیاتر لە پێویستییەکانی بازاڕ بەردەوامە و لە هەر کاتێکیشدا ئەگەری ئەوە هەیە بەرهەمهێنانی نەوتی شەیڵ جارێکی دیکە بەرزببێتەوە.

کۆمەڵێک هۆکار لە پشت بەرزبوونەوەی نرخی نەوتن، لەنێویشیاندا بەرهەمهێنانی نەوتی ئەمریکا لە شەش مانگی رابردوودا دابەزینی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە، بە جۆرێک لە مانگی نیسانی 2015ەوە دەرهێنانی نەوت بە رادەی ملیۆنێک بەرمیل لە رۆژێکدا دابەزیوە، ئەمە جگە لەوەی وەبەرهێنانیش لە کەرتی نەوتی ئەمریکادا رووی لە کەمی ناوە و پلانەکانی لێدانی بیری نوێی نەوت بۆ کاتێکی نادیار دواخراون.

جیا لەمە تەکنەلۆژیای بەرهەمهێنان لە هەندێک لە وڵاتانی وەکوو عێراق و نایجیریا تەکنەلۆژیایەکی کۆنن، ئەمەش هۆکارێکە بۆ ئەوەی رۆژانە 250 هەزار بەرمیل نەوت کەمتر هەناردەی بازاڕەکانی جیهان بکرێت. نائارامییە ناوچەییەکانیش دەشێت کاریگەرییان لەسەر نرخی نەوت هەبووبێت، هەروەها چاوەکانیش لەسەر ئەنجامی کۆبوونەوە چارەنووسسازەکەی مانگی نیسانی رێکخراوی وڵاتانی هەناردەکاری نەوت (ئۆپێک)ە.

بەبۆچوونی شارەزایانی بازاڕی نەوت، ئەگەرچی ئاماژەکانی مانگی ئادار بۆ بازرگانانی نەوت جێگەی دڵخۆشی بوون، بەڵام ئاماژەی دیکەش هەن بۆ ئەوەی نرخی نەوت یاریی چاوەڕواننەکراوی دیکە بکات، گرنگترین هۆکارەکانی ئەمەش بریتییە لە کەڵەکەبوونی 523 ملیۆن بەرمیل نەوت لە کۆگاکانی نەوتی ئەمریکا، هەروەها چاوەڕێ دەکرێت بەشداریی ئێران لە بازاڕەکانی نەوتدا کاراتر ببێت.

کۆمپانیاکانی نەوتی شەیڵی ئەمریکا هەزاران بیرە نەوتیان هەیە کە ئەگەرچی لێدراون، بەڵام هێشتا تەواونەکراون، لە ماوەی یەک ساڵی رابردووشدا، بەهۆی دابەزینی بەرچاوی بەهای نەوت، ئەو کۆمپانیایانە مەیلی ئەوەیان نەبوو ئەو بیرە نەوتانە بگەیەننە قۆناغی کارکردن، لەبەر ئەوەی وەکوو چاوەڕێ دەکرا ئەمریکییەکان پێیان باشتر بوو لەو قۆناغەدا دەست بە پارەکانیانەوە بگرن و لەبری دەرهێنانی نەوت پشت بە پاشەکەوتکردنی نەوت و پارە ببەستن.

هەر بۆیەش چاوەڕێ دەکرێت درەنگ یان زوو، کۆمپانیا ئەمریکییەکان جارێکی دیکە بیر لە هەناردەکردنی نەوتەکانی ناو کۆگا و تەواوکردنی بیرە نەوتە نیوەچڵەکانیان بکەنەوە، بە تایبەتیش ئەگەر نرخی نەوت هەتا ئاستێک بەرزببێتەوە کە بتوانێت گەرەنتی قازانجی ئەم کۆمپانیایانە بکات.

مایکڵ وینتەر، سەرۆکی دەستەی توێژینەوەی نەوت ئاماژە بەوە دەکات "ئەگەر تەواوکردنی بیرە نیوەچڵەکان روو لە زیادبوون بێت، ئەوە چاوەڕێ ناکرێت ئاستی بەرهەمهێنان بەو خێراییە دابەزێت کە هەمووان چاوەڕێی دەکەن".

هاوکات نیل ئاتیکتۆن، سەرۆکی بەشی بازاڕەکانی نەوت لە ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزە پێیوایە "ئەگەر نرخی نەوت لە بەرزبوونەوە بەردەوام بێت، ئەوە دوور نییە ئەمریکییەکانیش تەماع بیانگرێت و بەرهەمهێنانی شەیڵ بەو رێژەیەی جاران دەستپێبکاتەوە، بەتایبەتیش لە کاتێکدا کە بەهۆی پێشکەوتنە تەکنیکیەکانەوە بڕی تێچوونی بەرهەمهێنانی نەوت دابەزیوە".

بەڵام ئاتیکتۆن جەخت لەسەر ئەوەش دەکاتەوە کە دەستپێکردنەوەی بەرهەمهێنانی شەیڵ بەربەستی دیکەی لەبەردەمە، وەکوو سەرلەنوێ کۆکردنەوەی شارەزایانی ئەم بوارە و بەدەستهێنانەوەی هێزی کاری پێویست بۆ ئەم مەبەستە.

جۆن کریستمان، بەڕێوەبەری جێبەجێکاری کۆمپانیای نەوت و غازی ئاپاچیی ئەمریکا گەشبینە بە بەرزبوونەوەی ئەم دواییەی نرخی نەوت و دەڵێت "هەر 5 دۆلارێک کە دەچێتە سەر نرخی نەوت 450 ملیۆن دۆلار لە داهاتی ساڵانەی ئێمە زیاد دەکات، هەر بۆیە هەڵکشانی بەهای نەوت بێ کاریگەری نییە". کریستمان هەروەها ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە کۆمپانیا زەبەلاحەکەی ئاپاچی بودجەی ئەمساڵی لەسەر 35 دۆلار بۆ هەر بەرمیلێک داناوە، لە کاتێکدا بودجەی کۆمپانیاکە لەساڵی 2015 لەسەر بەرمیلی نەوتی 50 دۆلاری دانرابوو.

ئێران و گەڕانەوەی بۆ بازاڕەکانی نەوت، یەکێکی دیکەیە لە هۆکارە سەرەکییەکانی هەڵکشان و داکشانی نرخی نەوت. هەتا ئێستا روون نییە هەڵوێستی تاران لە چەند مانگی داهاتوودا چی دەبێت، بەڵام کۆمەڵێک هۆکار هەن بۆ ئەوەی ئێران ماوەیەکی زیاتر چاوەڕوان بکات هەتا ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت بەشێوەیەکی بەرچاو بەرزبکاتەوە:

**یەکەم:** بەهۆی سزا ئەتۆمییەکانەوە تاران توانی وابەستەیی دارایی خۆی بە هەناردەکردنی نەوت کەم بکاتەوە، لەلایەکەوە نرخی باجی بەرزکردەوە و لەلایەکی دیکەشەوە کەرتی نانەوتیی ئابوورییەکەی بەهێزتر کرد.

**دووەم:** بەپێچەوانەی زۆربەی وڵاتانی ناوچەکە، زۆربەی بەرهەمی نەوت و غازی ئێران لە ناوخۆی ئێراندا بەکاردەهێنرێت، بۆ بینینی ئەم جیاوازییە تەنیا ئەوەندە بەسەر بەراوردێک لە نێوان بەکارهێنانی ناوخۆیی ساڵی 1979 و ساڵی 2014 بکەین، کە لە یەکەمیاندا کەمتر لە 10%ی بەرهەمهێنانی ناوخۆیی بووە و لە دووەمیاندا 76%ی بەرهەمی نەوت و غازی ئێران پێکدەهێنێ. بەشێک لەم بەرزبوونەوەیە بۆ زیادبوونی ژمارەی دانیشتووانی ئەم وڵاتە دەگەڕێتەوە، بەڵام بەشێکی بەرچاوی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە کەرتی وزە لەگەڵ ئابووریی وڵاتدا یەکخراوە.

**سێیەم:** ئاستی کورتهێنانی بازرگانیی نانەوتی لە ئێران بە رادەیەکی بەرچاو دابەزیوە. هۆکاری ئەمەش بۆ چالاکییە ئابوورییەکانی دەرەوەی کەرتی نەوت دەگەڕێتەوە. کورتهێنانی بازرگانیی نانەوتی لە ئێران لە ساڵی 2014 بۆ 2015 هەتا 2.7 ملیار دۆلار دابەزی، کورتهێنانی بازرگانیی نانەوتیی ئێران لە ساڵی 2010 هەتا 33.8 ملیار دۆلار چووە.

**چوارەم:** لە چوارچێوەی رێککەوتنی ئەتۆمیی ڤیەننا لە نێوان ئێران و گرووپی 5 ـ1، تاران دەتوانێت 100 ملیار دۆلار لە نەختینەی دەرەکیی خۆی بەکاربهێنێت کە پێشتر بەهۆی سزا ئەتۆمییەکانی ئەمریکا و یەکێتی ئەوروپاوە لێیان بێبەش ببوو.

ئەگەر ئێران ئەم هۆکارانە لەبەرچاو بگرێت، چاوەڕێ دەکرێت کاریگەری ئەم وڵاتە لەسەر نرخی نەوت هێندە بەرچاو نەبێت. لەلایەکی دیکەشەوە دیار نییە ئاخۆ ئەمریکییەکان چاوەڕێی بەرزبوونەوەی زیاتری بەهای نەوت و کۆبوونەوەکەی مانگی داهاتووی ئۆپێک دەکەن یان نا. بەبۆچوونی شارەزایان ئەگەر ئەمریکییەکان لەم ماوەیەدا دان بە خۆیاندا بگرن، یانیش ئەگەر چاوەڕێی قازانجی زیاتر بکەن، ئەوە کاریگەریی ئەوانیش لەسەر نرخی نەوت لە بازاڕەکانی جیهاندا کەم دەبێتەوە.



# سیاسەتی نەوتی سعودیە جیهان بەرەو کوێ دەبات؟

ڕووداو- فۆرین پۆلیسی

لە کۆبوونەوەکەی مانگی کانوونی یەکەمی پارساڵی رێکخراوی وڵاتانی هەناردەکاری نەوت (ئۆپێک)دا، وڵاتە پەککەوتووەکانی ئەم رێکخراوە، لەوانەش نایجیریا و ڤەنزوێلا، داوایان لە سعودیە کرد ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت دابەزێنێ بۆ ئەوەی رێگە لە دابەزینی زیاتری نرخی نەوت بگیرێت، بەڵام ریاز گوێی بە داواکارییەکەیان نەدا. هێندەی نەبرد نرخی نەوت لە 40 دۆلارەوە بۆ 27 دۆلار بۆ هەر بەرمیلێک دابەزی.

دواجار مانگی پێشوو، لە کۆبوونەوەیەکی چوار قۆڵیدا سعودیە هاوشان لەگەڵ رووسیا، قەتەر و ڤەنزوێلا بڕیاری دا بەرهەمهێنانی نەوت لە ئاستی مانگی کانوونی دووەمی ئەمساڵدا رابگرێت. بەڵام بڕیارەکەی سعودیە لە کاتێکدا بوو کە نرخی نەوت لە دەوروبەری 30 دۆلار یاریی دەکرد، سعودیە دەزانێت بەم نرخە نزمەی نەوت و بەهۆی دابەزینی ئاستی گەشەی ئابووریی چین، گەڕان و دەرهێنانی نەوت بۆ زۆربەی وڵاتە بەرهەمهێنەکان قازانجێکی ئەتۆی تێدا نییە، بەمەش دەشێت جارێکی دیکە کورتهێنانی سەرچاوەکانی وزە لەناو بازاڕەکاندا هەست پێبکرێت.

ئەم کورتهێنانە درەنگ یان زوو دەکرێت کاریگەریی ئەرێنی لەسەر نرخی نەوت دابنێت، ئەگەر نرخی نەوتیش هەتا ئاستێکی مەعقول بەرزبێتەوە، وەبەرهێنان لە کەرتی نەوت و سووتەمەنیدا دەستپێدەکاتەوە، ئەمە رێک ئەو شتەیە کە سعودیە نایەوێت رووبدات. ئەوە راستە کە سعودیە دەیەوێت نرخی نەوت کەم تا زۆر بەرز ببێتەوە، بەڵام نەک بەو ئاستەی جارێکی دیکە ئارەزووی دەرهێنانی نەوت لای کۆمپانیاکانی نەوتی شەیڵ و نەوتی ژێر ئاوەکانی زەریا دروست بکاتەوە.

کاردانەوەی کۆمپانیا ئەمریکییەکان لە ماوەی چەند مانگی رابردوودا ئەوە بووە بە ملیاران دۆلار لە بوارەکانی گەڕان و دەرهێنان و وەبەرهێنان بگێڕنەوە، تەنیا بۆ ئەوەی باڵانسێک لە نێوان بەهای کەمی نەوت و خەرجییەکانی خۆیاندا دروست بکەن. کاتێک هەست بە کاریگەریی ئەم بڕیارانە دەکرێت کە دەبینین ژمارەی سەکۆ چالاکەکانی نەوت دوو ساڵ لەمەوبەر 1800 دانە بووە، بەڵام ئەمساڵ تەنیا 500 سەکۆیان چالاکن.



لە روانگەی حکومەتی سعودیەوە ئەمە شتێکی باشە، بە تایبەتیش لەبەرئەوەی ئامانجی سیاسەتی پشتگیری لە دابەزینی نرخی نەوت ئەوەیە بەرهەمهێنانی وڵاتانی دەرەوەی ئۆپێک و بە تایبەتیش نەوتی شەیڵی ئەمریکا کەم بکاتەوە، لەمەشدا سەرکەوتنی بەدەستهێناوە، لە کاتێکدا چاوەڕێ دەکرێت لە نێوان مانگی ئادار هەتا نیسان ئاستی دەرهێنانی نەوت لە حەوت گەورە بەرهەمهێنەری نەوتی شەیڵ بە بڕی 106 هەزار بەرمیل لە رۆژێکدا دابەزێت. ئەمە جگە لەوەی بە بەرهەمهێنانی زیاتر لە ئاستی پێویست پشکەکانی سعودیە لە بازاڕەکانی نەوتی جیهان، لەچاو ئەندامانی دیکەی ئۆپێک و رووسیاش زیاتر دەبێت.

بەرپرسانی سعودی جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە وڵاتەکەیان پێشتر رۆڵی گەڕاندنەوەی باڵانسی بۆ بازاڕەکانی نەوت گێڕاوە، بۆ نموونە لە ساڵی 2009دا کاتێک بەهۆی قەیرانی دارایی جیهان ئاستی داواکاریی لەسەر نەوت رووی لە کەمبوونەوە نا. ئەم هەنگاوە بووە هۆی ئەوەی ریاز بەشێکی بەرچاو لە پشکەکانی خۆی لە نێو بازاڕە جیهانییەکان لەدەست بدات. هەر بۆیە کەم نین ئەو بەرپرسە سعودیانەی پێیانوایە وڵاتەکەیان مافی خۆیەتی سوود لەو راستییە ببینێت کە نەوتەکەیان یەکێک لە کەمخەرجترین نەوتەکانی جیهانە.

دابەزینی خەرجی و وەبەرهێنانەکانی کەرتی تایبەت و کەرتی گشتی لە سەرانسەری جیهان، دەشێت دابەزینی 5%ی بەرهەمهێنانی لێبکەوێتەوە، ئەم رێژەیە بە ئاستی بەرهەمهێنانی ئێستای نەوت دەشێت خۆی لە 5 ملیۆن بەرمیل لە رۆژێکدا بدات، سعودیەکان پێیان ناخۆش نابێت ئەم بۆشاییە پڕ بکەنەوە. بەڵام کێشەکە ئەوەیە سعودیە تەنیا توانای بەرهەمهێنانی 1.5 بۆ دوو ملیۆن بەرمیل زیاتر لەم ئاستەی ئێستای هەیە.

ئەو چەند ملیۆن بەرمیلەی دیکەش کە دەمێنێتەوە، پێویستی بە دروستکردنی ژێرخانی نوێ هەیە. ئێران، لیبیا، عێراق و رووسیا توانای بەرهەمهێنانی نەوتی زیاتریان هەیە، بەڵام ئەمەش کات و پارەی دەوێت بۆ ئەوەی توانای خۆیان بخەنەکار، ئەمە تەنانەت بۆ ئەمریکییەکان و کۆمپانیاکانی نەوتی شەیڵیش راستە.

سعودیە دەکرا ستراتیژێکی زیرەکانەتر بگرێتەبەر و نرخی نەوت لە نێوان 40 بۆ 60 دۆلاردا جێگیر بکات، بەمەش هەم جۆرێک لە باڵانس بۆ بازاڕەکانی نەوت دەگەڕایەوە و هەمیش ئەمریکییەکان قازانجێکی ئەوتۆیان دەست نەدەکەوت. وەکوو چۆن کێڵگە نەوتییەکانی بەرازیل و بەردی نەوتی کەنەدا بەهیچ شێوەیەک لە نەوتی 40 بۆ 60 دۆلاری قازانج ناکەن.

لە ماوەی 18 مانگی رابردوودا نرخی یەک بەرمیل نەوت لە سەرووی 100 دۆلارەوە بۆ 40 دۆلار دابەزیوە. شرۆڤەکاران پێیانوایە بەپێچەوانەی شکانەکانی دیکەی نرخی نەوت، قەیرانی ئەمجارەی نرخی نەوت جیاوازە. بە بۆچوونی ئەوان نەوت بۆ ماوەیەکی درێژتر بە هەرزانی دەمێنێتەوە. مەگەر ئەوەی نرخی نەوت لە ناکاو هەتا 70 دۆلار بەرز ببێتەوە و ئەو نەوتە زیادەیەش کە لە بازاڕەکاندا هەیە دیارنەمێنێ، بەڵام کێشەکەی ئەمجارە ئەوەیە، سعودیە بازاڕەکانی بە نەوت شۆردووە. تاکە شتێک کە دەکرێ پێشبینی بکرێت، ئەوەیە سیاسەتەکەی سعودیە- وەکوو لە سەرەوەش باسی لێوە کرا- دەکرێ بۆشاییەک لەناو بازاڕەکاندا دروست بکات، ئەم بۆشاییە دەشێت ببێتە هۆی ئەوەی هەڵکشان و داکشانی خێرای نەوت جارێکی دیکە دەست پێبکاتەوە.

ئەمجۆرە یارییانەی نرخی نەوت بۆ هیچ لایەنێک تەندروست نییە، لەبەر ئەوەی هەڵبەز و دابەزێکی زۆر لە نرخی وزە و کاڵاکان بەدوای خۆیدا دەهێنێت، هەروەها کێشە بۆ بودجەی ساڵانەی کەرتی تایبەت و گشتی وڵاتانی جیهان دروست دەکات، جۆرێک لە راڕایی لەلای وەبەرهێنەران دروست دەکات کە لە درێژخایەندا دەکرێت بۆ کەرتی نەوت و غازیش خراپ بێت، ئەمە جگە لەوەی کاریگەریی زۆر خراپ لەسەر ئاستی دامەزراندن دادەنێت.

لە پاش شکانی پێشووی بەهای نەوت، پیشەسازیی نەوت لەگەڵ دەرکەوتنی نەوتی شەیڵ جۆرێک لە شۆڕشی بەخۆیەوە بینی. لە بازاڕی جیهانیی نوێدا کە کەمتر لەهەمبەر دەستکاریی تاکلایەنەدایە، نرخی نەوت دەبێت بەپێی تێچوونی یەک بەرمیل نەوتی شەیڵ دیاری بکرێت. بەڵام سعودییەکان لەگەڵ ئەم بیرۆکەیەدا کۆک نین، لەبەرئەوەی ئەم بیرۆکەیە کۆتایی بە دەسەڵاتی 40 ساڵەی سعودیە و ئۆپێک بەسەر بازاڕەکانی نەوتدا دەهێنێت و ناوەندی دەسەڵات بۆ باکوور و باشووری ئەمریکا دەگوازێتەوە. بەڵام بەبۆچوونی شرۆڤەکاران ئەو رۆژە درەنگ یان زوو هەر دێت.

ریاز دەیەوێت هەرچۆنێک بێت ئەو رۆژە دوابخات، بەڵام ناتوانێت رێگری لێبکات. سیاسەتەکانی سعودیەش بۆ رێگری لە هاتنی ئەو رۆژە تەنیا زیانی بە ئابووریی جیهان نەگەیاندووە، بەڵکو ئابووریی وڵاتەکەی خۆیشی تووشی زیانی بەرچاو کردووە.



## دوو فیلمی کوردی خەڵات وەردەگرن

**هیوا سەلاح- رووداو- هەولێر**

دوو فیلمی کوردی لە فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی سینەما لە ئیستەنبوڵ، خەڵاتی باشترین فیلم و خەڵاتی رەخنەگرانی سینەمایی وەردەگرن. چەکدار ئاریان، بەرهەمهێنەری یەکێک لەو دوو فیلمە بە (رووداو)ی راگەیاند "فیلمی کوردیی ڤەشارتی، لە فێستیڤاڵی ئیستەنبوڵ خەڵاتی باشترین فیلم و رەخنەگرانی بەدەستهێنا کە لە دەرهێنانی عەلی کەمال چنار، سینەماکاری باکووری کوردستانە و لە شاری ئامەد وێنەی گیرابوو، توانی دوو خەڵاتی فێستیڤاڵەکە بۆ خۆی مسۆگەر بکات". چەکدار گوتیشی "لە هەمان فێستیڤاڵدا فیلمێکی دیکەمان بە ناوی ئازاد خەڵاتی باشترین کورتە فیلمی بەدەستهێنا کە چیرۆکی فیلمەکە باس لە ئابڵوقەی سەربازانی تورکیا دەکات لەسەر ناوچەی ئامەد و دەوروبەری. ئەم فیلمەش لە دەرهێنانی یەعقوب سەکین ساکاچ بوو". بڕیارە ئەم دوو فیلمە لە مانگی ئابی داهاتوودا لە فێستیڤاڵی سینەمایی ئەمستردام نمایش بکرێن، هاوکات بۆ چەند فێستیڤاڵێکی دیکەش داوەت کراون.

**هونەرمەند مەریوان سەفائەددین بۆ (رووداو):**

# لەڕێگەی بەهجەت یەحیاوە بوومە گۆرانیبێژ

هونەرمەندی گۆرانیبێژ مەریوان سەفائەددین، لەدایکبووی شاری هەڵەبجەیە، بەڵام ساڵانێکە لە سوێد نیشتەجێیە. ئەو لە کاتی کیمیابارانی شاری هەڵەبجەدا لەوێ بووە و دەڵێت ئەو رۆژە قیامەتی بە چاوی خۆی بینیوە، هەر بەهۆی کیمیابارانی شارەکەشی نەیتوانیوە خوێندن تەواو بکات.
مەریوان خاوەنی دوو ئەلبوومی گۆرانییە، یەکەمیان بەنێوی (دیە) لە ساڵی 2002 بڵاوی کردووەتەوە، ئەلبوومی دووەمیشی کە بەناوی جێژوانە لە ساڵی 2006 بڵاوکرایەوە، ئەمساڵیش بەنیازە ئەلبوومێک بڵاوبکاتەوە.

هەڤپەیڤین: پشتیوان جەمال
رووداو - سلێمانی

**رووداو: تۆ خەڵکی شاری هەڵەبجەی و لە کاتی کیمیابارانەکەشدا لەشارەکە بوویت، چیت لەبیر ماوە؟**

**مەریوان سەفائەددین:** هەموو کارەساتەکەم بە چاوی خۆم بینی. نیوەڕۆ بوو چەند برادەرێک پێکەوە بووین، فڕۆکەکان هەڵەبجەیان بۆردومان دەکرد، ئێمەش بۆ خۆپاراستنمان چووینە ژێرزەمینێکەوە تاوەکو ئێوارە. دواتر لەگەڵ خەڵکدا چووینە ناوچەی عەبابەیلێ و لەوێشەوە بۆ ئێران. بەداخەوە ساڵانە لەگەڵ نزیکبوونەوەی ئەو یادەدا رۆژانی پێش و پاش یادەکەش دەمباتەوە بۆ ئەو کاتە و هەمیشە وێنەکەم دێتە پێش چاو. 100 ساڵی دیکەش تێپەڕ بێت لای من هەموو رۆژێک برینێکی تازەیە، چونکە قیامەتم بەچاوی خۆم بینی و دەمگوت بەهیچ جۆرێک رزگارمان نابێت.

**رووداو: کەی لە ئێران گەڕانەوە؟**

**مەریوان سەفائەددین:** کە چووینە ئێران، ساڵی 1989 بە لێبوردنی حکومەتی بەعس گەڕاینەوە و لە ناوچەی باینجانی نزیک شاری سلێمانی دایاننایین، دواتر ماڵی خاڵی دایکم ئێمەیان هێنایەوە بۆ سلێمانی.

**رووداو: وا بزانم هەر بەهۆی ئەو کارەساتەوە خوێندنت تەواو نەکردووە؟**

**مەریوان سەفائەددین:** لەکاتی کیمیابارانەکەدا لە دووی ناوەندی بووم، بەڵام دوای گەڕانەوەشمان و نیشتەجێبوونمان لە سلێمانی، ئێمەی هەڵەبجەیی بۆمان نەبوو بخوێنین. لە هەر شوێنێکیش دەربکەوتینایە دەستگیر دەکراین، دوای راپەڕین دیسان چووینەوە ئێران، دواتریش کە گەڕاینەوە کوردستان شەڕی ناوخۆ دەستیپێکرد و بارودۆخ دیسان ناهەموار بوو، ئیدی نەمتوانی خوێندن تەواو بکەم. لە ساڵی 1996 چوومە دەرەوەی وڵات.

**رووداو: لە کەیەوە دەستت بە کاری هونەری کردووە؟**

**مەریوان سەفائەددین:** دوای راپەڕین چوومە لای ناسیاوێکمان بۆ ئیشکردن، ئەو ناسیاوەمان فیتەر بوو. لەوێ جارجارە گۆرانیم دەگوت، برادەرێک هاتوچۆی دەکردین کە هاوڕێی هونەرمەند بەهجەت یەحیا بوو، ئەو برادەرە کە گوێی لە دەنگم بوو گوتی هەست دەکەم دەنگت خۆشە، بۆچی گۆرانی ناڵێیت؟ دیارە قسەی لەگەڵ کاک بەهجەت کردبوو. ئەوکات

## ئەمساڵ ئەلبوومێکی نوێ بڵاودەکەمەوە

کاک بەهجەت دوکانی شیرینی هەبوو، چووینە لای و پێکەوە ئیشمان دەکرد، پاشان هونەرمەند جەمال حەسەنیش هاتە لامان و بووینە سێقۆڵی بۆ ئیشی شیرینی و کاری هونەریش.

**رووداو: یەکەم گۆرانیت بەنێوی هەی باوە باوە بوو کە گۆرانییەکی فۆلکلۆر بوو، بۆچی بە فۆلکلۆر دەستت پێکرد؟**

## لەسەر دوو کلیپەکەی ئەمدواییە رەخنەم لێگیرا

**مەریوان سەفائەددین:** راستییەکەی زۆر حەزم لەوە نەبوو گۆرانی فۆلکلۆری بڵێم، بەڵام لەو سەردەمەشدا ئەکادیمیا نەبوو، باروودۆخی کوردستانیش وێران بوو، ئەوەندە موزیسیان و ئاوازدانەر نەبوو کارت بۆ بکەن، ئەوەی هەبوو گۆرانی فۆلکلۆر بوو، بۆیە ئەوەم هەڵبژارد.

**رووداو: زیاتر لە 20 ساڵە کاری هونەری دەکەیت، بەڵام تائێستا تەنیا دوو ئەلبووم و چەند گۆرانییەکت هەن، کەم نییە؟**

**مەریوان سەفائەددین:** نەخێر کەم نین، لەبەرئەوەی گۆرانییەکان چوونەتە نێو خەڵکەوە، دەمتوانی تاوەکو ئێستا 10 ئەلبووم بکەم و هیچیشیان نەڕۆنە نێو خەڵکەوە.

**رووداو: زیاتر کار لەسەر شێوازی سوننەتی دەکەیت، بۆچی؟**

**مەریوان سەفائەددین:** بەو شێوەیە نییە، بەڵکو ئەو کارانەی بەو شێوازە کردوومن وا رێکەوتوون، چونکە کارەکە بەپێی ئاوازەکەیە کە ئاوازەکە لەگەڵ چ ستایلێکدا دەگونجێت، ئەگینا خۆم بە تەنیا ستایلێکەوە نابەستمەوە.

**رووداو: ئێستا سەرقاڵی ئەلبوومێکی نوێیت، چەند گۆرانی لەخۆدەگرێت؟**

**مەریوان سەفائەددین:** ئەلبوومەکە تائێستا نۆ گۆرانی تەواو بووە، بەڵام نازانم تا کاتی بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکان زیاتر دەبێت یاخود نا، تائێستا ناویشم بۆ دانەناوە، ئەمساڵ هەوڵ

## لە کارەساتی هەڵەبجەدا قیامەتم بینی

دەدەم سەردانی کوردستان بکەمەوە و هەوڵی دۆزینەوەی سپۆنسەریش بدەم بۆ بڵاوکردنەوەی.

**رووداو: دەگوترێت توانای ئاوازدانانت هەیە، خۆت ئەکادیمی نیت، چۆنە ئەو توانایەت بۆ ئاوازدانان لا دروست بووە؟**

**مەریوان سەفائەددین:** بۆ نووسینی هۆنراوە و دانانی ئاواز هەستێکە و بۆم دێن، ئەگینا بەتایبەت بۆیان دانەنیشتووم.

**رووداو: ماوەیەک لەمەوبەر دوو گۆرانیت بڵاوکردنەوە بەنێوەکانی ئەی گوڵەکەم و پەشیمانی، ئەو دوو گۆرانییەش لەنێو ئەلبوومەکەدان؟**

**مەریوان سەفائەددین:** بەڵێ دایاندەنێمەوە، چونکە نزیکەی چوار ساڵە کار لەو ئەلبوومەدا دەکەم و سەرەتاش بەنیاز نەبووم هیچ گۆرانییەکی لێ کلیپ بکەم، بەڵام هاوڕێیانم پێشنیازیان بۆ کردم ئەو دوو گۆرانییەی لێ کلیپ بکەم.

**رووداو: لە کلیپەکانی پێشترت کچی تێدابوو بە جلی کوردییەوە دەردەکەوتن، بەڵام لەو دوو کلیپەدا کچ بە جلی نیمچەڕووت دەردەکەوت، ئەوە چۆن بوو ئەو گۆڕانکارییە، گلەیی هەوادارانت پێنەگەیشتەوە؟**

**مەریوان سەفائەددین:** بەڵێ دوای گۆرانی ئەی گوڵەکەم کە گەڕامەوە بۆ کوردستان کەسوکار و خەڵکیش نەک هەر رەخنەیان لە جلوبەرگەکە هەبوو، گوتیان خۆزگە ئەو کچەشی هەر تێدا نەبووایە، بەڵام ئەو کوڕ و کچانەی لە کلیپەکاندا بەشدارییان کردووە کوردی خۆمانن و تێکەڵاوی خێزانیم لەگەڵیاندا هەیە و لە سوید نیشتەجێن و بەخۆبەخش بەشداربوون.

**رووداو: لە وەڵامی ئەو رەخنانەدا چیت بە کەسوکارت گوت؟**

**مەریوان سەفائەددین:** گوتم بەلای خۆمەوە داهێنانێکی نوێیە، لەبەرئەوەی بۆ یەکەمجار بووە کوڕ و کچ لە کلیپدا بەکاربێنم و هەڵسوکەوتیشیان بەپێی هۆنراوەکە بووە و ئێوەش وردە وردە رادێن، لەبەرئەوەی کاری هونەرییە.

**رووداو: ساڵانێک لە ئایسلەندا ژیایت، ئەوێ بۆ تۆ چۆن بوو؟**

**مەریوان سەفائەددین:** سەرەتا ساڵی 1996 کە هاتمە ئەورووپا لە ئەڵمانیا بووم و دوای سێ ساڵ چوومە ئایسلەندا و تا 2009 لەوێ بووم، لەبەرئەوەی سەڵت بووم ژیانێکی ئاسایی بوو، بە هەمووشمان نزیکەی هەشت تا نۆ کەسی کورد بووین، بەڵام هەر لەوێ دوو ئەلبوومم بڵاوکردەوە.

**رووداو: کەی ژنت هێناوە و بە رێکەوت بوو، چۆن بوو؟**

**مەریوان سەفائەددین:** ساڵی 2005 کە گەڕامەوە بۆ ئەلبوومی دووەم، سەردانی وەزارەتی رۆشنبیریم کرد بۆ وەرگرتنی هاوکاریی بۆ ئەلبوومەکەم، بەهۆی هاتوچۆی زۆرەوە فەرمانبەرێکم لەوێ ناسی و خێزانمان پێکەوەنا، ئێستاش خاوەنی دوو منداڵین.

**رووداو: لە سوید بەچییەوە سەرقاڵیت؟**

**مەریوان سەفائەددین:** لە کۆمپانیایەکی گەشتیاری کار دەکەم.



## بەهۆی کیمیابارانی هەڵەبجەوە خوێندنم پێ تەواو نەکرا

## لەسەر دوو کلیپەکەی ئەمدواییە رەخنەم لێگیرا


**خانمە ئەکتەری کورد دونیا گوفتاری، بۆ (رووداو):**

# حەزدەکەم لەگەڵ بەهمەن قوبادی کاربکەم

دونیا گوفتاری، ژنە ئەکتەرێکی کوردی خەڵکی سنەیە لە رۆژهەڵاتی کوردستان، تەمەنی 28 ساڵە و نزیکەی 15 ساڵە کاری هونەری دەکات. بەشداری چەندین شانۆ و کورتە فیلم و فیلمی درێژ و زنجیرە درامای کردووە و چەندین خەڵاتی لە فێستیڤاڵەکاندا وەرگرتووە. لەم هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ (رووداو) زانیاری زیاتر سەبارەت بەکارەکانی باس دەکات.

هەڤپەیڤین: پشتیوان جەمال
رووداو - سلێمانی

## بە شوان عەتووف سەرسامم، بەڵام ئاشنایەتیمان نییە



**رووداو: لە کەیەوە سەرقاڵی کاری هونەریت؟**

**دونیا گوفتاری:** لە تەمەنی دوانزە ساڵییەوە دەستم پێکردووە و پانزە ساڵیشە بەردەوامم.

**رووداو: دەستکردنت بە کاری هونەری بەشێوەی ئەکادیمی بوو؟**

**دونیا گوفتاری:** نەخێر، بکالۆریۆسم لە ئەندازیاریی کۆمپیوتەردا لە زانکۆی ئازادی شاری تاران وەرگرتووە. خۆم حەزم لێبوو بەشێوەیەکی ئەکادیمی هونەر بخوێنم، بەڵام بەداخەوە لێرە ناتوانی بە هونەرەکەت بژیت، بۆیە دەبێ لە پاڵ هونەرەکەت کارێکی دیکە بکەی.

**رووداو: خوێندنی ئەندازیاری بە خواستی خۆت بوو؟**

**دونیا گوفتاری:** لەبەرئەوەی نمرەکەم بەرز بوو، چوومە ئەو کۆلێژە و بەدڵیشم بوو، بەڵام لەڕاستیدا حەزیشم دەکرد لە بوارەکەی خۆمدا بە ئەکادیمی بخوێنم، بەنیازم لە داهاتوودا بە ئەکادیمی لە هونەردا بخوێنم.

**رووداو: لە شانۆ و کورتەفیلم و دراما و فیلمی سینەماییشدا بەشداریت کردووە، خۆت لە کامیاندا دەبینیتەوە و پێتوایە لە کامیاندا سەرکەوتوویت؟**

**دونیا گوفتاری:** زیاتر حەزم لە شانۆیە، چونکە هەست دەکەم لەو بوارەدا زیاتر دەتوانم توانا و هەستەکانم دەربخەم، دواتریش سینەما.

**رووداو: دەڵێن دونیا گوفتاری زۆر حەزی لە بینینی رۆڵی دووبارە نییە و بەردەوام حەزی لە رۆڵی جیاوازە؟**

**دونیا گوفتاری:** بەڵێ حەزم لەوەیە رۆڵەکانم جیاواز و سەخت بن، چونکە بەو شێوەیە کاری پرۆفیشناڵ دروست دەبێت، کاتێک ئەکتەر توانای بینینی رۆڵی جیاوازی هەبێت، دەتوانێ داهێنانی زیاتر بکات.

**رووداو: ساڵانە لە چەند کاردا بەشدار دەبیت؟**

**دونیا گوفتاری:** دەمەوێت ئەو کارانەی دەیانکەم زۆر باش بن، ئەوەش بەپێی هەڵبژاردنی کارەکان دەبن.

## دوایین کاری سینەماییم لە دوو مانگی داهاتوودا دەگاتە سینەماکانی ئێران

**رووداو: پێتوایە ئەکتەری باش دەبێت چۆن بێت؟**

**دونیا گوفتاری:** وەک گوتم رۆڵی جیاواز ببینێ و ئەخلاقی هونەریی هەبێت، واتە لەڕووی خورەوشت و ئەدەبەوە رەفتاری جوان بکات، لەبەرئەوەی ئەو کەسە دەبێتە کەسێکی ناسراو، پاشان ئەکتەر تەحەمولی کارەکەشی هەبێت.

**رووداو: پێتخۆشە لەگەڵ چ دەرهێنەرێک کار بکەیت؟**

**دونیا گوفتاری:** لەگەڵ بەهمەن قوبادی.

**رووداو: ئاشنایەتیت لەگەڵ هونەرمەندانی هەرێمی کوردستان هەیە؟**

**دونیا گوفتاری:** هەرچەندە سەردانی هەولێر و سلێمانیم کردووە، بەڵام ئاشنایەتیم لەگەڵ هونەرمەندانی ئەوێ نییە و حەزیش دەکەم پەیوەندیمان هەبێت؟

**رووداو: شووت کردووە؟**

**دونیا گوفتاری:** بەڵێ ماوەی حەوت ساڵە شووم کردووە، هاوژینەکەم فەرمانبەری وەزارەتی فەرهەنگ و ئیرشادی ئیسلامییە و زۆریش هاوکاریم دەکات.

**رووداو: ئەکتەرە ژنەکانی کورد ئامادەنین رۆڵ لە فیلمێکدا ببینن کە ماچ و باوەش و خەوتن لەگەڵ پیاوانی تێدابێت، تۆ ئامادەیت ئەو رۆڵانە ببینی؟**

**دونیا گوفتاری:** ئەگەر خۆم بە ئەکتەر بزانم دەبێت ئاسایی بێت، بەڵام لەئێران کاری وا ناکرێت. ئەگەر لەدەرەوەی ئێران بێت ئاساییە.

**رووداو: بە چ ئەکتەرێکی هەرێمی کوردستان سەرسامیت؟**

**دونیا گوفتاری:** سەرسامم بە شوان عەتوف، کارەکانیم بینیوە و پێمخۆشە کاری لەگەڵ بکەم، بەڵام تائێستا ئاشنایەتیم لەگەڵی نییە.

**رووداو: دوایین کارت چییە؟**

**دونیا گوفتاری:** فیلمێکی سینەماییە و من تێیدا رۆڵی ژنێک دەبینم کە خیانەت لە هاوژینەکەی دەکات و پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ هاوڕێی مێردەکەی دەبەستێ کە کەسێکی بەناوبانگە، شەوێک کە ژنەکەی لە ماڵەوە نییە، لەگەڵیدا دەڕۆمە ماڵی خۆیان، لە ماڵەوەش دزێک هەیە و بەو هۆیەوە ئاشکرا دەبین، بەڵام پیاوەکە و دزەکە بۆ ئاشکرانەبوونیان ناوێرن سکاڵا لە دژی یەکدی تۆمار بکەن، نامەوێت وردەکاریی زیاتر ئاشکرا بکەم لەبەرئەوەی لە دوو مانگی داهاتوودا فیلمەکە لە سینەماکانی ئێران نمایش دەکرێ.



## کچە کوردێک دەبێتە باشترینەکانی داهاتووی سوێد

**ڕووداو – ستۆکهۆڵم**

ڕێکخراوێکی سوێدی لیستێکی بڵاوکردووەتەوە بەناوی کەسایەتییە بەهێزەکانی داهاتووی سوێد کە لە 10 یەکەمەکانی لیستەکە نێوی کچێکی کورد هەیە. لیستەکە لەلایەن ڕێکخراوی TCO بڵاوکراوەتەوە و ناوی 99 کەسایەتی و چالاکڤانی زۆربەی بوارەکانی تێدایە. سەحەر یلماز کە کچێکی کوردە، نێوی لە ڕیزبەندی 10 یەکەمەکەدایە و شەشەمین ناوی لیستەکەیە. سەحەر لە دایکو باوکێکی کوردی باکووری کوردستان لە سوێد لە دایکبووە. سەحەری تەمەن 30 ساڵ، سەرۆکایەتی ڕێکخراوێک بەنێوی نێوبژیوانی دادوەری دەکات.

# منداڵانی کۆچبەر لە سوید دەبنە سەرچاوەی داهات

### گودمانێکی کورد: ئەمە بازرگانیکردنە بە مرۆڤ، بەڵام لەژێر پەردە

ڕووداو– ستۆکهۆڵم

بەپێی یاساکانی سوێد بۆ منداڵان و لەپێناوی باشترکردنی ڕەوشی ژیانی ئەوان، منداڵی بێکەس و لە نێویشیاندا منداڵانی کۆچبەری بەتەنیا هاتوو، لە کەمپەکان دەردەهێنرێن و دەدرێنە خێزانێک کە بە (familjehem) واتە "خێزانی جێگرەوە" ناسراوە، لە بەرامبەریشدا حکومەت پارە بە هەردوولا دەدات. چالاکڤانانی مافەکانی منداڵان گومانیان لەو پرۆسەیە هەیە و میدیاکانی سوێدیش دەڵێن "ئەوە جۆرێکە لە بازرگانی". هەندێکیش دەڵێن نەتەوە بیانییەکان بەشێوەیەکی خراپ سوود لەو پرۆسەیە وەردەگرن.

#### بازرگانییەکی شاراوە بە منداڵانی کۆچبەر

بەپێی بودجە و داهاتی کۆمۆنەکان بڕی 17 تا 19 هەزار کرۆن (نزیکەی 2،000 دۆلار) دەدرێتە ئەو خێزانەی کە منداڵێک لەخۆبگرێت. بەڵام چالاکڤانان پێیانوایە زۆر لەو خێزانانەی ئەو جۆرە منداڵانە لە باوەش دەگرن، وەکو سەرچاوەیەکی داهات لە پرۆسەکە دەڕوانن و خێزان هەیە زیاتر لە سێ منداڵی لەخۆگرتووە.

کاترینا ماڵم، سۆسیۆلۆژ و کارمەند لە ڕێکخراوێکی تایبەت بە مافەکانی منداڵ بە (ڕووداو)ی گوت "پێشتر سوێد لە بەخشینی منداڵ بە خێزانی جێگرەوە سەرکەوتوو نەبووە، بوونی پارەش لەم پرۆسەیەدا کێشەیەکی گەورەیە".

ئەوەی ماڵم باسی دەکات، سەندنەوەی ئەو منداڵانە بووە لەو دایک و باوکانەی نەیانتوانیوە منداڵەکانیان بەخێو بکەن و داویانەتە خێزانی دیکە. ئەو دەڵێت "زۆربەی ئەو منداڵانەی لە تەمەنی بەرەو هەرزەکاریدا بوون، تووشی کێشەی دەروونی بوون". گوتیشی "ئێستا جۆرێک لە بازرگانی لە پشت ئەو بابەتەیە، بۆیە دەبێت وردتر لێی بڕوانین".

لە سیستمی سوێدیدا، بە پشتگیریی دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان پیشەیەک هەیە پێیدەگوترێ (گودمان– man God) کە وەک سەرپەرشتیارێک لەگەڵ منداڵی گەورە و بەتایبەت هەرزەکاری تازە هاتوودا دەبن. سەردار سەعید کوردی دانیشتووی ستۆکهۆڵم زیاتر لە 17 ساڵە ئەو پیشەیەی هەیە و دەڵێت "بەداخەوە بازرگانیکردنێکی تەواوە بە مرۆڤەوە و دایکان و باوکانیش تێیدا بەشدارن".

ئەو زانیارییەک ئاشکرا دەکات کە بەپێی یاسای سوێد و هەموو پەیمانەکانی مافەکانی مرۆڤ مەترسیدارە و جۆرێکە لە بازرگانی بە مرۆڤ. سەردار دەڵێت "منداڵ هەیە کەسوکاریشی لێرەن، بەڵام خۆی بەتەنیا تۆمار کردووە و ئێستا لای خزمێکی دەژی، پارەکەی بەش دەکەن و بەشێکی بۆ دایک و باوکی منداڵەکەیە".

بەپێی چەند زانیارییەکی ڕۆژنامەی (Svenska Dagbladet) لە کۆمۆنی ئۆپسالای شاری سوێد، چەندین کەیسی تێوەگلاو بە بازرگانی هەیە "خێزان هەیە بۆ پڕکردنەوەی قەرزەکانیان 5 منداڵیان ڕاکێشاوە و بۆ هەر یەکێکیان بڕی 19 هەزار کرۆن وەردەگرن".

ڕۆژنامەکە نووسیویەتی "بەپێی ڕێککەوتنی نێوانیان، لەلایەن خێزانەکەوە بەشێک لەو پارەیە دەدرێتە منداڵەکە، ئەویش بۆ کەسوکاری دەنێرێتەوە".

گودمانە کوردەکە دەڵێت "ئەم پرۆسەیە بازرگانییەکی تەواوە و دەڵاڵی ئەم بوارەش پەیدا بووە کە منداڵ بۆ خێزانەکان دەدۆزنەوە بە پارە".

سەرچاوەیەک بە ڕۆژنامە سوێدییەکەی گوتووە "کەیسی وا هەبووە منداڵەکە ژیانێکی باشی نەبووە، بەڵام بەرامبەر ئەو پارەیەی لەلایەن خێزانەکەوە پێیدەدرێت، بێدەنگ بووە".

بەرپرسانی کۆمۆنی ئۆپسالا دەڵێن بەهۆی تەشەنەکردنی ئەم دیاردەیە هەوڵ دەدەین هەڵبژاردنی خێزانەکە لەدەست منداڵەکە نەبێت. ئەمە لە کاتێکدا دامەزراوەی کۆچی ئەو شارە باس لە کەیسی کچێکی 14 ساڵ دەکات کە دوای هەوڵێکی زۆر خێزانێکی هاوزمانی خۆی دەستنیشان کردووە و لەو پارەیەش مانگانە سێ هەزار کرۆن وەردەگرێ.

سەردار سەعید گوتی "ئیدی ئەمە بازرگانییەکی دیکەیە کە بەداخەوە دیاری ئێمەی بیانییە بۆ ئەم وڵاتە". بەڵام کاترینا ڕەتیکردەوە کە ئەم دیاردەیە تەنیا لە نێو تاراوگەنشیناندا بێت و گوتی "لەنێو سوێدیە ڕەسەنەکانیش هەیە".

#### کورد لە خێزانە سەلامەتەکانە

دوای ئاشکرابوونی چەند کەیسێکی دەستدرێژی بۆ سەر ئەو منداڵانە لەلایەن خێزانی جێگرەوە، ڕێکخراوەکان و کۆمۆن و فەرمانگەی سۆسیال چاودێرییان توندتر کرد. کاترینا ماڵم دەڵێت "خێزانێک منداڵەکەیان بۆ ئەوە وەرگرتبوو کە بازرگانیی پێوە بکەن، تەنانەت هاوڕێیانی پیاوەکەش دەستدرێژییان کردبووە سەری".

ئەو چالاکڤانە سوێدییە زۆر پەسنی ئەو خێزانە جێگرەوانە دەدات کە کوردن و دەڵێت "هەڵە نییە ئەگەر بڵێم لەڕووی ئاگابوون و پەروەردە، خێزانە کوردەکان لە باشترینی ئەو پێکهاتانەن کە ئاگایان لە منداڵانی لەخۆگیراوە و لە ڕووی سۆزەوە زۆر باشن لەگەڵیان".

یەکێک لەو کێشانەی ئێستا لە سوێد و بگرە لە وڵاتانی دیکەش باس دەکرێت، ئەوەیە کە زۆر لە کۆچبەران تەمەنی خۆیان کەم کردووەتەوە.

ماڵم دەڵێت "کۆچبەران بۆ خۆدزینەوە لە زۆر بەرپرسیاریتی و قازانجی مادی و مەعنەوی، تەمەنی خۆیان کەم دەکەنەوە".

بەپێی یاساکانی وڵاتانی ئەوروپا تاوەکو تەمەنی 17 ساڵان بە منداڵ حیساب دەکرێ، 18-19 ساڵان گەنجە و مافی کارکردنی هەیە. سەردار سەعید دەڵێت "بەداخەوە کۆچبەری کوردی تەمەن 27 ساڵ هەیە، خۆی بە 15 ساڵ تۆمار کردووە".

خەرجیی منداڵانی بەتەنیا هاتوو قورسایی زیاتر لە 500 ملیۆن دۆلار ساڵانەی لەسەر وڵاتەکە دروست کردووە و لە بەرامبەردا زۆر لە کۆمۆنەکان خۆیان لە وەرگرتنی منداڵی کۆچبەر دەدزنەوە.

لە یەکێک لە 5 خاڵە گرنگەکەی یاسای نوێی کۆچی سوێددا هاتووە "پشکنینی DNA بۆ ئەو کۆچبەرانە دەکرێت کە گومان لە تەمەنیان دەکرێت و لەسەر ئەو بنەمایە تەمەنیان دەستنیشان دەکرێت". یاساکە سزاشی بۆ ئەو کەسانە داناوە کە دەستکاریی تەمەنی خۆیان کردووە.

#### کورد.. لە سۆسیالەوە بۆ منداڵ لەخۆگرتن

"خێزانی کورد پێشتر لەڕێگەی منداڵ خستنەوەی زۆر و بە سوودوەرگرتن لە پارەی بێکاری و سۆسیال پارەیان کۆدەکردەوە، ئێستا لەڕێگەی لەخۆگرتنی منداڵ". ئەمە لێدوانی خالید محەممەدییە کە کوردێکی دانیشتووی سوێدە.

حکومەتی سوێد مانگانە 500 دۆلار بۆ هەر منداڵێک دەدات. محەممەدی دەڵێت "بۆ سوود وەرگرتن لەو پارەیە، خێزانە کورد و عەرەبەکان ژمارەی منداڵەکانیان بۆ حەوت منداڵ زیاتر بەرز دەکردەوە و مانگانە نزیکەی 5000 دۆلاریان کۆدەکردەوە".

محەممەدی دەڵێت ئێستا لەخۆگرتنی منداڵی بێکەسی کۆچبەر پەیدا بووە کە هێندەی سێ منداڵی خۆت پارە وەردەگری. محەممەدی هەروەها دەڵێت "ئاگاداری ئەو کەیسانەم کە میدیاکانی سوێد باسیان کردوون و بەشێکی دیاریان کوردن و خەڵکی هەرێمی کوردستانن".



ڕۆژنامەیەکی سوێدی : خێزان هەیە بۆ پڕکردنەوەی قەرزەکانیان 5 منداڵیان لە ئەستۆ گرتووە

# کوردێک لە ئەمریکا 20 ساڵە چاوەڕێی مافی مانەوەیە

ڕووداو– Chicago Tribune

کۆچبەرێکی کوردی باکووری کوردستان ماوەی دوو دەیەیە هەوڵی وەرگرتنی مافی مانەوە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەدات، بەڵام سەرجەم هەوڵەکانی بێسوود بوون. ئەگەرچی ئەو تەلەفۆنەی ڕۆژی هەینی 2016/3/25 لە فەرمانگەی کۆچبەرانی دیترۆیتەوە بۆی هات، دڵی ئەو و دۆستە ئەمریکییەکانی خۆش کرد، چونکە تەلەفۆنەکە هەواڵی ئەوەی پێبوو کە وەزارەتی ئاسایشی نیشتمانیی ئەمریکا مافی ئەوەی بەو کۆچبەرە کوردە داوە یەک ساڵی دیکەش، بەشێوەیەکی کاتی لە ئەمریکا بمێنێتەوە.

ئیبراهیم پارلاک، لە هاربێرتی باشووری ڕۆژهەڵاتی ویلایەتی میشیگان خاوەنی قاوەخانەیەکە بەناوی "کافێ گولیستان". ئەگەرچی حکومەتی ئەمریکا هەوڵ دەدات هەر چۆنێک هەیە ڕازی بکات بەوەی بگەڕێتەوە تورکیا، بەڵام ئیبراهیم لەناو بەرپرسان و خەڵکی ناوچەکەدا لایەنگری خۆی هەیە کە داوا دەکەن لە ئەمریکا بمێنێتەوە. حکومەتی تورکیا ئیبراهیم تۆمەتبار دەکات بەوەی "ئەندامی گرووپێکی تیرۆریستی" بووە کە دوو سەربازی تورکیان کوشتووە، بەڵام ئیبراهیم کە ململانێکەی لەگەڵ حکومەتی ئەمریکا بووە بە چیرۆکی شار، ئەو تۆمەتە ڕەتدەکاتەوە.

ئیبراهیم خۆشحاڵە بە هەواڵەکەی فەرمانگەی کۆچبەران و دەڵێت "زۆر سوپاسیان دەکەم کە کاتی ئەوەیان بە من دا چارەسەرێک بۆ ئەم کێشەیە بدۆزمەوە. لەمەش گرنگتر ئەوەیە دادگا دەتوانێت کار لەسەر دۆسیەکەم بکات، ئەگەرچی بەردەوامیش دەبێت لە خۆم بپرسم دواجار ئەم هەموو بێنە و بەردەیە لەپای چی؟".

#### دوو کۆنگرێسمان پشتگیریی دەکەن

ئەم کۆچبەرە کوردە لەناو ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئەمریکاش لایەنگری هەیە، لەوانەش فرێد ئاپتن، نوێنەری کۆمارییەکان لە میشیگان و جان شاکۆسکی، نوێنەری دیموکراتەکان لە ویلایەتی ئیلینۆی. هەردوو نوێنەرەکە پشتگیری لە مانەوەی ئیبراهیم پارلاک دەکەن. ئەمە جگە لەوەی ویلکۆ فرۆنتمەن جێف تویدی، کە ماڵەکەی لەو ناوچەیەیە، کۆنسێرتێکی بۆ پشتیوانی لەو کۆچبەرە کوردە ڕێکخست.

ئیبراهیم ماوەی دەیەیەکە مەترسی دیپۆرتکردنەوەی لەسەرە، ئەمەش دوای ئەوەی لە ساڵی 1991 لە تورکیا ڕایکرد، وەکوو خۆی دەڵێت هۆکاری ڕاکردنەکەی بۆ شەڕ و پێکدادانی نێوان گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) و سوپای تورکیا لە ناوچە سنوورییەکانی ئەم وڵاتە دەگەڕێتەوە. ئەو جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی هیچ دەستێکی لە تەقەکردنەکاندا نەبووە، بەڵکو لە ترسان ڕایکردووە. لەو ڕووداوەدا دوو سەربازی سوپای تورکیا کوژران. حکومەتی تورکیا ئیبراهیم تۆمەتبار دەکات و دەڵێت دەستی لە کوشتنی ئەو دوو سەربازەدا هەبووە.

#### بە ئاگری پەکەکە سووتاوە

ساڵی 1999 پارلاک داوای مافی مانەوەی لە ئەمریکا کرد، بەڵام داواکارییەکەی ڕەتکرایەوە، ئەمەش پاش ئەوەی دادگای تورکیا جارێکی دیکە فەرمانێکی لە دژی دەرکرد. حکومەتی ئەمریکاش لە ساڵی 1997ەوە پەکەکەی خستووەتە ناو لیستی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکانەوە.

وەزارەتی ئاسایشی نیشتمانیی ئەمریکا ئیبراهیم بەوە تۆمەتبار دەکات کە سەبارەت بە زیندانیبوونەکەی درۆی کردووە و گومانی پەیوەندیشی لەگەڵ پەکەکە لەسەرە. بەڵام لایەنگرە ئەمریکییەکانی ئیبراهیم دەڵێن ئەگەر دیپۆرت بکرێتەوە دەخرێتە ژێر ئەشکەنجە.

فرێد ئاپتن، کە لە ساڵی 2004ەوە بەردەوام پشتگیری لە دۆسیەکەی ئیبراهیم کردووە، دەڵێت "ئێستا دەتوانین هەناسەیەکی ئاسوودەیی هەڵکێشین، چونکە یەکساڵ کاتمان لەبەردەستە بۆ ئەوەی یارمەتی ئیبراهیمی دۆست و دراوسێی خۆمان بدەین."

مانگی پێشوو کونسوڵی گشتیی تورکیا لە ویلایەتی شیکاگۆ نووسراوێکی ئاراستەی حکومەتی ئەمریکا کرد و تێیدا جارێکی دیکە ئیبراهیمی تۆمەتبار کرد بەوەی فەرماندەی ئەو گرووپە گەریلایە بووە کە دوو سەربازە تورکەکەیان کوشتووە. بە گوتەی پارلاک ئەمە دوایین هەوڵی ئەنقەرە بووە بۆ ئەوەی ڕادەستی تورکیا بکرێتەوە.

ئیبراهیم پێیوایە ئیدی کاتی ئەوە هاتووە کار لەسەر چارەسەرێکی هەمیشەیی بکرێت کە بەبۆچوونی خۆی تاکە چارەسەری لەمجۆرەش ئەوەیە مافی مانەوەی هەمیشەیی لە ئەمریکا پێبدەن.

ئیبراهیم پارلاک کە پێدەچێت لە دوو دەیە ژیانی بێچارەنووس هیلاک بووبێت، دەڵێت "هەتا ئێستاشی لەگەڵ بێت هەر لەسەر لێوار دەژیم. وەکوو ئەوە وایە بەردەوام لەسەر لێواری شاخێک بیت، تەنیا بایەکی بەهێز بەسە بۆ ئەوەی فڕێت بداتە خوارەوە. ئەمە شێوازی ژیان لە ئەمریکا نییە و منیش ئەمریکام بۆیەوە هەڵنەبژارد کە بەم شێوەیە بژیم".



ئەمریکییەکان بۆ پشتگیری لەو پیاوە کوردە کۆنسێرتێکیان ساز کرد

+964 (0) 0773 000 2222
+964 (0) 0773 000 3333




DANIA CITY
better life style

info@daniacity.com
www.daniacity.com
سلیمانی - شه‌قامی بازنه‌یی مه‌لیک محمود
پشت گردی ئیبراهیم احمد

SIDAR
AGENCY
for advertisement and media production

سیـدار ئێجێنسی، کۆمپانیـای تایبـه‌ت به‌ کاری ڕێـکلام و مارکتینـگ و به‌رهه‌م هێنانی میدیایی، تاکه‌ بریـکاری سه‌ره‌کی تۆڕی میـدیایی ڕووداوه‌، بۆ ڕێـکلام کردن له‌ ته‌له‌فزیۆن و ڕادیۆ و ڕۆژنامه‌ و پۆرتالی ڕووداو.

RÛDAW

بۆ ڕێکلام کردن
له‌ تۆڕی میدیایی

ڕووداو

ده‌توانن په‌یوه‌ندی بکه‌ن به‌ :

agency@sidarholding.com
www.sidarholding.com

+964 750 833 22 33
+964 750 833 44 33
+964 770 252 11 11


جیهان ستی...
جیهانی شادی و دڵنیایی
★ ئەپارتمانەکانمان لەسەر تازەترین شێواز دروست کراوە.
★ کەرستەی بەکار هاتوو لە باڵەخانەکان و لە دروستکردنی ئەپارتمانەکان لە باشترین براندەکانی جیهانە.
★ چوار ئەسانسور (مەسعەد)، پرسگەی تایبەت لەهەر باڵەخانەیەکدا.
★ کاتژمێر چاودێری.
★ قوتابخانە.
★ مزگەوت.
★ نورینگەی پزیشکی.
★ سەنتەری وەرزشی و مەلەوانگەی کراوە و داخراو.
★ رووبەرێکی فروانی سەوز.
★ مۆلی بازرگانی.
CIHAN CITY
www.cihancity.com
CIHAN CITY
جیهان ستی..
یەکێك لە پرۆژەکانی جیهان گروپ
CABA
هەولێر - ڕێگای کەرکوك - پشت بەرێوەبەرایەتی هاتووچۆی هەولێر
ژمارەی مۆبیل: 07502324343 / 07707043131


برنجی محمود
خۆش تام و بەسود
MAHMOOD RICE
ممتاز
١١٢١
100%
MAHMOOD RICE


شیری ئاڵتونسا
100%
سروشتی یە
altunsa
MILK
powder



## پۆلیسێک خۆی دەکوژێت

**رووداو– سلێمانی**

کارمەندێکی پۆلیس لە شاری سلێمانی لە کاتی دەوامی ئاساییدا خۆی کوشتووە و پۆلیسیش دەستیان بە لێکۆڵینەوە لە رووداوەکە کردووە. نەقیب سەرکەوت ئەحمەد، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی سلێمانی بە (رووداو)ی راگەیاند، سەر لەبەیانی رۆژی 2016/3/24 پۆلیسێکی هێزی ئامادەی سلێمانی، لە کاتی دەوامی ئاسایی خۆیدا لە گەڕەکی کانی گۆمەی شاری سلێمانی بە گوللەی دەمانچە خۆی کوشتووە. ناوبراو گوتی "بەپێی لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکان لە شوێنی کارەکەی هیچ کێشەیەکی نەبووە، بەڵام تاوەکو ئێستا هیچ زانیارییەکی دیکە دەربارەی خۆکوشتنەکەی نەزانراوە".

# لەسەر هەراسانکردنی کچێک دەکوژرێت

**پشتیوان جەمال**
**رووداو– هەولێر**

دوو گەنج لەسەر خۆشویستنی کچێک دەبێتە دەمەقاڵەیان و یەکێکیان دەکوژرێت. پۆلیسی هەولێر دەڵێت رووداوەکە لەسەر خۆشویستنی کچێک بووە، ئەوەی کوژراوە کچەکەی خۆشویستووە، بەڵام کچەکە پەیوەندی لەگەڵ کوڕێکی دیکە هەبووە، خۆشەویستی کچەکە ئەو کوڕەی کوشتووە، بەڵام تاوەکو ئێستا دەستگیر نەکراوە.

شەوی 2016/3/6 گەنجێکی 23 ساڵان بەناوی (عەباس.ح) لەلایەن گەنجێکەوە بەناوی (ع) لە یەکێک لە گەڕەکەکانی شاری هەولێر کوژرا. لەسەر کوشتنی ئەو گەنجە کچێک و شوفێرێکی تاکسی دەستگیرکراون.

بەپێی زانیارییەکانی (رووداو) عەباس ئەو شەوە لەگەڵ شوفێری تاکسییەکە چووەتە دەرەوە بۆ بینینی ئەو کچە، بەڵام لە کاتی گەیشتنیان بۆ بەردەمماڵی کچەکە، لەلایەن گەنجێکی دیکەوە بەناوی (ع) کە دەگوترێ پەیوەندیی خۆشەویستی لەگەڵ کچەکە هەبووە، تەقەی لێدەکرێت و دەکوژرێت.

نەقیب هۆگر عەزیز، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای هەولێر بە (رووداو)ی راگەیاند، ئەو شەوە کوژراوەکە سەردانی ماڵی ئەو کچەی کردووە، لەو کاتەدا و بەڕێکەوتیش خۆشەویستی کچەکە بەناوی (ع) گەیشتووەتە بەردەم ماڵی ئەو کچە و بەو هۆیەشەوە بووەتە کێشەیان و دەمەقاڵێ دروستبووە.

نەقیب هۆگر گوتی "بکوژ دەمانچەی دەرهێناوە بۆ ترساندنی عەباس و شۆفێرەکە و گوللەی تەقاندووە، بەڵام گوللەیەک بەر عەباس کەوتووە و گیانی دەرچووە و گوللەیەکیش بەر تاکسییەکە کەوتووە. دوای رووداوەکەش شۆفێری تاکسییەکە کە هاوڕێی عەباس بووە لەگەڵ کچەکە بە فەرمانی دادوەر دەستگیرکراون".

دوای رووداوەکە، کەسوکاری عەباس داوای یاساییان لە دژی بکوژەکە تۆمار کرد، نەقیب هۆگر گوتی "خێزانی کوژراوەکە نازانن کێ کوڕەکەیانی کوشتووە و نەشیانزانیوە پێشتر کوڕەکەیان داوای پەیوەندی خۆشەویستی لەو کچە کردووە، بەڵام سکاڵایان لە دژی بکوژەکە تۆمار کردووە".

بەپێی ئەو زانیاریانەی کە (رووداو) لە سەرچاوەیەکی تایبەتەوە دەستیکەوتوون، پێشتر ماڵی عەباس دراوسێی ماڵی ئەو کچە بوون. عەباس چەند جارێک داوای پەیوەندیی خۆشەویستی لە کچەکە کردووە، بەڵام کچەکە رەتیکردووەتەوە، سەرچاوەکە گوتی "بەپێی زانیارییەکان ئەو کچە لە لێکۆڵینەوەدا گوتوویەتی پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ (ع) هەبووە و ئەو شەوە ویستوویەتی لەگەڵ خۆشەویستەکەی یەکدی ببینن، بەڵام عەباس وازی لێنەهێناوە".

هەر بەپێی زانیارییەکان، بکوژ نەیزانیوە پێشتر عەباس داوای پەیوەندی خۆشەویستی لەو کچە کردووە، بەڵام عەباس زانیویەتی کچەکە پەیوەندی لەگەڵ (ع)دا هەبووە.

بەڵام سەرچاوەیەکی نزیک لە خێزانی عەباس بە (رووداو)ی راگەیاند "هەتا بکوژ دەستگیر نەکرێت نازانین هۆکاری راستەقینەی رووداوەکە چی بووە"، سەبارەت بە قسەی پۆلیسیش کە ئەو شەوە عەباس بۆ بینینی ئەو کچە چووەتە دەرەوە و لەلایەن خۆشەویستی کچەکەوە کوژراوە، سەرچاوەکە گوتی "قسەی زۆر لە بارەی رووداوەکەوە دەکرێ، بەڵام تائێستا ناتوانین هیچ قسەیەک پشتڕاست بکەینەوە".

کەسە نزیکەکەی خێزانی عەباس دەڵێت ئەوان نازانن عەباس و ئەو کچە پەیوەندیان هەبووە یان نا، چونکە پێشتر عەباس هیچ شتێکی لەبارەی ئەو کچە لەلای خێزانەکەی باس نەکردووە.

دوا بینینی عەباس و خێزانەکەی ئێوارەی پێش رووداوەکە بووە، بە گوتەی ئەو سەرچاوەیە، ئێوارەی پێش رووداوەکە عەباس لە ماڵەوە چووەتە دەرەوە بۆ ئەوەی بڕواتە تابلۆ مۆڵ کە دوکانی بە کرێ گرتووە و پێداویستییەکانی ئامادە بکات، بەڵام لە دوای دوانزەی شەوەوە لە رووداوەکە ئاگاداریان کردوونەتەوە و ئەوانیش لە نەخۆشخانە تەرمەکەیان بینیوە.



# بە دەمانچەی باوکی و لەناو ماڵی پووری، خۆی کوشت



**رووداو– سۆران**

خێزانی بەیدا بڕیاریان دابوو ئەم نەورۆزە بچنە دەرەوەی شار و کاتێکی خۆش بەسەر ببەن، بەڵام خۆکوشتنی بەیدای کچیان هەموو شتێکی تێکدا، باوکی بەیدا دەڵێت "گومانم هەیە کچەکەم خۆی کوشتبێ، رەنگە بە هەڵە فیشەکی لەخۆی دابێ".

ئێوارەی رۆژی 2016/3/18، بەیدا نەجات، تەمەن 19 ساڵ و دانیشتووی شاری هەولێر، لە ماڵی خوشکێکی باوکی کە لە قەزای سۆرانن، بە دەمانچەی باوکی فیشەکێکی بە سەری خۆیەوە نا و لەڕێی گەیاندنیدا بە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی هەولێر، لە نزیک شارۆچکەی هەریر گیانی سپارد.

ئەو رووداوە لەلایەن نووسینگەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ژنان لە سۆران دۆسیەی لێکۆڵینەوەی بۆ کراوەتەوە. سەرچاوەیەک لەو نووسینگەیە بە (رووداو)ی راگەیاند "نزیکەی کاژێر شەشی ئێوارە لەو رووداوە ئاگادار کراینەوە و بەپێی لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکانیش رووداوەکە خۆکوشتنە، بەڵام لەبەرئەوەی کچەکە فیشەک بەر سەری کەوتبوو، نەمانتوانی گوتەی وەربگرین، بەگوتەی باوکی کێشەیان نەبووە و هەموو داواکارییەکی کچەکەیان جێبەجێ کردووە".

بەیدا تا قۆناغی سێی ناوەندی خوێندووە و ماوەی نزیکەی پێنج ساڵە وازی لە خوێندن هێناوە، دوو خوشک و دوو برای هەیە و دوو خوشکەکەی شوویان کردووە.

نەجات عەلی، باوکی بەیدا کە زۆر دڵگرانە بە لەدەستدانی کچەکەی، بە (رووداو)ی گوت، بەیدا و دایکی و دوو براکەی سێ رۆژ پێش رووداوەکە، بەمەبەستی بەسەربردنی کاتێکی خۆش چوونەتە ماڵی خوشکێکی خۆی لە قەزای سۆران و ئەویش پاشنیوەڕۆی ئەو رۆژە چووەتە لایان.

نەجات گوتی "کاتێک چوومە ماڵی خوشکم دەمانچەکەم لە ژووری میوان خستە ژێر پشتییەوە و پاشان لە ئۆتۆمبێلەکەم پێداویستیم داگرت و هێنامە حەوشە. خێزانەکەم دەستنوێژی دەشووشت، هاتە حەوشە و پێیگوتم ئەو تەقەیە چی بوو؟ بەو شێوەیە زانیمان بەیدا بە تەنیا لە ژووری میوان بووە و تووشی ئەو رووداوە بووە".

نەجات پێش رووداوەکە قسەی لەگەڵ کچەکەی کردووە و لەوبارەوە گوتی "قسەمان کرد و بارودۆخی ئاسایی بوو، من هیچ گومانێکم نییە کە رووداوەکە شتێکی رێکەوت بووە، چونکە ماوەی دانانی چەکەکە و رووداوەکە تەنیا 10 خولەک بوو، لەو ماوەیە بەیدا هیچ قسەیەکی نەکردووە و کەسیش هیچی پێ نەگوتووە".

هەرچەندە بەپێی لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکانی نووسینگەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ژنان لە سۆران رووداوەکە خۆکوشتنە، بەڵام چەند رۆژێک دوای رووداوەکە، باوکی هێشتا رووداوەکەی بەلاوە سەیر بوو گوتی "نازانین ئاخۆ بەئەنقەست خۆی کوشتووە یاخود بە هەڵە لەدەستی دەرچووە".

بەو پێیەی لەنێو خێزانەکاندا دایک و کچ لە یەکەوە نزیکن، زۆرجار دایک ئاگاداری ژیانی کچەکەیەتی، سەبارەت بەوەی ئەگەر رووداوەکە خۆکوشتنی "ئەنقەست" بێت دایکی هیچ هۆکارێک شک نابات، باوکی گوتی "تائێستا لەگەڵ دایکی لەوبارەیەوە قسەمان نەکردووە". نەجات وەکو ئاماژەیەک بەوەی کچەکەیان کێشەی نەبووە، پرسیارێکی کرد و گوتی "بەیدا هیچ کێشەیەکی نەبوو، ئایا دایک و باوک، کێشە بۆ منداڵی خۆیان دروست دەکەن؟".

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ژنان، ساڵی رابردوو لە سنووری قەزای سۆران 3 ئافرەت خۆیان کوشتووە.

سەرچاوەکەی نووسینگەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ژنان بەپێی ئەزموونی کاری خۆیان لە بواری خۆکوشتندا لەو باوەڕەدا نین ئەو کچە بەبێ هۆکار خۆی کوشتبێت، ئەو سەرچاوەیە گوتی "دەبێت ئەو کچە هۆکارێک یاخود نەخۆشیی دەروونی هەبووبێت بۆیە خۆی کوشتووە، بەڵام کەسوکاری سکاڵایان نییە و ئێمەش لەلێکۆڵینەوەداین و چاوەڕێی راپۆرتی پزیشکین".

# لە ئەورووپاوە دەیهێننەوە و بەندی دەکەن

**پشتیوان جەمال**
**رووداو– سلێمانی**

بە دوو تەلەفۆن سەرقاڵی وەڵامدانەوەی ئەو پەیوەندییانەن کە لەلایەن ژنان یاخود خەڵکانی دیکەوە دەربارەی کێشەی ژنان بۆیان دێن، یەکێک لە پەیوەندییەکان لە کێشەی ژنێکی عەرەب ئاگاداری کردنەوە و پێیگوتن "ژنێک لەلایەن کەسوکارییەوە هەڕەشەی لێکراوە و لە بەغداوە هەڵهاتووە، پێویستی بە پەناگایە"، ئەوانیش دەستبەجێ ئاسایشی بازگەی تاسڵوجەیان لە هاتنی ژنەکە ئاگادار کردەوە.

رێکخراوی ئاسوودە وەک رێکخراوێکی داکۆکیکار لە مافەکانی ژنان ماوەی 16 ساڵە دامەزراوە و ئۆفیسی سەرەکی لە شاری سلێمانییە، ئەوان ماوەی چەند ساڵێکە بە ژمارەکانی "110 و 07708682009" ماوەی 24 کاژێر وەڵامی پەیوەندییەکان دەدەنەوە. کارمەندەکانی رێکخراوەکە دەڵێن لە رێگەی ئەو هێڵانەوە تاوەکو ئێستا 6 ژنیان رزگار کردووە کە لەلایەن کەسوکاریانەوە لە ماڵەوە بەندکرابوون. هەروەها 10 ژنیشیان ناردووەتە دەرەوەی وڵات کە هەڕەشە لەسەر ژیانیان هەبووە.

### زیاتر لە 20 هەزار پەیوەندییان پێوەکراوە

جوان رەحیم، یەکێکە لەو کارمەندانەی وەڵامی پەیوەندییەکان دەداتەوە، ئەو بە (رووداو)ی گوت "رۆژانە لانیکەم 10 پەیوەندییان بۆ دێت و لە ماوەی شەش ساڵی رابردووشدا زیاتر لە 20 هەزار پەیوەندییان بۆ هاتووە. ئەو گوتی "کێشەکانی ژنان وەکو جارانن، بەڵام ئەوەی جێی دڵخۆشییە ژنان بەراورد بە جاران هۆشیارترن، کاتێک دەزانن رێکخراو یاخود ناوەندێک هەیە دەیەوێت کێشەکانیان چارەسەر بکات، لەجیاتی ئەوەی پەنا بۆ خۆکوشتن ببەن، دێن راوێژ وەردەگرن".

### ژنێک سێ رۆژ لە گەرماودا بەستراوەتەوە

لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا شەش ژن کە لەلایەن هاوژین و کەسوکاریانەوە لە ماڵەوە بەندکراون، ئەوان رزگاریان کردوون.

جوان رەحیم تازەترین کەیسی باسکرد کە ژنێکی تەمەن 30 ساڵ بووە و لە رێگەی کورتەنامەیەکی مۆبایلەوە ئاگاداری کردوونەتەوە، ژنەکە نووسیبووی "ئەگەر زوو فریام نەکەون دەمرم"، دواتر ئاسایشیان ئاگادار کردووەتەوە و رزگاریان کردووە.

جوان گوتی "ئەو ژنە سێ منداڵیشی هەبوو، هاوژینەکەی ماوەی سێ رۆژ لە گەرماوی ماڵەکەیاندا بەندی کردبوو، بەبێ ئەوەی خواردنیشی بداتێ، دوای رزگارکردنی پێیگوتین ئەو سێ رۆژە تەنیا ئاوی خواردووەتەوە".

وەکو جوان باسیکرد ئەو ژنە دووەمین ژنی ئەو پیاوە بووە، کێشەی ئەو ژنە ئەوە بووە کە پیاوەکە زۆر ئازاری دابوو، بۆیە ویستبوویان جیاببنەوە، بەڵام دواتر پیاوەکە ئاشتی کردبووەوە و خانوویەکیشی بە ناو کردبوو، "بەڵام دوای سەرهەڵدانەوەی کێشە لەنێوانیاندا، پیاوەکە دەیگوت رێگە نادەم ژن و خانووەکەشم لەدەست بچێت".

ئێستا ئەو ژنە لەلای خزمێکی داڵدە دراوە. جوان گوتی "کێشەی ئەو ژنە لە دادگایە، بەڵام بەهۆی بایکۆتکردنی دەوامەوە جیابوونەوەکە دواکەوتووە".

### لە ئەورووپا هێنایانەوە و لە کوردستان بەندیان کرد


جوان، باسی حاڵەتێکی دیکەی رزگارکردنی ئافرەتان دەکات لە رێگەی تەلەفۆنەکانیان و گوتی خێزانێکی نیشتەجێی ئەورووپا، کچەکەیان ویستبووی لەگەڵ کوڕێکی کورد لە ئەورووپا خێزان پێکەوە بنێ، بەڵام دایک و باوکی رازی نەبوون و پێیانگوتووە چیدی نابێت لە ئەورووپا بژی و هێنابوویانەوە بۆ کوردستان.

ئەو گوتی "لێرەش کەسوکاری ماوەی دوو مانگ بەندیان کردبوو، پاشان کچەکە پەیوەندی پێوە کردین و ماوەیەک خستمانە شەڵتەرەوە و دواتر لەڕێگەی کونسوڵخانەی وڵاتەکەیەوە ناردمانەوە".

### 10 ژنیان رەوانەی دەرەوە کردووە

جوان رەحیم دەڵێت ئەوان لەکاتی مامەڵەکردنیان لەگەڵ هەر کێشەیەک، سەرەتا هەوڵی تەواو بۆ چارەسەرکردن دەدەن، بەڵام ئەگەر زانییان باشترین چارەسەر جیابوونەوەیە، پارێزەری خۆبەخشی بۆ دابین دەکەن، ئەگەریش چارەسەری کێشەی ژنێکیان بۆ نەکرێت، رەوانەی دەرەوەی وڵاتی دەکەن. ئەو گوتی "تائێستا 10 ژنمان لەڕێی وەرگرتنی مافی پەنابەری رەوانەی دەرەوە کردووە کە لە کوردستان هەڕەشەیان لەسەر بووە".





## لەبەر منداڵەکانی، خۆی نەکوشت

**رووداو- سلێمانی**

رائید هیوا کەریم، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان لە سلێمانی بە (رووداو)ی راگەیاند، ئێوارەی رۆژی 2016/3/26 لە گەڕەکی کانی کوردەی سلێمانی بەهۆی کێشەیەکی خێزانییەوە ژنێک هەوڵی خۆکوشتنی داوە. ناوبراو گوتی "لە ئیفادەی ژنەکەدا هاتووە کە پێشتر لەگەڵ مێردەکەی کێشەیان هەبووە. ئەو ئێوارەیەش دەنگەدەنگ لە نێوانیاندا هەبووە. ئەویش چەکی مێردەکەی هەڵگرتووە و بۆ دوورخستنەوەی مێردەکەی تەقەی بە ئاسـماندا کردووە و هەوڵی خۆکوشـتنی داوە، بەڵام دواتر لەبەر منداڵەکانی پاشـگەز بووەتەوە". گوتیشی "لەسەر سکاڵای ژنەکە، پیاوەکە دەستگیرکراوە".



موقەدەمی مافپەروەر

ژیلەمۆ عەبدولقادر

## بووکێکی بەدبەخت

دایکێـک، کچەکـەی بردبـوو بـۆ نەخۆشـخانە بـۆ چارەسـەر، لـەوێ بـە پزیشـکەکانی گوتبـوو کچەکـەی تووشـی خوێنبەربـوون بـووە، کاتێک پزیشـکەکان سـەیری دەکەن، دەبینن دەموچاوی شین و مۆر بووەتەوە، بۆیە بـە دایکەکە دەڵێن تاوەکو نووسـراوی پۆلیـس نەهێنـێ ناتوانن چارەسـەری کچەکەی بکەن.

کاتێـک لێکۆڵـەری دادی لـە نەخۆشـخانە لـە هـۆکاری شـین و مۆربوونـی دەموچـاوی کچەکـە و خوێنبەربوونەکـەی دەکۆڵێتـەوە، ئافرەتەکە هەموو نهێنییەکان ئاشـکرا دەکات و بەسەرهاتی خۆی بۆ لێکۆڵەر دەگێڕێتەوە و دەڵێت "من فەرمانبەرم. لە رێگـەی دەستەخوشـکێکم کوڕێکم ناسـی کە لە مارکێتێـک کاری دەکرد. هەفتەیەکـە گوازراومەتەوە، تەنیا دوو رۆژ لـە مانگی هەنگوینیمان تێپەڕیبوو مێردەکـەم پێیگوتم ئێمە عەشـایرین، لـەم ماڵەدا هەموو شـتێک بەدەسـت پیاوە و دەبێت بە قسەی من هەستیت و دانیشـی. هـەرزوو هەسـتم کرد ئەو پیاوە عەقڵیەتێکی زۆر پیاوسـالارانەی هەیە".

ئـەو ئافرەتە بـە گوتـەی خۆی لە حەوتەمیـن رۆژی دوای گواسـتنەوەی لەلایـەن مێردەکەیەوە لێیـدراوە. ئەو گوتی "بەیانییەک زوو مێردەکەم بانگی کـردم نـان و چـای بۆ ئامـادە بکەم، منیش ئەو رۆژە پشـوو بووم، پێمگوت هێشـتا زووە. گوتی هەستە با درەنگ نەکـەوم بۆ کارەکـەم. منیش پێمگوت ئەگـەر زۆر بە پەلەی لە دەرەوە نانێک بخـۆ، هەر ئەوەنـدەم گـوت و تەواو، یەکسـەر پڕی دامێ و پرچی راکێشام، لەسـەر سیسەم بەریدامەوە و بە شەق و زللـە بەربووە گیانـم، لە هۆش خۆم چووم. کە بەهـۆش هاتمەوە تەلەفۆنم بـۆ دایکم کرد و پێمگـوت خێرا فریام بکەوە".

ئافرەتەکـە هـەر لـە نەخۆشـخانە سـکاڵای لەسەر مێردەکەی تۆمار کرد، دۆسـیەکەی رەوانەی بەردەم دادوەری لێکۆڵینـەوەی بەرەنگاربوونـەوەی توندوتیـژی خێزانـی کـرا، بڕیـاردرا بـە دەسـتگیرکردنی مێردەکـەی بەپێـی مـاددەی حـەوت لـە یاسـای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی. کاتێـک پیاوەکە دەسـتگیرکرا، گوتی راسـتە داوای لێکردووە نانی بەیانی بۆ ئامادە بکات، بەڵام ئامادەی نەکردووە، بۆیە لێیداوە، بەڵام بەو نیەتە لێینەداوە کە وای بەسـەر بێت. دادوەر بڕیاری دا تۆمەتبار بەپێی ماددەی 7 لە یاسـای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی خێزانی رابگیـرێ، دواتر بە کەفالـەت ئازادکرا تاوەکـو رۆژی دادگایـی. ژنەکـەش هـەر دوای ئازادکردنـی مێردەکەی بە کەفالەت، داوای جیابوونەوەی لێکرد.

بـە ئافرەتەکـە راگەیێنـدرا کـە بۆ داوای جیابوونەوەکـەی دەبێـت لـە دادگای باری کەسی داوا بەرز بکاتەوە و سوود لە راپۆرتی پزیشکی وەربگرێ بـۆ جیابوونەوەکە. ئەگـەر مێردەکەت تۆمەتەکەی بەسـەردا سـاخ بـووەوە، ئـەوە بەپێی مادده حەوت لە یاسـای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی خێزانی ژمارە 8ی سـاڵی 2011 سـزا دەدرێت بە حەپسـکردن بۆ ماوەیەک کە کەمتر نەبێـت لە شـەش مانگ و زیاتر نەبێت لە سـێ سـاڵ، هەروەها پێبژاردن کە کەمتر نەبێت لە ملیۆنێک دینار و زیاتر نەبێـت لە پێنج ملیـۆن دینار، یان بە یەکێک لـەم دوو سزایە.

*** بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان/ هەولێر**

# بۆ وەرگرتنەوەی قەرز رۆیشت و بە کوژراوی دۆزرایەوە

**پشتیوان جەمال**
**رووداو- هەولێر**



تاوەکـو ئێسـتا بکـوژی ئـەو زێڕنگـەرە نەدۆزراوەتـەوە کە دەگوترێ بـۆ وەرگرتنەوەی قەرز رۆیشتووە و دوای دوو رۆژ لە دیارنەمانی، تەرمەکەی لەلایەن کەسوکارییەوە دۆزرایەوە.

دلاوەر محەممەد، ناسراو بە دلێری زێڕنگەر، تەمەنی 43 سـاڵ و دانیشـتووی شاری هەولێر بـوو، پاش نیـوەڕۆی رۆژی 2016/3/2 لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی چووەتە پرسەیەک لە دەرەوەی هەولێـر، دواتـر دەچێـت بـۆ وەرگرتنـەوەی قەرزێکـی، بـەڵام دوو رۆژ دواتر لە 2016/3/4 تەرمەکەی لە دەوروبەری کۆمەڵگەی بەستۆرەی سەر بە ناحیەی پیرمام دەدۆزرێتەوە.

کامـەران محەممەد، بـرای دلێر بە (رووداو)ی راگەیاند، پاشـنیوەڕۆی ئـەو رۆژە براکەیان پەیوەندی بە خێزانەکەیەوە کردووە و ئاگاداری کردووەتـەوە کـە دەچێتـە پرسـەیەک، لەگەڵ هاوڕێیەکـی کـە ناسـیاویانە، رۆیشـتوون بـۆ پرسـەکە کە نزیکـەی کاژێرێک لـە هەولێرەوە دوورە و دوای گەڕانەوەیان لە نزیک چوارڕێیانی ناحیەی عەنکاوە لێیان جیابووەتەوە.

کامـەران گوتی "براکـەم پێیگوتوون دەڕۆم قەرزێـک وەردەگرمـەوە و حەزیـش دەکـەم بەپـێ بـڕۆم، ئیـدی دوای نزیکـەی دوو کاژێر لـە رۆیشـتنی، مۆبایلەکـەی داخـراوە و پاش 44 کاژێریـش تەرمەکەیمـان دۆزییـەوە کە بە فیشەکێک کوژرابوو".

بـە گوتـەی ئـەو برایـەی، ئەوان لـە کاژێر هەشـتی ئەو شـەوەوە کە پەیوەندییـان پێوە کردووە و تەلەفۆنی داخراوە، بیریان بۆ رووداوی خـراپ نەچـووە و پێیانوابـووە مۆبایلەکـەی بەهۆی نەمانی شەحنەوە رەنگە داخرابێت. ئەو گوتـی "دواتر کە دەنگـی نەبوو، لە بەرەبەیانی 2016/3/3 دەسـتمان بـە بەدواداچوون کرد و هیچمـان دەسـتنەکەوت، رۆژی دواتر لە پشـت ناحیەی بەحرکە تەرمەکەمان دۆزییەوە".

بەپێی لێکدانەوەی کەسوکارەکەی و پۆلیسی شاری هەولێر بێت، پێدەچێت شوێنی کوشتن و دۆزینـەوەی تەرمەکەی دلێر جیاواز بن، چونکە وەک کامـەران دەڵێت "لە شـوێنی دۆزینەوەی تەرمی دلێردا هیچ نیشـانەیەک نەدۆزراوەتەوە، بۆیە پێدەچێت لە شـوێنێکی دیکە کوژرابێت".

نەقیـب هۆگر عەزیز، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسـی پارێـزگای هەولێـر بـە (رووداو)ی گوت بەپێـی لێکۆڵینـەوەکان دەرکەوتووە ئەو زێڕنگەرە لە شـوێنێکی دیکە کـوژراوە و دواتر لە شوێنی دۆزینەوەکەی فڕێدراوە.

دلێر تەنیا کچێکی هەیە و سـاڵانێکی زۆر لە دەرەوەی وڵات ژیاوە، چەند ساڵێکە گەڕاوەتەوە کوردسـتان و دووکانێکی زێڕنگەریی داناوە. بە گوتەی براکەی هیچ کێشـەیەکی کۆمەڵایەتییان نییە و قەرزداری کەسـیش نەبووە، بەڵام وەکو زێڕنگەرێـک قـەرزی لای خەڵک بـووە و گوتی "ئـەو پارانەی کـە لای خەڵکن و لـە دەفتەری دووکانـدا نووسـراون ناگەنە 20 هـەزار دۆلار، زۆرترینـی نزیکـەی سـێ ملیۆن دینـارە، جگە لەوەش 90%ی ئەو کەسـانەی پـارەی دلێریان لایە ناسـراون، بۆیە گومانیـان لێناکەین، بەڵام نازانیـن ئاخۆ لە دەرەوەی ئەو دەفتەرە، پارەی دیکـەی لای خەڵک بـووە و ئێمە نەمانزانیوە و یان نا".

ئـەوەی ئێسـتا کەسـوکاری دلێـر دەیزانن، تەنیـا ئـەو قسـەیەی خۆیەتی کە رۆیشـتووە بـۆ وەرگرتنـەوەی قەرزێکی، بـەڵام نازانن لای چ کەسـێک بووە، کامەران گوتـی "ئەوەی لای ئێمـە ناڕوونە، ئەوەیـە دوای جێهێشـتنی ئەو هاوڕێیانـەی پێـی نەگوتـوون کـە دەڕواتـە چ شوێنێک و بۆ لای چ کەسێک".

زۆرجار پۆلیس سـوود لە مۆبایل و هەندێک پێداویسـتی کوژراو بۆ دۆزینـەوەی بکوژەکانی وەردەگرێت، بەڵام بکوژانی دلێر بۆ شاردنەوەی زیاتری تاوانەکە و نەدۆزینەوەیان بەشێوەیەکی ئاسـان، هیـچ شـتێکی ئەوتۆیـان پێـوە نەهێشـتووە، کامەران گوتـی "مۆبایل و پارە و مۆڵەتی شۆفێری و سەنەویی ئۆتۆمبێلەکەشیان بـردووە و لە کاتـی دۆزینەوەیـدا تەنیا کارتی هۆڵێکی وەرزشـی و سێ هەزار دینار و سویچی ئۆتۆمبێلەکەی پێبوو".

کەسـوکاری دلێر تائێستا سـکاڵایان لەدژی هیچ کەسێک تۆمار نەکردووە، چونکە گومانیان لە کەس نییە، بەڵام پۆلیس لە بەدواداچووندان بـۆ دۆزینـەوەی بکوژانی، گوتەبێژی پۆلیسـی هەولێر روونیکردەوە گوتـەی کەسـوکار و هاوڕێ و کەسـە نزیکەکانیـان وەرگرتـووە و بە دوای سەرەداوەکانەوەن بۆ دۆزینەوەی بکوژانی.

بەپێی ئامارەکانی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسـی پارێزگای هەولێر، سـاڵی رابردوو لە سـنووری پارێزگاکەیان 50 پیاو کوژراون.

## باوکی دەڵێت نەخۆشیی دەروونیی هەبووە

# گەنجێک خۆی دەسووتێنێ

**عومەر چاوشین**
**رووداو - راپەڕین**

هەرێم ماوەی 28 رۆژ بوو لە نەخۆشـخانە بەدەسـت ئـازاری سـووتانی جەسـتەیەوە دەینالانـد، تـا دواجـار گیانـی سـپارد و کەسوکارەکەشی دەڵێن نەخۆشیی دەروونیی هەبووە.

رۆژی 2016/2/14 ، واتـە هەمـان رۆژی ڤالانتاین، گەنجێکی تەمەن 27 سـاڵ بەناوی هەرێـم عەبدولڕەحمان، دانیشـتووی ناحیەی حاجیـاوای سـەر بە قەزای رانیـە، ئاگری لە جەسـتەی خـۆی بـەردا. هەرێـم 28 رۆژ لە نەخۆشخانەی جوانکاریی سلێمانی چارەسەری وەردەگرت، بەڵام چارەسـەرییەکان سـاڕێژی برینەکانـی جەسـتەی سـووتاوی هەرێمیـان نەکرد و رۆژی 2016/3/12 گیانی دەرچوو.

عەبدولڕەحمـان حاجی قادر، باوکی هەرێم باسی دەردی کوڕەکەی کرد و گوتی کوڕەکەی بەهـۆی ئـەوەی لـە خوێنـدن دواکەوتبـوو، تووشی نەخۆشیی دەروونی بووبوو، هەر بەهۆی ئەو نەخۆشییەش خۆی سووتاند.

باوکی هەرێم باسی ساتی پێش رووداوەکە دەکات و دەڵێـت "ئەو رۆژە بەیانی بەیەکەوە نانمـان خوارد، داوای جگـەرەی کرد، منیش دوو جگـەرەم دایـێ. پێمگـوت دەچمە بازاڕ هیچـت ناوێ؟ هیچ قسـەی نەکـرد. پێمگوت حـەز دەکەی بـڕۆ قورئان بخوێنـە، یان بڕۆ پشوو بدە و بخەوە، بەڵام هیچی نەگوت".

عەبدولڕەحمـان پێیوایـە تاکـە کێشـەی کوڕەکـەی ئـەوە بـووە کـە لـە خوێنـدن دواکەوتـووە و هەر بەو هۆیەشـەوە تووشـی نەخۆشـیی دەروونیی بوو "کوڕەکەم 11 ساڵ لەمەوبـەر لە قۆناغی نـۆی بنەڕەتی بوو، لە خوێنـدن دواکەوت، وانەی بیـرکاری لێ ببوو بـە دوژمن، لێی دەرباز نەدەبوو، لە وانەکانی دیکە زۆر زیرەک بوو، دەرسی بە برادەرەکانی دەگوت. کاتێکیش بینی زۆربەی هاوپۆلەکانی ئەو لـە زانکۆ و پەیمانگان، یـان خوێندنیان تـەواو کـردووە، ئیدی تووشـی نەخۆشـیی دەروونی بوو".


باوکـی هەرێـم دەڵێت کوڕەکـەی بۆ لای زیاتر لە 10 پزیشکی دەروونی بردووە، بەڵام نەیانتوانیوە نەخۆشـییەکەی چارەسەر بکەن و تەنیـا حـەب و دەرمانـی هێورکەرەوەیـان پێـدەدا، کاتێـک دەرمانەکانـی دەخـوارد دەروونی هێور دەبووەوە، بەڵام ئەگەر بەکاری نەهێنابـا وەکـو خـۆی لێدەهاتـەوە. باوکی هەرێم گوتیشی "زیاتر لە 50 هەزار دۆلارم لێ خـەرج کرد، بەس بۆ ئـەوەی چاک ببێتەوە، بەڵام سوودی نەبوو".

ئـەو رۆژەی هەرێـم خـۆی سـووتاندووە، کەسـوکارەکەی هەموویان لـە ماڵەوە بوون، بـەڵام کەس بیری بـۆ ئەوە نەچـووە هەرێم وا بەسـەر خـۆی بێنـێ، چونکـە بەدرێژایی ئەو چەند سـاڵەی تووشـی نەخۆشیی بووە، کـەس نەیبیسـتووە ئـەو کـوڕە هەڕەشـەی خۆسووتاندن یان خۆکوشتن بکات.

باوکـی هەرێـم گوتـی "هەرێـم چووبووە چێشتخانە و دەرگای لەسەر خۆی داخستبوو، نەوتی نێو سـەماوەری دەرهێناوە و بەخۆیدا کـردووە و ئاگری لە خۆی بـەرداوە، نزیکەی 85%ی جەستەی سووتابوو".

عەبدولڕەحمان لە نەخۆشخانە لە کوڕەکەی پرسـیوە کە بۆچی خۆی سـووتاند، ئەویش گوتبـووی "بابـە هەموو کەس بوو بە شـت، بـەڵام من هیچـم بەهیچ نەکـرد، بۆیە حەزم دەکـرد بمرم، بەڵام ئێسـتا زۆر پەشـیمانم، بەس ئەمجارە چـاک ببمەوە، ئێوە چی بڵێن ئەوە دەکەم".

هـەردی عەبدولڕەحمان کـە برای هەرێمە، باسـی براکەی دەکات و دەڵێـت "هەرێم زۆر ترسنۆک بوو، شەرمن و دڵناسک بوو، حەزی بـە یـاری و خواردنی منداڵان دەکـرد، بەڵام بێدەسـەڵات و قەلەق و خۆشـباوەڕیش بوو. حـەزی لـە تەنیایـی بوو. کەم حـەزی خۆی دەردەبڕی، هیچ کات باسـی کێشەکانی خۆی نەدەکرد، گلەیی لە کەس نەبوو".



سـاڵ نییـە چەند قوتابییەک بـە هۆکاری جیاجیـا خۆیان لەنێونەبـەن. رێنماییکارێکی دەروونـی باسـی هۆکارەکانـی خۆکوشـتنی خوێنـدکاران دەکات. بەختیـار محەممـەد رێنماییـکاری دەروونـی پێیوایـە خۆئازاردان یـان هەوڵـدان بـۆ خۆلەناوبـردن چەنـد هۆکارێکی لەپشـتەوەیە بـۆ قوتابیان لەوانە: هـۆکاری خودی، کـە خوێندکارەکە ویسـتی بەدەسـتهێنانی نمـرەی زۆری هەیـە، بـەڵام تواناکانی لە ئاسـت ئارەزووەکانی نین، بۆیە ئەو هاوکێشـەیە پێچەوانە دەبێتەوە. هۆکاری خێزانـی، خێزانـەکان بـەردەوام دەیانەوێـت منداڵەکانیان نمرەی باش و بەرز بەدەستبێنن و بەراوردی دەکـەن بە خوێندکاری زیرەکتر، دواتر ئەنجامی خراپ و نەرێنی لێدەکەوێتەوەو خوێندکارەکـە تووشـی رووخانـی دەروونـی دەبێت.

بەختیار محەممەد بەشێک لە هۆکارەکانیش بۆ خـودی پەروەردە دەگێڕێتـەوە، لەوانەش زوو گۆڕینـی پرۆگرامەکانی خوێندن، خراپیی باڵەخانەکانـی خوێنـدن، بوونـی ژمارەیەکی زۆری قوتابـی لە پۆلێکـدا. پەیوەندی نێوان مامۆسـتا و قوتابـی، سەرزەنشـتکردنی قوتابی لەلایەن مامۆسـتا، دەرخستنی لایەنە خراپەکانـی قوتابـی و شـاردنەوەی لایەنـە باشـەکانی لەلایـەن مامۆسـتایان لـە کاتـی سەردانی کەسوکاری قوتابی بۆ قوتابخانە.

# بەلجیکا.. ئامانجێکی ئاسان بۆ پەلاماردان

ڕووداو- Newstatesman، The Independent

ماوەی چەند مانگێکە ناوچەی مۆلێنبیک لە باکووری ڕۆژئاوای برۆکسل، لەژێر چاودێریی چڕوپڕی هێزە ئەمنییەکانی بەلجیکادایە، پۆلیسی بەلجیکا خانووبەرەکانی ئەم ناوچەیە بە بنکەی سەرەکیی چالاکی ئەو تۆڕە دەزانن کە هێرشەکانی مانگی نۆڤەمبەری پاریسیان ئەنجامدا و تێیدا 130 کەس بوونە قوربانی و 368 کەسیش بریندار بوون. لە کۆی 12 ئەنجامدەری هێرشەکەی پاریس سێ کەسیان خەڵکی مۆلێنبیک بوون، ژمارەیەکی زیاتریش لە خەڵکی ئەم ناوچە هەژارنشینە وەکوو یارمەتیدەر بەشداری هێرشەکانی پایتەختی فەرەنسا بوون.

ڕەگوڕیشەی گرووپە توندڕەوەکان لە بەلجیکا لە کاتی دادگایی فوئاد بێلکازم، سەرۆکی گرووپی ڕادیکاڵی ئیسلامی "شەریعەت بۆ بەلجیکا" زیاتر ئاشکرا بوو، ئەم گرووپە سەرەتا بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە تەنیا تۆڕێکی بەخشینی زانیاریی ئیسلامییە، بەڵام دواتر دەرکەوت ڕۆڵێکی کارای هەیە لە ڕاکێشانی گەنجانی موسڵمانی بەلجیکا بۆ ناو گرووپە ئیسلامییەکانی بەشدار لە جەنگی ناوخۆیی سووریا. دادگای بەلجیکا حوکمی 3 بۆ 12 ساڵ زیندانی بۆ 44 ئەندامی ئەم گرووپە دەرکرد، ئەگەرچی زۆربەی تاوانبارەکان لە کاتی دادگاییەکەدا لە سووریا بوون.

لە ماوەی پێنج مانگی ڕابردوودا زۆربەی پشکنینەکان لە مۆلێنبیک بوون، نەک هەر لەبەر ئەوەی عەبدولحەمید ئەباعود، پلاندارێژەری هێرشەکانی پاریس، لەم ناوچەیە گەورە بووە، بەڵکو زیاتر لەبەر ئەوەی سەلاح عەبدولسەلام دوای هێرشەکانی پاریس بەرەو بەلجیکا و بە تایبەتیش مۆلێنبیک ڕایکردبوو.

دوای ئەوەی ئەباعود لە 18ی نۆڤەمبەری پارساڵ لە ئەنجامی ئۆپەراسیۆنێکی بەرفراوانی پۆلیسی فەرەنسا لە گەڕەکی سان دەنیس کوژرا، تاکە سەرەداوی زانیارییەکان سەبارەت بە هێرشەکانی پاریس و پلانی داهاتووی داعش بۆ ئەورووپا لەلای عەبدوسەلام بوو.

## مۆلێنبیک.. جیهانێک لە دەرەوەی برۆکسل

ناوچەی مۆلێنبیک تەنیا چەند کیلۆمەترێک لە گراند پلەیس و مانێکین پیس دوورە، بە تاکسی چەند خولەکێک لە ئۆفیسی ژان کلۆد یانکەر، سەرۆکی کۆمیسیۆنی یەکێتیی ئەورووپاوە دوورە، بەڵام بەم حاڵەشەوە ئەم ناوچەیە جیهانێکی دابڕاوە کە لە وەبەرهێنانەکانی حکومەت، یەکدەستبوونی کۆمەڵایەتی و حوکمڕانییەکی کارا بێبەشە.

دانیشتووە کۆنەکانی ئەم ناوچەیە بەرەو ناوچەکانی دیکەی برۆکسل کۆچیان کردووە، لە شوێنی ئەوانیش کۆمەڵگەیەکی پارچەپارچەی فرەجۆر لەڕووی نەتەوە و زمانەوە دەرکەوتووە کە دواجار بوون بە ژینگەیەکی لەبار بۆ ئامادەکاریی هێرشەکانی 13ی نۆڤەمبەری پاریس و 22ی مارسی برۆکسل.

بەڵام مۆلێنبیک هەمووکات وەها نەبووە. تەنیا 20 ساڵ لەمەوبەر بنکەی سەرەکیی چینی کرێکاری سۆسیالیستی برۆکسل بووە. ئەگەرچی ئێستا زۆربەی دانیشتووانەکەی بە فەرەنسی دەئاخڤن، بەڵام چەند دەیەیەک لەمەوبەر زۆربەی دانیشتووانەکەی هۆڵەندی زمان بوون.

بەڵام سەردەمەکە گۆڕا. لە دوایین هەڵبژاردنی شارەوانییەکاندا، پارتی سۆسیالیست دۆڕا، ئەمەش دوای چەند دەیەیەک دەسەڵاتی ڕەها لە مۆلێنبیک. هۆکاری سەرەکیی دۆڕانی فیلیپ مۆرۆ، سەرۆکی شارەوانی پێشووی مۆلێنبیک بۆ گەندەڵی دەگەڕێتەوە.

لاوازبوونی ژیانی شار، شوێنگۆڕکێی بە لێشاوی خەڵکی برۆکسل و گۆڕانی ئەم شارە بۆ شارێکی نێودەوڵەتی- بۆ نموونە پایتەختی یەکێتی ئەورووپا- تەنیا چەند هۆکارێکن کە ڕەنگدانەوەیان لە گۆڕانی دیمۆگرافیی مۆلێنبیکدا بەدی دەکرێت. مۆلێنبیک بەشێوەیەکی سەرەکی لە کرێکارە بیانییەکان پێکدێت کە باکگراوندی کولتووری جیاوازیان هەیە و تاکە شتێک کە هەموویان کۆدەکاتەوە، ئەو وڵاتەیە کە بە بەلجیکا ناوی دەبردرێت.

برۆکسل ماوەیەکی زۆرە بە شارێکی فرەکولتوور ناسراوە، بە تایبەتیش دوای ئەوەی خەڵکانێکی زۆر لە شەستەکان و حەفتاکانی سەدەی پێشوو لە باکوور و ناوەڕاستی ئەفریقا و هەروەها لە تورکیاوە ڕوویان لە بەلجیکا کرد. بەڵام مۆلێنبیک، لە پاڵ چەند ناوچەیەکی دیکەی دەوروبەری برۆکسل، لە زۆر ڕووەوە ئەو پێوەرانەی تێپەڕاندووە کە ئەورووپییەکان بۆ کۆمەڵگایەکی فرەکولتوور هەیانە، لەبەر ئەوەی مۆلێنبیک جیهانێکی بچووکی دابڕاوە کە جڤاکە جیاوازەکانی ناوی شوناسێکی سەربەخۆیان لە دەرەوەی شوناسە فەرمییەکان بۆ خۆیان دروست کردووە.

دەکرێت ئەم فرەڕەنگییەی برۆکسل بەگشتی و مۆلێنبیک بەتایبەتی وەکوو بەرهەمی تەوژمی بەجیهانیبوون لەقەڵەم بدرێت، وەکوو چۆن هەمان دیاردە لە شارەکانی لەندەن و پاریسیش بەدی دەکرێت، بەڵام ئەوەی لەم فرەڕەنگییەی برۆکسلدا مۆرکێکی بەلجیکی پێوەیە، پەیوەندی بە ستروکتوری دەوڵەتی بەلجیکاوە هەیە.

بەلجیکا، وەکوو کۆمەڵگایەکی سیاسی، کۆمەڵێک تایبەتمەندیی باشی هەیە، بۆ نموونە بەلجیکا وەکوو نموونەیەک سەلماندی، کاڵکردنەوەی دەمارگرژییە نەتەوەیی و قەومییەکان پێویستی بە بەکارهێنانی توندوتیژیی سیاسی نییە. لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردووەوە دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندیی بەلجیکا بەشێوەیەکی ڕادیکاڵ توایەوە، هەر ئەمەش وایکرد حکومەتی فیدراڵیی بەلجیکا دەسەڵاتێکی دامەزراوەیی، یاسایی و جێبەجێکاریی ئەوتۆی لەبەردەستدا نەبێت. زۆربەی بەرپرسیارێتیەکانی حکومەتی ناوەندی بەسەر هەرێم و کۆمەڵگا زمانییە جیاجیاکاندا دابەشکران.

ئەگەرچی ئەمە لە ئەوروپا وەکوو کەمبوونەوەی دەسەڵاتی ناسیۆنالیزمی ناوەند پێناسە دەکرێت، بەڵام نموونە ڕادیکاڵەکەی بەلجیکا دەریدەخات کە ئاکامی ئەم جۆرە سیاسەتە سڕینەوەی کاریگەریی دامەزراوە گشتییەکانی حکومەتە.

مۆلێنبیک یەکێک لە 19 کۆمۆنە ئۆتۆنۆمەکەی برۆکسلە و نەک هەر لە سەرچاوە بنەڕەتییەکانی کۆمەڵگایەکی مۆدێرنی ئەوروپی بێبەشە، بەڵکو هیچ دەسەڵاتێکی کاریگەری سیاسی و ئیداریش لەم ناوچەیەدا باڵادەستییەکی ئەوتۆی نییە. شارەوانی یانیش سەرۆکایەتی کۆمۆنی مۆلێنبیک نەیتوانیوە وەکوو پێویست قوتابخانە، خزمەتگوزاریی گشتی و دامەزراوە گشتییەکان بۆ ناوچەکە دابین بکات، ئەمەش جۆرێک لە کەلێنی دروستکردووە کە گرووپ و نەریتە نافەرمییەکان دەتوانن پڕی بکەنەوە.

لە یەکێک لە تۆمارە ڤیدیۆییەکانی دوای هێرشەکانی ڕۆژی سێشەممەدا، کەسێک لە بریندارەکانی ناو فڕۆکەخانەکە هاوار دەکات "ئەم پۆلیس و سەربازە نەفرەتییانە لە کوێن؟"، بریندارێکی دیکەی هەمان ڕووداو لە وەڵامدا دەڵێت "ئەگەر لێرەش بوونایە هیچیان پێنەدەکرا". ناکارایی پۆلیس و دەزگا ئەمنییەکانی بەلجیکا ماوەیەکی زۆرە بووەتە جێی ڕەخنەی هەموو لایەک. هۆکاری بنەڕەتیی ئەمەش بۆ ئەم شێوازە لە ستروکتوری ئیداری دەگەڕێتەوە کە کاریگەریی نەرێنی لەسەر پۆلیس و دەزگا ئەمنییەکانی بەلجیکا جێهێشتووە.

ئەگەرچی دەسەڵاتی پۆلیس لە مۆلێنبیک لە چاو کۆمۆنەکانی دیکەی برۆکسل زۆر کەمە، بەڵام ئەم دیاردەیە تایبەت نییە بەو ناوچەیە. دەسەڵاتی لەرادەبەدەری ناوچەیی، کەڵەکەبوونی دەسەڵاتە خۆجێییەکان و بەسیاسیکردنەوەی هەموو پرسەکان وای کردووە پۆلیسی بەلجیکا دەسەڵاتی بەسەر ڕووداوە ڕۆژانەکاندا نەشکێت، چجای ئەوەی کۆنترۆڵی هێرشێکی وەکوو هێرشەکانی 22ی ئاداری فڕۆکەخانە و میترۆی برۆکسل بکات.

ڕەنگە هەر ئەمەش هۆکاری ئەو بێ ئەزموونییە بێت کە دوای دەستگیرکردنی عەبدولسەلام لە 18ی ئەم مانگە پێشانیان دا، کاتێک بەشی هەرە زۆر و گرنگی لێدوانەکانی عەبدولسەلامیان بڵاوکردەوە کە لە یەکێکیاندا گوتبووی ئامادەیە هاوکاریی پۆلیسی بەلجیکا بکات و ئاشکراشی کردبوو کە بەرنامەی کۆمەڵێک هێرشی دیکەیان بەدەستەوە بووە. وەکوو پیتەر ڤان ئۆستایەن، توێژەر لە بواری ڕادیکاڵیزمی ئیسلامی دەڵێت "هێرشەکانی ڕۆژی سێشەممەی برۆکسل هێرشی تۆڵەسەندنەوە نەبوو، بەڵکو ئاکامی بڵاوکردنەوەی لێدوانی عەبدولسەلام بوون، لە کاتێکدا ئەندامانی تۆڕەکە ترسی ئەوەیان لێنیشتبوو بەر لەوەی بتوانن هێرشێکی دیکە ئەنجام بدەن تۆڕەکەیان ئاشکرا ببێ".

ئەم فاکتەرانە بوونە هۆی ئەوەی ناوچەیەکی وەکوو مۆلێنبیک ببێتە ژینگەیەکی لەبار بۆ گرووپە چەکدارە ئیسلامییەکان، ڕەنگە تاکە ڕێگە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم کێشانە ئەوە بێت بەلجیکا جارێکی دیکە خۆی وەکوو دەوڵەتێک دابڕێژێتەوە.



تاکە ڕێگە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر ئەوەیە کە بەلجیکا جارێکی دیکە خۆی وەکوو دەوڵەتێک دابڕێژێتەوە (فۆتۆ: AFP)

# کتێبە نوێیەکەی خەلیلزاد چ وانەیەک دەداتە ئیدارەی ئەمریکا؟

ڕووداو- National Interest

لە بەشێکی کتێبە نوێیەکەی زاڵمای خەلیلزاد، باڵیۆزی پێشووی ئەمریکادا لە ئەفغانستان و عێراق، ئاماژە بۆ چوار وانە دەکرێت کە ئەمریکا لە سیاسەتی دەرەوەی خۆیدا دەبێت ڕەچاویان بکات بۆ ئەوەی بتوانێت ڕۆڵی خۆی لە جیهانی پڕ تەنگژەی ئێستادا بگێڕێت.

وانەی یەکەمیان پەیوەندی بە تێوەنەگلانی ئەمریکا لە کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە هەیە کە لەلایەن ئیدارەی ئێستای کۆشکی سپییەوە بەتەواوی پێڕەو دەکرێت. خەلیلزاد دەڵێت ئۆباما بە ڕاوێژی دەزگای هەواڵگریی ئەمریکا گەیشتووەتە ئەو بڕوایەی تەنیا لە سێ حاڵەتدا پەنا بۆ دەستتێوەردانی سەربازی ببات کە بریتین لە "سەرهەڵدانەوەی مەترسی ئەلقاعیدە، دروستبوونی مەترسی لەسەر مانەوەی ئیسرائیل و هەڕەشەکانی ئێران بەهۆی بەرنامە ئەتۆمییەکەیەوە".

باڵیۆزی پێشووی ئەمریکا لە عێراق پێیوایە ئەم تێڕوانینەی کۆشکی سپی کە تەنانەت لەلایەن کاندیدە کۆمارییەکانیشەوە پشتگیریی دەکرێت، کێشەی تێدایە، لەبەر ئەوەی ڕێگرە لە بینینی ئەوەی بە خۆدوورگرتنی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کێشەی گەورەتر دروست دەبێت کە دەشێت لە داهاتوودا ئاکامی وەهای لێبکەوێتەوە، ئەمریکا ناچار بکات دەستتێوەردانێکی زۆر گەورەتر لەوە بکات کە ئێستا هەوڵ دەدات خۆی لێ بەدووربگرێ.

خەلیلزاد پێیوایە ئەم هەڵوێستەی ئەمریکا دەکرێت لەسەر ئاستی پەیوەندییەکانی واشنتن و وڵاتانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتیش کێشەی گەورە دروست بکات، بۆ نموونە هەندێک لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست خەریکی توندوتۆڵکردنی پەیوەندییەکانیانن لەگەڵ چین و ڕووسیا. هۆکاری ئەمەش ئەوەیە "وڵاتانی ئەم ناوچەیە متمانەیان بە ئەمریکا وەکوو پارێزەری ئاسایشی وڵاتەکانیان لاواز بووە".

خەلیلزاد کە ماوەیەکی زۆریش پلاندانەری وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا بووە، جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی "باشتر وایە بەردەوامی بە بەشداریمان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بدەین و ڕووداوەکان بە ئاراستەیەکی ئەرێنیدا بەرین. نەک ئەوەی ڕێگە بدەین قەیرانی گەورەی دیکە سەرهەڵبدات کە دواجار دەشێت ناچارمان بکەن لە ڕەوشێکی زۆر سەختتر لەوەی ئێستا و بە تێچوونێکی زیاتر دەستتێوەردان بکەین."

لە بەشێکی دیکەی پێشنیازەکانیدا، زاڵمای خەلیلزاد بەرپەرچی ئەو بۆچوونە دەداتەوە کە پێیوایە ئەرکی ئەمریکا ئەوەیە بۆردومانی گرووپە توندڕەوە ئیسلامییەکان بکات و خۆی لە بنیاتنانەوەی وڵاتان بەدووربگرێت. خەلیلزاد دەڵێت ئەو هەر لەسەرەتاوە پشتگیری لەو بۆچوونە کردووە کە ئەرکی ئەمریکا تەنیا ڕاوەدوونانی گرووپە توندڕەوەکان نییە، بەڵکو هاوکات دەبێت هاوکاریی حکومەتەکانیش بکات بۆئەوەی دامەزراوە دیموکراتیک و یاساییەکانی خۆیان دروستبکەنەوە، تاوەکو ئەمریکا ناچار نەبێت بۆ هەتا هەتایە ئاسایشی ئەم وڵاتانە بپارێزێت.

باڵیۆزی پێشووی ئەمریکا لە ئەفغانستان، ڕەخنە لەو بۆچوونەش دەگرێت کە پێیوایە ئەمریکا پێویست ناکات ڕووسیا، چین و ئێران کۆنترۆڵ بکات، چونکە دەتوانێت پشت بە هاوپەیمانەکانی ببەستێت بۆ ئەوەی کاریگەریی ئەوان کەم بکەنەوە. خەلیلزاد ئەوە دەخاتەڕوو کە بیرۆکەی جیهانی فرە-جەمسەر خەریکە جارێکی دیکە لەسەر زاری گەورە بەرپرسانی ئەمریکا بڵاودەبێتەوە.

زاڵمای خەلیلزاد جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە جیهانی تاک-جەمسەر بە سەرکردایەتی ئەمریکا دەتوانێت ئاشتی و سەقامگیری بۆ ناوچە جیاجیاکانی جیهان بگەڕێنێتەوە. ئارگۆمێنتی خەلیلزاد لەمبارەیەوە ئەوەیە کە "جیهانێکی فرە-جەمسەر سەرهەڵدانی هەردووجەنگە جیهانییەکەی لێکەوتەوە و جیهانی دوو-جەمسەریش هەڕەشەی جەنگی ئەتۆمیی لێکەوتەوە". زاڵمای خەلیلزاد پێیوایە ئەمریکا بە کۆمەڵێک هەنگاو دەتوانێت ڕێگری لە دروستبوونی جیهانێکی فرە-جەمسەر بکات کە سەرەکیترین هەنگاویان ئەوەیە "ڕەوشی جیۆپۆلیتیکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەورووپا و ئاسیای ڕۆژهەڵات ئاسایی بکاتەوە". بۆ ئەم مەبەستەش دەتوانێت "پشت بە پێکهێنانی هاوپەیمانی لەگەڵ وڵاتانی سەر زەریای ئارام و ئەتڵەنتیک ببەستێ".

نووسەری کتێبی "نێردە" پێیوایە بۆ دەرکردنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەم زلکاوەی ئێستا، دەبێت باڵانسی هێز بۆ ناوچەکە بگەڕێنرێتەوە و پشتگیریی تەواو لە حکومەتە میانڕەوەکانی ناوچەکە بکرێت، هاوکات پێویستە چارەسەرێکی سیاسی بۆ کێشە ناوخۆییەکانی سووریا و عێراق بدۆزرێتەوە. ئەو پێیوایە دانوستاندنەکانی ئاشتیی سووریا دەکرێت بناغەیەک بێت بۆ ڕێککەوتن و پەیمانی دیکە لە داهاتوودا کە هەموو وڵاتانی زلهێزی ناوچەکە لەسەری کۆببنەوە.

زاڵمای خەلیلزاد هەروەها ڕەخنە لەو بیرۆکەیە دەگرێت کە وادەزانێت ئەمریکا دەتوانێت بە بودجەیەکی سەربازیی کەمیش هەڵبکات و بەبۆچوونێکی نابەرپرسیارانەی دەزانێت. بەڕای خەلیلزاد کەمکردنەوەی بودجە یانیش بەشداریی سەربازیی ئەمریکا لە ناوچە جیاجیاکانی جیهان، ناتوانێت کۆتایی بە قەیرانەکان بهێنێ و ئەوەی ئەمریکا پێویستە لەم پەیوەندییەدا بیکات، ڕاستکردنەوەی هاوسەنگیی نێوان ئامرازە سەربازی و دیپلۆماسییەکانە، بە هەمانشێوە لە کاتی ناردنی هێزی سەربازیدا دەبێت "پەیوەندییەکانی هێزە مەدەنی و سەربازییەکان باشتر بکەین". خەلیلزاد هەروەها پێیوایە بۆ بەهێزکردنی ئامرازە دیپلۆماتیکەکان دەبێت هاوکارییە داراییەکانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا زیاتر بکرێن، هاوکات کۆمەڵێک بەش و دەسەڵاتی نوێ لەناو پێکهاتەی ئەم وەزارەتەدا دروست بکرێن کە توانا و دەسەڵاتی داڕشتنی سیاسەتیان بۆ هەموو ناوچەکە هەبێت.

زاڵمای خەلیلزاد هەروەها ڕەخنەی توند لەو لایەنانە دەگرێت کە پێیانوایە ئەمریکا دەبێت بەشداری خۆی لە پەرەپێدانی دیموکراسی، بە تایبەتیش لیبراڵ دیموکراسی کەم بکاتەوە. بەبۆچوونی نووسەری کتێبەکە هەندێک لەو ڕەخنانەی لە هەوڵەکانی ئەمریکا بۆ جێگیرکردنی دیموکراسی لە جیهاندا دەگیرێن، لەجێی خۆیاندان، بەڵام ئەم ڕەخنانە بەو مانایە نین بیرۆکەی پەرەپێدانی دیموکراسی بە سەرکردایەتی ئەمریکا بە تەواوەتی بەلاوە بنرێ.

خەلیلزاد گەورەترین کەموکوڕیی ئەمریکا لە هەوڵەکانی بۆ پەرەپێدانی لیبراڵ دیموکراسی لەوەدا دەبینێ کە نەیتوانیوە هەوڵەکانی لەگەڵ کۆمەڵگای مەدەنی وەربگێڕێتە سەر ئەو چالاکییانەی پەیوەندییان بە دامەزراندنی حیزبی سیاسییەوە هەیە "لە کاتێکدا ئەم هەنگاوە توانای ئەوە بە لیبراڵەکان دەدات لە هەڵبژاردنەکاندا ڕکابەری بکەن". خەلیلزاد گەشبینە بەوەی ئەمریکا هێشتاش دەتوانێت ڕۆڵی خۆی لە پەرەپێدانی دیموکراسی لە جیهاندا بگێڕێت، بۆ ئەم مەبەستەش پێیوایە هەندێک توانا و چاکسازیی بچووک دەتوانێت جیاوازییەکی گەورە لە نێوان سەرکەوتن و شکستی هەوڵەکاندا دروست بکات.

هاوکات جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە شکستهێنانی هەوڵەکانی ئەمریکا بۆ پەرەپێدانی دیموکراسی لە هەندێک لە وڵاتانی جیهاندا دەگەڕێتەوە بۆئەوەی حکومەتە دیموکراتە نوێیەکان نەیتوانی دەست لەسەر کێشە ڕاستەقینەکانی حوکمڕانی لە وڵاتەکەیان دابنێن.


لە کۆتایی ئەم بەشە لە کتێبەکەیدا، زاڵمای خەلیلزاد چوار وانە دەخاتەڕوو کە ئەمریکا دەتوانێت لەم ڕەوشە ئاڵۆزەی ناوچە جیاجیاکانی جیهانیان وەربگرێت:

1- ئەمریکا ڕۆڵێکی سەرەکی لە نەزمی جیهانیدا دەگێڕێت، هەر کاتێکیش ئەمریکا کشاوەتەوە بۆشاییەکی مەترسیدار دروست بووە. سەرکردایەتی جیهانیی ئەمریکا گرنگە بۆ ئەوەی بتوانرێت مەترسییەکانی ڕەوتی دروستبوونی جیهانی فرە-جەمسەر کۆنترۆڵ بکرێ.


2- هاوکاری و بەشکردنی ئەرکە قورسەکان لەگەڵ دۆست و هاوپەیمانەکانمان دڵنیاترین ڕێگەیە بۆ ئەوەی بە ئامانجەکانمان بگەین، بێ ئەوەی ناچاربین هەوڵەکانی خۆمان لەرادەبەر لە ناوچەکەدا فراوان بکەینەوە.

3- ئێمە دەبێت مکوڕبوونی خۆمان لەسەر ئامانجەکان هاوسەنگ بکەینەوە- واتە بەهێز بین و خاکییش بین- هاوکات دەتوانین سنوورەکانی دەسەڵاتی خۆیشمان ببینین.

4- ئامرازەکانی سیاسەتی دەرەوە و سیاسەتی ئاسایشمان پێویستیان بە چاکسازییە.



# یەکێتی چۆن مامەڵە لەگەڵ ناڕەزاییەکانی سلێمانی دەکات؟



شرۆڤە: عەبدوڵڵا ڕێشاوی

خەڵکی ناوچەی سلێمانی بەهۆی هەستی بەرهەڵستکارانەی بەرامبەر دەسەڵاتی یەکێتی و پارتی و بەهۆی ئەو ئۆتۆمۆسفێرە سیاسیەی لە ناوچەکەیاندا هەیە، ناو بەناو، لەگەڵ هەر بارودۆخێکی ناوچەیی یان جیهانی بەڕووی دەسەڵاتی هەرێمدا دەتەقنەوە، بەڵام هەمیشە ئەو تەقینەوەیە کاتییە و پاش ماوەیەک دەسەڵاتدارانی ناوچەکە زۆر بەئاسانی کۆنترۆڵی دەکەنەوە.

کۆنترۆڵکردنی ناڕەزایەتی و تەقینەوە جەماوەرییەکانی سلێمانی لەلایەن یەکێتی نیشتیمانی کوردستانەوە بە لێزانی و زیرەکییەکی سیاسی و ئەمنی بۆ ئەم هێزە تەماشا دەکرێت، کە هاوتەریبە لەگەڵ کۆمەڵێک هەلومەرجی بابەتی.

لەم ڕاپۆرتەدا تیشک دەخەینە سەر بەشێک لەو هۆکارانەی کە وادەکەن یەکێتی نیشتمانی بتوانێت لەهەموو قۆناغێکدا بەسەر ناڕەزایەتییەکانی سلێمانیدا سەرکەوتوو بێت.

ئەگەر لە هەلومەرجە بابەتیەکانەوە دەستپێبکەم، دەبێت ئاماژە بە دوو خاڵی سەرەکی بکەم.

یەکەم: هەر ناڕەزایەتییەک لە کوردستان خۆی لەبنەماوە ناڕەزایەتییەکی ڕادیکاڵ نییە کە بیەوێت هەموو دەزگاکانی حوکمڕانی هەڵتەکێنێ، بەڵکو ئامانجی سەرەکی ئەو ناڕەزایەتیانە دەربڕینی تووڕەیی خەڵکە لە دەسەڵاتداران، هەروەها هەوڵدانە بۆ بە ئاگاهێنانەوەی دەسەڵاتداران و ناچارکردنیانە بە ئەنجامدانی چاکسازی لە دامودەزگاکانی حکومەتدا.

هەر بۆیە ناڕەزایەتییەکی لەم شێوەیە هەمیشە سنووردار دەبێت. چ لە میکانیزم و چ لە ستراتیژدا.

دووەم: خەڵکی کوردستان باوەڕیان وایە دەسەڵاتی یەکێتی و پارتی ڕۆچووەتە ناو کۆمەڵگای کوردی و هەر لەوێشەوە هەڵدەقوڵێ، واتە هێشتاش دەسەڵاتی یەکێتی و پارتی قووڵایی کۆمەڵایەتی خۆیان هەیە، کە ئەو قووڵاییە پاڵپشتییەکی گەورەیە بۆ مانەوەی ئەم دوو هێزە.

هەر بۆیە بیرکردنەوەی گشتی وایە کە هەر هەوڵدانێک بۆ کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی یەکێتی و پارتی لە ڕێگەی شۆڕشی جەماوەرییەوە کارەساتئامێزە و چارەنووسەکەی لە پێشبینی کەسدا نییە.

ئەم قەناعەتە لەلای زۆربەی دەسەڵاتدارە سیاسییەکانی کوردیش هەیە، هەربۆیە تەنانەت ئەوانەش کە نارازین لە دەسەڵات، نایانەوێت ریسکێکی لەو شێوەیە بکەن، چونکە پێیانوایە هەر شۆڕشێکی جەماوەری چارەنووسەکەی نادیارە.

ئێستا دەتوانین چەند خاڵێک بخەینەڕوو کە پەیوەندی هەیە بەشێوەی مامەڵەکردنی یەکێتی نیشتیمانی لەگەڵ ئەو ناڕەزایەتییە — سنووردارانە-ی لە ناوچەی ئەودا دروست دەبن.

1 ـ نابەرابەریی ڕێکخراوەیی

ئەو ناڕەزایەتیانەی لە سلێمانی هەن ناڕەزایەتی جەماوەریی خۆڕسک و ناڕێکخراون، لەبەرامبەردا دەسەڵاتی یەکێتی نیشتیمانی و حکومەت لە سلێمانی دەسەڵاتێکی ڕێکخراوە، ئەمەش وا دەکات هەمیشە یەکێتی نیشتیمانی و دامودەزگاکانی دەسەڵاتی حوکمڕان لە سلێمانی، بتوانن بەسەر ئەو ناڕەزایەتیانەدا زاڵ بن.

ڕۆڵی لایەنە سیاسییەکان لەناو ناڕەزایەتییەکانی سلێمانیدا ڕۆڵێکی پەراوێزییە، ئەوان تەنیا لەڕووی میدیایی و بە بەشێک لە بەشداریی ئەندامەکانیان —بەبێ ڕێکخستن— بەشداری لەو ناڕەزایەتیانەدا دەکەن و هیچ ڕۆڵێکیان لە دروستکردنی ستراتیژ بۆ ئەو ناڕەزایەتیانە نییە، چونکە هەمیشە ئەو هێزانە لە سۆنگەی ڕاگرتنی پێگەی جەماوەریی خۆیانەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو ناڕەزایەتیانە دەکەن و لەبنەڕەتەوە نایانەوێت خەڵک لەڕێی ڕژانە سەر شەقامەوە مافەکانی بەدەستبهێنێ، بەڵکو دەیانەوێت خەڵک لە ڕێگەی متمانەکردن بە ئەوان و جێگیرکردنیان لەناو دامودەزگا فەرمیەکاندا و بەهێزکردنی هەڵوێست و گوتاریان لە بەرامبەر دەسەڵاتدارانی هەرێم، بگەنە مافەکانیان، واتە پرۆژەی ئەوان پرۆژەی گۆڕین و چاکسازییەکی درێژخایەنە نەک کتوپڕ.

لە بەرامبەردا لەبەرئەوەی یەکێتی نیشتیمانی هێزێکی ڕێکخراوە، ئەمە خاڵێکی بەهێز دەبەخشێتە ئەم هێزە کە مامەڵەیەکی واقیعی و زیرەکانە لەگەڵ ناڕێکخراوەیی ناڕەزایەتییەکاندا بکات.

یەکێتی نیشتیمانی باش دەزانێت ئەو ناڕەزایەتیانە تەنیا تووڕەیین و هیچ ستراتیژێکی دیاریکراویان لە پشتەوە نییە، هەر بۆیە لەسەرەتاوە ڕێگە بە دروستبوونی دەدات تا ئەو سنوورەی گروتین و گەرمیی تووڕەییەکە کۆتایی دێت. پاشتر کە مۆتیڤی ڕاستەقینەی ناڕەزایەتییەکە کوژایەوە، بەیەک جووڵەی ئەمنی بەپەلە کۆتایی بە جموجوڵەکە دێنێت.

زۆربەی کات ئەم جووڵەیەی یەکێتی نیشتیمانی لە کاتێکدایە کە ناڕەزایەتییەکان ماوەیەکی زۆریان خایاندووە، بێ ئەوەی هیچ ستراتیژێکی واقیعی بەدەست هێنابێ، بەم هۆیەشەوە چ جەماوەر و تەنانەت چالاکوانەکانیش گیریان بەدەست چالاکییەکانی خۆیانەوە خواردووە و نازانن بەچ ئاراستەیەکدا بیبەن، ئەمە جگە لەوەی خەڵک بە گشتی بێزار بووە و زمانحاڵی خەڵک داوای کۆتاییهێنان بە ناڕەزایەتییەکان دەکات.

بەسەرنجدان لە ئاکامی خۆپیشاندانەکانی 17ی شوبات ئەم ڕاستیە بەتەواوی دەردەکەوێت. ناڕەزایەتییەکانی 17ی شوبات کە بەدرێژایی 62 ڕۆژ لەسەر یەک شێوە ناڕەزایەتی دووبارە دەبووەوە، هەموو لایەکی تووشی بێزاری و بێتاقەتی کردبوو. تەنانەت چالاکوانەکانیش بێزار ببوون لە دووبارەبوونەوەی هەمان شێوەی دەربڕینی ناڕەزایەتی. هیچ جۆرە گۆڕانکارییەک لە شێوەی بەڕێوەچوونی ناڕەزایەتییەکاندا نەبوو.

لە بەرامبەردا دانبەخۆداگرتنی دەسەڵاتدارانی سلێمانی لە بەرامبەر ناڕەزایەتییەکان چالاکوانەکانی خستبووە بەردەم دوو ئەگەر یان بەردەوامبوون یان وازهێنان، چونکە گۆڕینی ستراتیژ کارێکی زەحمەت بوو کە لەتوانای جەماوەر و چالاکوانەکان گەورەتر بوو.

تێڕامانێکیش لە بایکۆت و ناڕەزایەتی فەرمانبەران هەمان ڕاستی پێشوو دەردەخاتەوە، کاتێک فەرمانبەران و مامۆستایان لەسەر هەمان شێوەی چالاکی بەردەوام دەبن بێ بەدەستهێنانی هیچ "ئاکامێکی دیار"، ئەوا دواجار بێزارییەکی گشتی و بێهیواییەک دروست دەبێت کە بەلای دەسەڵاتدارانی یەکێتییەوە کۆتاییهێنان بە ناڕەزایەتییەکان لێرەوە دەستپێدەکات.

2 ـ بوون بە بەشێک لە ناڕەزایەتی:

یەکێتی نیشتیمانی هەمیشە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، خۆی دەکاتە بەشێک لەناڕەزایەتییەکان و میدیاکەشی بەشێوەیەک ئاراستە دەکات کە تارادەیەک گوزارشت لەناڕەزایەتی خەڵک بکات، ئەمە جگە لەوەی لایەنگرانیشی هەمیشە لەناو ناڕەزایەتییەکاندا هەن و زۆر کاتیش ڕۆڵیان هەیە لە ئاراستەکردن و دەستکاریکردن و کاریگەری دانان لەسەر ناڕەزایەتییەکان.

ئەم سیاسەتەی یەکێتی نیشتیمانی بە ئاستێکە کە زۆرجار خۆیان دەبنە دەمڕاستی ناڕەزایەتییەکان، لەماوەی ڕابردوودا لە گەرمەی ناڕەزایەتییەکانی خەڵکدا لە سەرەتای ساڵی نوێی 2016 ، سەرکردەیەکی یەکێتی لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا پشتگیریی خۆی بۆ هەموو داواکانی خەڵک دەربڕی.

پشتگیریی یەکێتی لە ناڕەزایەتییەکان و خۆکردن بە بەشێک لە ناڕەزایەتییەکان گەیشتە ئەوەی سەرکردەیەکی باڵای ئەو حیزبە لە ئاستی مەکتەبی سیاسی، داوای ڕاپەڕینی کرد دژ بە گەندەڵی و دەسەڵاتدارە گەندەڵەکانی هەرێمی کوردستان.

بەشێوەیەکی گشتی، یەکێتی نیشتمانی هەرگیز نەیهێشتووە لەسەر ئاستی قسەکردن — نەک کردار- درزێک لەنێوان ئەوان و ناڕەزایەتی جەماوەردا دروست ببێت.

3 ـ تەحویلی ناڕەزایەتییەکان بۆ هەولێر و پارتی

ئەوەی کە یەکێتی نیشتیمانی دەسەڵاتی یەکەمی لەلا نییە لە هەرەمی دەسەڵاتی کوردستاندا، بۆخۆی پاساوێکی داوەتە دەست ئەم حیزبە کە زۆربەی ناڕەزایەتییەکان بەرەوڕووی پارتی دیموکراتی کوردستان بکاتەوە.

بەوپێیەی کەسی یەکەمی سەرۆکایەتی هەرێم و کەسی یەکەمی سەرۆکایەتی حکومەت لەلای پارتی دیموکراتی کوردستانە و هەروەها مەلەفی نەوتیش هەر لەلای پارتییە — بەشێوە فەرمیەکەی- هەر بۆیە یەکێتی توانیویەتی خۆی لە زۆربەی کێشە و کەموکوڕییەکانی حکومەت بێبەری بکات.

بوونی پۆستە سەرەکییەکانی حکومەت لای پارتی و بوونی ئەو مەلەف و پۆستانەش کە کێشە و قسەیان لەسەرە هەر لەلای پارتی، وای کردووە یەکێتی بتوانێت بەئاسانی ناڕەزایەتییەکان و ڕەخنەکان لە سیستمی حوکمڕانیی هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی پارتی بکاتەوە.

لەناوچەی سلێمانی دژایەتیکردن و ڕەخنەگرتن لە پارتی و حکومەت وەک جۆرێک لە ئازادیی ڕادەربڕینیش مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت و یەکێتی توانیویەتی بە ئاراستەکردنی ناڕەزایەتییەکان ڕووەو پارتی، هەم خۆی وەک ناوچەی ئازادیی ڕادەربڕین پێناس بکات و هەم خۆشی لە بەرپرسیارێتی و لەئەستۆگرتنی خراپییەکان بدزێتەوە.

بۆ تێگەیشتن لەم بۆچوونە، تەنیا ئەوە بەسە کە سەرنجی ئەوە بدەین بۆچی ناڕەزایەتییەکانی 17ی شوبات لەبەردەم لقی چواری پارتیدا چڕبوونەوە.

هەروەها دەبێت سەرنجی ئەوەش بدەین کە بەشێکی دیار لە نووسەر و ڕۆژنامەنووسە ڕەخنەگرەکانی ناوچەی سلێمانی ڕەخنەگرتنیان زیاتر لەسەر پارتی چڕدەبێتەوە تا لەسەر یەکێتی.

هەندێکجار ڕەخنەی بەشێک لە ڕەخنەکەرانی یەکێتی لەو سۆنگەیەوەیە کە "بۆچی یەکێتی بووە بە پاشکۆی پارتی؟". دواجار ڕەتکردنەوەی ڕاستەقینە لەم ئایدیا ڕەخنەگرەدا هەر بۆ پارتییە نەک بۆ یەکێتی.

# ناکۆکی لەنێو چەکدارانی داعش پەرەدەستێنێ

Wall Street Journal - ڕووداو

چەکدارە بیانییەکانی ناو ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) بەردەوام وەکوو بەشێکی سەرەکی لە ریزەکانی ئەم ڕێکخراوەدا ناسراون، بەڵام لە ماوەی چەند مانگی دواییدا، ئەم چەکدارانە بوونەتە مایەی دروستبوونی ناکۆکی و تەنانەت سەرهەڵدانی توندوتیژیش لەنێو چەکدارانی داعش، ئەمەش لە کاتێکدایە کە داعش ئاراستەی هێرشەکانی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقاوە بەرەو ئەورووپا گۆڕیوە.

گومان دەکرێت دوو لە ئەنجامدەرانی هێرشەکانی 22ی ئاداری برۆکسل و سەرشانەی هێرشەکانی 13ی نۆڤەمبەری پاریس، پێش گەڕانەوەیان بۆ ئەورووپا و ئەنجامدانی هێرشەکان، سەردانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەتایبەتیش سووریایان کردبێت، دوای گەڕانەوەشیان هەردوو هێرشە خوێناوییەکەی پاریس و برۆکسلیان جێبەجێ کردبێت.

هەندێک لە لێکدانەوەکان پێیانوایە هێرشەکانی برۆکسل سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن کە داعش لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە بۆ نێو جەرگەی ئەورووپا پەلی هاویشتووە، بەڵام چەند شایەتحاڵێک لە دانیشتووانی ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی داعش و ژمارەیەک لە شرۆڤەکاران دەڵێن داعش کێشەی جێگیرکردنی چەکدارە بیانییەکانی هەیە لە ناو ریزەکانی خۆیدا. وەکوو ئەو شاهیدانە دەڵێن، گرژییەکی زۆر لە نێوان چەکدارەکانی داعشدا دروست بووە، هۆکارێکی سەرەکیی ئەمەش بۆ شکستە یەک لە دوای یەکەکانی داعش لە عێراق و سووریا و لەدەستدانی ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵیان دەگەڕێتەوە، ئەمە جگە لەوەی داعش لەگەڵ کێشەیەکی گەورەی داراییش بەرەوڕووە.

یەکێک لە شایەتحاڵەکان کە خەڵکی مووسڵە، دەڵێت "خەڵک و چەکدارانی ژێر دەسەڵاتی داعش هاواریان لێهەڵساوە، بەهۆی ئەو جیاوازییەی لەڕووی دارایی و دەسەڵاتەوە لە نێوان ئەوان و چەکدارە بیانییەکان دەکرێت. هیوادارین ئەم ناکۆکییەی نێوان چەکدارەکانیان ببێتە هۆی لەناوبردنی داعش."

ئەم شایەتحاڵە چەند هەفتەیەک لەمەوبەر بە چاوی خۆی لەناو جەرگەی قەرەباڵخی بازاڕی مووسڵدا پێکدادانی نێوان چەکدارانی داعشی بینیوە، کاتێک چەکدارێکی بیانیی داعش بە تووڕەییەوە هاواری کردووە بەسەر پیاوێکی بەساڵاچوودا. بەگوێرەی شایەتحاڵەکە کە نەیویست ناوی ئاشکرا بکرێت، پیاوە پیرەکە بێ وەڵام نەبووە و نەفرەتی لە چەکدارە بیانییەکە کردووە. بەڵام ئەوەی لەم ڕووداوەدا سەیر بووە، هاتنە ناوەوەی شەش چەکداری عێراقیی داعش بووە کە بە هانای پیاوە پیرەکەوە چوون و تەنانەت لە چەکدارە بیانییەکەیان داوە و دواتریش قۆڵبەستیان کردووە و بە ئۆتۆمبێلێک لە شوێنی ڕووداوەکە دووریان خستووەتەوە.



مووچەی مانگێکی چەکدارانی بیانیی داعش 200 دۆلارە، بەڵام مووچەی چەکدارە لۆکاڵییەکان 130 دۆلارە

بە گوێرەی ئامارەکانی هەواڵگریی نیشتمانیی ئەمریکا، زیاتر لە 38 هەزار و 200 چەکداری بیانی لە 120 وڵاتی جیاوازەوە لە کاتی دەستپێکردنی جەنگی ناوخۆیی سووریاوە ڕوویان لەم وڵاتە کردووە، کە بەشێکی هەرە زۆریان لەناو چەکدارانی داعشدان.

ژمارەیەکی زۆر لە چەکدارە بیانییەکانی داعش، بەتایبەتی ئەوانەی لە ئەورووپاوە هاتوون، بایەخێکی ئەوتۆ بە نەریتە لۆکاڵییەکان و پێکهاتە خێڵەکییەکانی خەڵکی ڕۆژئاوای عێراق و ڕۆژهەڵاتی سووریا نادەن. یەکە چەکدارەکانی پاراستنی شەریعە کە "حسبە" ناسراون، بەناو شەقامەکاندا دەگەڕێن و سووکایەتی بە ئافرەت و خەڵکانی بەساڵاچوو دەکەن، هۆکارەکەشی دەکرێت جۆری جلوبەرگ و جگەرەکێشان، یانیش چۆنێتی درێژکردنەوەی ریشی پیاوان بێت.

عومەر ئەبو لەیلا، چالاکڤانی نەیاری حکومەتی سووریا دەڵێت، دەیان چەکداری سووریی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی لە سەرەتای ئەمساڵەوە لە شاری دێرەزوور وازیان لەو ڕێکخراوە هێناوە، لە کاتێکدا چەکدارە بیانییەکانیان بەوە تۆمەتبار کردووە کە بۆ پاراستنی گیانی خۆیان چەکدارە خۆجێیییەکان وەکوو قەڵغان بەکاردەهێنن.

پاتریک سکینەر، بەرپرسێکی باڵای پێشووی ئاژانسی هەواڵگریی ئەمریکا و ئەندامێکی باڵای گرووپی توێژینەوەی هەواڵگریی سووفان، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە شکستەکانی ئەم دواییەی داعش لە عێراق و سووریا دەشێت ناکۆکییە نێوخۆییەکانی داعش گەورەتر بکاتەوە. گرووپی سووفان یەکێکە لەو گرووپانەی لە نزیکەوە چاودێریی چالاکی و گۆڕانکارییەکانی ناو داعش دەکەن.

سکینەر ئاشکرای دەکات کە دوای ئەوەی چەکدارانی داعش لە جەنگی یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) شارەدێی ستراتیژیی گرێسپی لە باکووری سووریایان لەدەستدا، چەکدارە خۆجێیییەکان چەکدارە بیانییەکانیان بەوە تۆمەتبار کرد کە نەیانتوانیوە پشتگیریی پێویست پێشکەش بە چەکدارە خۆجێیییەکان بکەن و ئەمەیان بە هۆکاری شکستەکە لەقەڵەمداوە.

محەممەد ساڵح، خەڵکی ڕەققە ئاشکرای دەکات کە دوای شکستی داعش لە گرێسپی، ئەبوو لوقمان کە بەرپرسێکی باڵای داعش و خەڵکی سووریایە، شوێنگۆڕکێی بە ژمارەیەکی زۆر لە چەکدار و سەرکردە بیانییەکانی داعش لەگەڵ چەکدار و سەرکردە خۆجێیییەکان کردووە.

ساڵح کە ئەندامێکی چالاک و گوتەبێژی گرووپێکە بەناوی "ڕەققە خەریکە بەبێدەنگی دەکوژرێت"، دەڵێت داعش لە چەکدارە بیانییەکانی بە گومانە "بۆچوونێکی گشتی لەناو ریزەکانی داعشدا بڵاوبووەتەوە کە پێیوایە هەندێک لە چەکدارە بیانییەکان خەریکی سیخوڕین بۆ ئەو وڵاتانەی لێوەی هاتوون".

گرووپەکەی ساڵح یەکێکە لەو گرووپانەی هەوڵ دەدات سەرنجی جیهان بۆ لای توندوتیژییەکانی داعش لە ڕەققە، پایتەختی دیفاکتۆی داعش، ڕابکێشێ.

لەنێو ریزەکانی داعشدا هەم چەکدارە لۆکاڵییەکان و هەمیش بیانییەکان پۆستی باڵایان هەیە، بەڵام لە کاتی پاشەکشێ یانیش شکستەکاندا، ئەوە چەکدارە خۆجێیییەکانن کە وەکوو هۆکاری شکستەکان سەرزەنشت دەکرێن نەک چەکدارە بیانییەکان، لە کاتێکدا چەکدار و سەرکردە خۆجێیییەکانی داعش بە پێچەوانەوە بیانییەکان بە کەمتەرخەم دەزانن. پاتریک سکینەر دەڵێت کەم نەبوون ئەو حاڵەتانەی تێیدا چەکدارە عێراقی و سوورییەکانی داعش بە خیانەتکردن لە خەلافەت تۆمەتبار کراون و دواتر لەبەرچاوی جەماوەر لەسێدارە دراون، بۆ ئەوەی وەک بڵێی ببنە عیبرەت بۆ هەموو چەکدارە عێراقی و سوورییەکانی دیکەی ڕێکخراوەکە. بەبۆچوونی سکینەر، ئەم ڕووداوانە دەکرێت ئەو هەستە لای دانیشتووە عێراقی و سوورییەکانی ئەم ناوچەیە دروست بکات کە چەکدارە بیانییەکان تەنیا کۆمەڵێک "داگیرکەر و تاوانکارن."

بەشێک لەم هەستی ئیرەیییە بۆ ئەو ئیمتیازاتە دەگەڕێتەوە کە بە چەکدارە بیانییەکان دەدرێت. بە گوێرەی محەممەد ساڵح، چەکدارە بیانییەکان لە مووسڵ، ڕەققە و دێرەزوور لە ناوچەیەکی جودا نیشتەجێ کراون، تەنانەت لە دێرەزوور لە خانووەکانی سەر گردێکی نزیک شارەکەدا نیشتەجێن کە لێیەوە دەتوانن بەسەر هەموو شارەکەدا بڕوانن.

ئەم جیاوازیکردنە لە مووچەی چەکدارە بیانی و لۆکاڵییەکانیشدا بەرچاو دەکەوێت، بنەمای ئەم جیاوازییەش ئەوەیە سەرکردەکانی داعش پێیانوایە چەکدارە بیانییەکان قوربانییان بە خۆشگوزەرانیی خۆیان لە وڵاتانی ڕۆژئاوایی داوە و هاتوونەتە سووریا و عێراق، هەر بۆیە مووچەی یەک مانگی چەکدارێکی بیانی 200 دۆلارە، لە کاتێکدا چەکدارە لۆکاڵییەکان مانگانە 130 دۆلار وەردەگرن.

عومەر ئەبولەیلا دەڵێت ئەم جیاوازییە بووەتە هۆکاری ئەوەی لە چەند مانگی ڕابردوودا چەکدارە سوورییەکانی داعش ریزەکانی ئەم گرووپە جێبهێڵن و ڕوو لە گرووپە ئیسلامییە توندڕەوەکانی دیکە بکەن کە زۆربەیان ئامادە نین لەگەڵ چەکدارەکانی داعش ڕووبەڕووببنەوە. سەدان چەکداری دیکەش بۆ وڵاتانی دیکە ڕەوانەکراون.

لە کاتێکدا شکستە یەک لە دوای یەکەکانی داعش پێگەی ئەم گرووپەی لە عێراق و سووریا لاواز کردووە، سەرکردایەتی گرووپەکە داوا لە چەکدارە بیانییە نوێیەکان دەکات لەبری عێراق و سووریا ڕاستەوخۆ ڕوو لە لیبیا و ئەو وڵاتانە بکەن کە داعش بە نیازە دەسەڵاتی خۆی تێدا فراوان بکات.

رووداو
ژمارە (401) دووشەممە 2016/3/28

# سەنتەرە پرۆفیشناڵەکە هیچ نەخۆشێکی چارەسەر نەکرد

سەروەر سالار و لیزان ئەمین
رووداو- سلێمانی

سێ سەنتەری نیشتمانی لە سەرتاسەری عێراق بۆ چارەسەری حاڵەتە سەرسەختەکانی سیل لە پارێزگاکانی بەغدا، بەسرە و سلێمانی دروستکران، بەڵام سەنتەرەکەی پارێزگای سلێمانی کە لە سەرای سوبحان ئاغای نزیک سەیدسادق هەڵکەوتبوو، بە گوشاری هەندێک چالاکڤان و خەڵکی ناوچەکە داخرا و ئێستا کوردستان خاوەنی نێوەندێکی لەو جۆرە نییە و نەخۆشەکان ناچارن بۆ چارەسەر سەردانی نێوەڕاست و باشووری عێراق بکەن.

نیسانی 2013 قردێلەی سەنتەری نیشتیمانی بۆ نەخۆشییەکانی سنگ و هەناسە لە سەرای سوبحان ئاغای سەر بە قەزای سەیدسادق (50 کیلۆمەتری باشووری ڕۆژهەڵاتی سلێمانی) پچڕێنرا و لەلایەن وەزارەتی تەندروستیی عێراقەوە مووچەی کارمەند و ئامێری پێویستی بۆ دابین کرا، بەڵام سەنتەرەکە هەرگیز پێشوازی لە هیچ نەخۆشێک نەکرد و بە گوشاری بەشێک لە دانیشتووانی ناوچەکە، لە مانگی 11ی ساڵی رابردوودا داخرا.

باڵەخانەی سەنتەرەکە کە پێشتر نەخۆشخانەی شۆڕش بوو، ساڵی 2011 لەلایەن ڕێکخراوی UNDP بە بودجەی ملیارێک و 600 ملیۆن دینار نۆژەن کرایەوە تاوەکو ئامادە بکرێت بۆ ئەوەی ببێتە سەنتەرێکی پرۆفێشناڵی دەستنیشان و چارەسەری حاڵەتە سەرسەختەکانی سیل. وەزارەتی تەندروستیی عێراق تەواوی پێداویستییە لۆجستییەکانی بۆ دابین کرد و وەکوو سەنتەرێکی سەردەمی و پرۆفێشناڵ ئامادەکرا. لە سەرەتاوە 50 کارمەندی بوارە جیاوازەکانی بۆ دامەزرێنرا، کارمەند و پزیشکەکانی نێردران بۆ خولی تایبەت و پسپۆڕیی ورد و حکومەتی بەغدا مووچەی تەواوی کارمەندانی سەنتەرەکەی لەئەستۆگرت.

کارزان حەمەساڵح شەریف کە وەکو بەڕێوەبەری کارگێڕیی سەنتەرەکە دیاری کرابوو، کردنەوەی نەخۆشخانەکە لە سەیدسادق وەک گرنگیدان بە ناوچەکە دەبینێ نەک گواستنەوەی مەترسی بۆ ناوچەکە، هیچ پەیوەندیشی بەوەوە نەبوو کە لەم ناوچەیە نەخۆشیی سیل زیاتر بێ "نەخۆشخانەیەکی تەواو تۆکمە بوو، یەکەمین سەنتەری لەوشێوەیە بوو لە تەواوی کوردستان، ئەگەر دەستبەکاربووایە، نەک لە هەموو کوردستان بەڵکو لە پارێزگاکانی دیکەی عێراقیشەوە خەڵک روویان لێرە دەکرد بۆ چارەسەر و مانەوە، ئەوە وەک گرنگیدانێک بوو بە تەواوی هەرێمی کوردستان نەک تەنیا سەیدسادق".



بەهۆی ناڕەزایی خەڵکی سەیدسادق سەنتەری نیشتیمانی بۆ نەخۆشییەکانی سنگ و هەناسە لە سەرای سوبحان ئاغا داخرا

وەک کارزان باسی دەکات، لەگەڵ دروستبوونی ناڕەزایییەکان، وەزیری تەندروستی ئاگاداری کردبوون کە هیچ نەخۆشێک وەرنەگرن تاوەکو چارەنووسی سەنتەرەکە بەلایەکدا دەکەوێ "ئەوەبوو چارەنووسەکە داخستنی بوو، ئیدی بێئەوەی سوودیان لێوەربگرین و بەکاریانبهێنین، هەموو ئامێرەکان بە ڕێککەوتنی وەزارەتی تەندروستی عێراق و کوردستان لە سەنتەرەکە وەرگیرانەوە و رادەستی نێوەندە راوێژکارییەکانی سیل کران لە سلێمانی و هەولێر".

وەک باس دەکرێ سەرەتا ناڕەزاییەکان بۆ دامەزراندنی خەڵکی ناوچەکە بووە، بەڵام دواتر ئاراستەی ناڕەزاییەکان گۆڕاون.

ساماڵ نوری محەممەد، یەکێک لە چالاکانی ناڕەزاییەکان بە (رووداو)ی گوت "سەرەتا داوامان کرد خەڵکی ناوچەکەمان سوودمەند بن لەم سەنتەرە و دابمەزرێن، ئەوەبوو 12 کەسی دانیشتووی گوندەکەیان بۆ دامەزراندین، بەڵام دواتر داواکرا هەر دابخرێ، چونکە تەنیا 200 مەتر لە سەرچاوەی ئاوی خواردنەوەی سەیدسادق دوور بوو، خەڵکەکە ترسیان هەبوو سەرچاوەی ئاوەکە بە میکرۆبی سیل پیس ببێ".

عەدنان قادر، مامۆستا و چالاکڤان لە سەیدسادق، داخستنی سەنتەرەکە بە یەکێک لە داواکارییەکانی خۆپیشاندان و ناڕەزاییەکانی سەیدسادق دەبینێ "لەڕووی دەروونییەوە خەڵک دەترسان سەرچاوەی ئاوەکەیان پیس ببێ، ناوچەکەی ئێمەش تووشبووی سیلی زۆر کەمە، بۆیە داوامان لە سەرۆکی حکومەت و وەزیری تەندروستی کرد سەنتەرەکە لە سەیدسادق نەهێڵن و ئەوانیش رەزامەندییان دەربڕی و کەرەستەکان گوێزرانەوە بۆ هەولێر و سلێمانی".

مامۆستایەکی زانکۆ بوونی سەنتەری لەو جۆرە بە گرنگ دەزانێ بۆ کوردستان، چونکە وەکو ئەو دەڵێ هەموو وڵاتێک سەنتەری لەو جۆرەی هەیە.

د.عەبدولفەتاح هەورامی، هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا لە پزیشکیی کۆمەڵ و مامۆستای سکوڵی پزیشکیی زانکۆی سلێمانی بە (رووداو)ی گوت "هەندێک نەخۆشی سیل هەن کە حاڵەتەکەیان سەرسەختە، هەموو وڵاتێک نێوەندی تایبەتی هەیە بۆ ئەوەی ئەو کەسانە لە سەنتەری پرۆفێشناڵ و لەژێر چاودێری بهێڵدرێنەوە تاوەکو چاکدەبنەوە، شوێنی ئەو سەنتەرەی سەرای سوبحان ئاغا زۆر گونجاو بوو بۆ ناوەندێکی لەو جۆرە، چونکە هەم شوێنێکی کەنار بوو، هاتوچۆی خەڵکی زۆر لەسەر نەبوو، ناوچەیەکی سەوز و خاوەن هەوایەکی خاوێنیش بوو کە بۆ نەخۆشانی سنگ گونجاو بوو".

د.عەبدولفەتاح ناڕەزاییەکانی خەڵکی ناوچەکە بۆ خراپ تێگەیشتنیان لە نەخۆشییەکە دەگێڕێتەوە "ئەو نەخۆشانە رێنمایی تایبەتیان پێدراوە و حاڵەتەکەیان لەژێر چاودێری و کۆنترۆڵدایە و جێگەی مەترسییەکی ئەوتۆ نین بۆ دەوروبەر، ئێمە لە هەولێر و سلێمانی لە سەنتەری شارەکان نەخۆشەکانی سیل چارەسەر دەکەین و نەشبوونەتە مایەی نیگەرانیی خەڵک".

## دەبووە سەرچاوەیەکی داهات

بەپێی ئاماری سەنتەرەکە، 74%ی کارمەندانی سەنتەرەکە دانیشتووانی سنووری شارەزوور بوون و مووچەکەیشیان لەلایەن بەغداوە دابین دەکرا.

بەو پێیەی لە سەرانسەری کوردستان و باکووری عێراق (مووسڵ و سەلاحەدین)ەوە خەڵک روویان لە سەنتەرەکە دەکرد بۆ دیدەنیی نەخۆشەکانیان، ئەوە دەبووە سەرچاوەی جموجوڵی بازاڕ بۆ ناوچەکە و هەلی کاری بۆ خەڵکی ناوچەکە زۆرتر دەڕەخساند.

ئێستا بە پێچەوانەوە، دەبێ نەخۆشی کوردستان و کەسوکاریان سەردانی ناوچەکانی دیکەی عێراق بکەن و ببنە سەرچاوەی داهات بۆ ئەوان.

## تووشبووانی سیلی سەرسەخت چارەیان لە کوردستان نەما


سیلی سەرسەخت بەوە جیادەکرێتەوە کە نەخۆشەکان پێویستیان بە مانەوە دەبێت لە سەنتەری هاوشێوەی ئەوەی سەرای سوبحان ئاغا.

بەپێی ئامارەکانی وەزارەتی تەندروستیی هەرێمی کوردستان، تاوەکو ئێستا نزیکەی 50 حاڵەتی لەو جۆرە لە کوردستان تۆمارکراون.

د.خالس قادر، گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستی دەڵێ ئەوان زۆر هەوڵیان لەگەڵ خەڵکی ناوچەکە دا ئەو سەنتەرە بمێنێتەوە، بەڵام بێسوود بوو "ناڕەزاییەکان رێکخراوبوون و نەیاندەویست ئەو کارە لەوێ جێبەجێ بکرێت، ئێستاش بارودۆخی ئابووریی هەرێمی کوردستان رێگە نادات سەنتەرێکی هاوشێوە لە شوێنێکی دیکە دروست بکەینەوە، بەغداش ئامادە نییە لە ناوچەیەکی دیکە بۆمان بکاتەوە".

وەک گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستی روونیکردەوە، ئیدی دەبێ ئەوانەی دانیشتووی کوردستانن و تووشبووی سیلی سەرسەخت هاتوون، بە ناچاری روو لە بەغدا بکەن بۆ چارەسەر و چاودێریی حاڵەتەکەیان.

# پێوەدانی مار و دووپشک




جانەوەرەکانی دیکە ملیۆنێک کەس دەگەزن و بەسەدانیش دەکوژن

د.زانیار نووری

لەناو ئەو ئاژەڵانەی لە دەوروبەرمان دەژین، هەندێکیان مایەی مەترسین بۆ سەر تەندروستیمان و تەنانەت ژیانیشمان. لەناو ئەمانەدا گرووپێک هەیە بە ژەهرەکەیان مەترسی دروست دەکەن وەکو مار و دووپشک کە لە وڵاتی خۆمان بەنێوبانگن. زۆرتریش هەن وەکو جاڵجاڵۆکەی ژەهراوی، ماسییە جەلییەکان و مێرووی گەنە، بەڵام ئەم سێیە دەگمەنن لە کوردستان و عێراق.

## ژەهراویبوون چییە؟

دووپشک و هەندێک لە مارەکان دەتوانن ژەهر دروست بکەن کە بۆ مەبەستی هەرسکردنی خۆراک بەکاریدەهێنن و "بە دەگمەن" بەکاریدەهێنن بۆ پێوەدان و بەرگریکردن لە خۆیان یان بۆ هێرشکردن. زۆربەی کات مرۆڤ بە رێکەوت لەگەڵ ئەم ئاژەڵانەدا بەریەک دەکەوێ و لە لادێکان ئەمە زۆرترە کە جێنشینگەی مار و دووپشکن، بەڵام بەهۆی بەجیهانیبوونەوە ئێستا لە کوردستانیش جۆرەها ئاژەڵ بەخێو دەکرێن لە ماڵەکاندا و لەناو شارەکان، یان بەهۆی ئەو بەرفراوانبوونەی لە ساڵانی پێشوودا روویدا و زۆر شوێنی کشتوکاڵی کران بە خانوو و سەیرانگا، بۆیە دەکرێت لەم شوێنانەش پێوەدان روویدات.

زۆربەی کات مار یان دووپشک ژەهرەکە دەداتە مرۆڤ بە گاز (وەکو مار) یان بە پێوەدان (وەکو دووپشک) بۆ بەرگری لە خۆی لە ترسی ئێمە. زۆرجاریش تەنیا گاز دەگرێت و ژەهرەکە بەکارناهێنێ. بۆ زانیاری عادەتەن ماری ژەهراوی چاو تەشیلەیین (چاومار لەوەوە هاتووە) نەک خڕ، دداندارن نەک بێ کەڵبە، سەر سێگۆشەن نەک سەر پان.

لە کوردستانی ئێمە هەردوو جۆری مار هەن، ژەهردار و بێ ژەهر، زۆربەی کات ژەهردارەکان دەتوانن نێچیرەکانیان بکوژن. دووپشکەکانیش جۆراوجۆرن و هی مەترسیداریان تێدایە.

لە پاش پێوەدان دوو شت روودەدەن: یان ئەوەتا تەنیا جێگەکەی دەئاوسێت و ئازاری دەبێت، ئەمە مانای ئەوەیە یان تەنیا گاز بووە یان ژەهرەکە کەم بووە، یان ئەوەتا بڵاودەبێتەوە بە هەموو لەشدا و ئەمەیان کوشندەیە، ئەگەر فریاگوزاری بۆ نەکرێت. کاریگەریی ژەهرەکان جۆراوجۆرن و دەبنە هۆی: شەلەل، وەستانی گورچیلە، خوێنبەربوون یان خوێن تۆپەڵبوون، پەککەوتنی دڵ.

## چی بکەین؟

1- لە کاتی هەر پێوەدانێکدا سەردانی نزیکترین بنکەی تەندروستی بکە.

2 - ئەگەر مار بوو یان دووپشک با کەسوکارەکەت هەوڵ بدەن بزانن رەنگ و شێوەی چۆنە، کوشتوویانە یان هەر ماوە؟

3- ئەو شوێنەی کە پێوەی دراوە بەرز راگرە، هەوڵ بدە شتێکی گەرمی بخەرە سەر.

4 - دووربکەوەرەوە لە ئەنجامدانی شتی هەڵە و نازانستی وەکو بەستنی سەرووی شوێنی پێوەدانەکە، خستنە سەری سەهۆڵ یان بڕین و مژینی ژەهرەکە: هەموو ئەمانە زیاتر ژەهرەکە بڵاودەکاتەوە نەک دەریبکات.

5- پێویستە زانیاری تەواو بدەیت لەسەر هەر نەخۆشییەکی دیکە کە هەتە، چونکە ژەهر دەبێتە هۆی ئاڵۆزبوونی جەڵتەی دڵ و شەکرە و سستیی گورچیلە و نەخۆشییەکانی خوێن.

# حەوت سوودی چەوەندەر

رووداو- هێڵسکۆم

چەوەندەر ساڵانێکی درێژە میوانی سەر سفرەی مرۆڤە. ئێستاش دەرکەوتووە جگە لەوەی بە ڤیتامین B، ئاسن، مەنگەنیز، مس، مەگنیسیۆم و پۆتاسیۆم دەوڵەمەندە، چەندین کاری گرنگیش لە جەستەدا دەکات کە ئەمانە هەندێکیانن:

### 1 - گوشاری خوێن رێکدەخات:

چەوەندەر بە ماددەی نیترات دەوڵەمەندە کە جەستە دەیگۆڕێت بۆ ئۆکسیدی نیترات و ئەویش دەبێتە هۆی خاوکردنەوەی بۆڕییەکانی خوێن و فراوانکردنیان. ئەوەش سووری خوێن رێکدەخات و گوشاری خوێن دادەبەزێنێ. توێژینەوەیەک کە لە ساڵی 2008 لە جۆرناڵی (هایپەرتێنشن) بڵاوبووەتەوە، دەریخستووە ئەوانەی شەربەتی چەوەندەر دەخۆنەوە، تاوەکو سێ کاژێر لە خواردنەوەی شەربەتەکە گوشاری خوێنیان بەبڕی 10 ملم جیوە دادەبەزێ و کەمتریش تووشی کلۆبوونی خوێن دەبن.

### 2 - دڵ تەندروست دەکات:

ماددەی بێتاین و ترشی فۆلیک کە لە چەوەندەردا هەن، دەبنە هۆی کەمکردنەوەی رەگەزی هۆمۆسیستین لە خوێندا، ئەوەش ئەگەری زیانگەیشتن بە دڵ و بۆڕییەکانی خوێن کەم دەکاتەوە.

### 3 - لێهاتوویی جەستە زیاد دەکات:

توێژینەوەی زانستی ئەوەی دەرخستووە کە چەوەندەر لێهاتوویی و توانای جەستە زیاد دەکات، بۆیە شەربەتی چەوەندەر خۆراکێکی دڵخوازی وەرزشکارانە. توێژینەوەیەک دەریخستووە ئەو پاسکیلسوارانەی شەربەتی چەوەندەر دەخۆنەوە، بە رادەی 15% توانای دوور رۆیشتنیان زیاد دەکات. دکتۆر ئاندی جۆنز نووسەری توێژینەوەکە دەڵێ بۆ ئەوەی ئەو توانایەت زیاد بکەی، پێویستە 3-5 دانە چەوەندەر بخۆی، ئیدی دوای 2-3 کاژێر هەست بە لووتکەی کاریگەرییەکە دەکەی.

### 4 - کاری مێشک باشتر دەکات:

خاوکردنەوە و فراوانکردنی بۆڕییەکانی خوێنی مێشک لەلایەن ترشی نیتراتی نێو چەوەندەر، وادەکات خۆراک و ئۆکسجینی زیاتر بگەنە مێشک و ئەوەش کارایی مێشک زیاتر دەکات. ئەمە بۆ کەسانی بە تەمەن ئێجگار گرنگە، چونکە لەگەڵ چوونە تەمەن، ترشی نیترات لە جەستەدا کەم دەکات.

### 5 - کارئاسانی بۆ جگەر دەکات:

جگەر گەلێ سەرقاڵە بە خاوێنکردنەوەی خوێن لە ماددەی ژەهری و زیانبەخش و ئەوەش ماندووی دەکات. خواردنی چەوەندەر ئەرکی سەرشانی جگەر کەم دەکاتەوە و کاری بۆ ئاسان دەکات. توێژینەوەیەک دەڵێ ماددەی بەسوودی بیتاین کە لە چەوەندەردا هەیە، کۆبوونەوەی چەوری لە جگەردا کەم دەکاتەوە. توێژینەوەیەک لەبارەی تووشبووانی شەکرە دەریخستووە، ماددەی بیتاینی نێو چەوەندەر کە دەبێتە هۆی رێکخستنی کاری جگەر، هەندێک ئاستی کۆلیسترۆڵی خوێن دادەبەزێنێ و هەڵاوسانی جگەر کەم دەکاتەوە.

### 6 - توانات لە دژی نەخۆشییە درێژخایەنەکان زیاد دەکات:

چەوەندەر بە ماددەی بێتالاین دەوڵەمەندە کە دژە ئۆکسێن و دژە هەوکردنێکی بەهێزە و لەدژی ماددە زیانبەخشە تووشکەرەکان بە نەخۆشیی درێژخایەنی هاوشێوەی نەخۆشییەکانی دڵ، قەڵەوی و شێرپەنجە دەجەنگێ. ماددەی بێتاسیانین کە رەنگە سوورەکە بە چەوەندەر دەبەخشێ، دژی ماددە تووشکەرەکانی شێرپەنجەیە و ئێستا توێژینەوەی لەسەر دەکرێ، تاوەکو وەک دەرمان لەدژی شێرپەنجە سوودی لێ ببینرێ.

### 7 - رێگری لە قەبزی و مایەسیری دەکات:

یەکێک لە رێگەکانی دووربوون لە قەبزی، زۆر خواردنی ریشاڵە خۆراکییەکانە. ریشاڵە خۆراکییەکان هەروەها دەبنە هۆی کەمکردنەوەی ئەگەری تووشبوون بە مایەسیری و کیسکردنی ریخۆڵەکان. ماددەی بێتاین پرۆسەی هەرسکردن رێکدەخات. بیرت نەچێ، چەوەندەر هەر رەنگی میز سوور ناکات، بەڵکوو دوای 24-72 کاژێر ئەگەری هەیە رەنگی پیساییش بگۆڕێ.



هەمەجۆر
ڕووداو
ژمارە (401) دووشەممە 2016/3/28



# مۆنۆدراماکەی هەولێر خۆبەخشانەیە

**ڕووداو- هەولێر**

بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆی هەولێر یەکەمین فێستیڤاڵی مۆنۆدراما ساز دەکات کە ماوەی پێنج ڕۆژ دەخایەنێت و هونەرمەندەکانیش خۆبەخشانە بەشداریی تێدا دەکەن. هیوا سوعاد، بەڕێوەبەری هونەری شانۆی هەولێر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "لەو فێستیڤاڵەدا نۆ شانۆگەری لە سەرجەم شارەکانی کوردستان لە ڕۆژانی 10-2016/4/15 لە هۆڵەکانی هونەری شانۆ و پەیمانگەی هونەرەجوانەکان و چالاکی قوتابخانەکان نمایش دەکرێن". سەبارەت بە خەرجییەکانی فێستیڤاڵەکە هیوا سوعاد گوتی "ساڵانی ڕابردوو حکومەتی هەرێمی کوردستان هاوکاریی کارە هونەرییەکانی دەکرد، بەڵام ئێستا بەهۆی بارودۆخی ئابووری ناتوانێت هاوکار بێت، ئێمەش دەمانەوێت بەو فێستیڤاڵە بیسەلمێنین کە هونەرمەندان بێ بەرامبەریش دەتوانن کار بکەن".



# عەمار کوفی:
## ئاوازم لە کازم ساهیر وەرنەگرتووە

**دەریاز یونس**
**ڕووداو – هەولێر**

عەمار کوفی، گۆرانیبێژ و ئەستێرەی کوردی بەرنامەی عەرەب ئایدڵ، ئەو هەواڵانە ڕەتدەکاتەوە کە باس لەوە دەکەن، بۆ بەرهەمهێنانی ئەلبوومەکەی چەند ئاوازێکی لە هونەرمەندی بەناوبانگی عێراقی کازم ساهیر وەرگرتبێت.

عەمار کوفی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەلبوومێکی نوێم ئامادەیە، ئێستا لە ئوردنم و لە دوای گەڕانەوەم پلانێکی باش بۆ بڵاوکردنەوەی دادەنێم".

گوتیشی "لە ئەلبوومەکەمدا گۆرانی کوردی و عەرەبی هەیە". کوفی ئەوەی ڕەتکردەوە کە هیچ ئاوازێکی لە کازم ساهیر وەرگرتبێت وەک ئەوەی ماوەیەکە لە چەند میدیایەکەوە باس دەکرێت، بەڵام گوتی "شانازی دەکەم بەوەی بەرهەم لە کازم ساهیر وەربگرم".

کوفی لە هاوینی ئەمساڵدا بۆ ئەنجامدانی زنجیرەیەک کۆنسێرتی گۆرانی سەردانی ئەمەریکا و کەنەدا دەکات.



# یەکێتیی ئەورووپا پارەی زاگرۆس دەدات

**هیوا سەڵاح**
**ڕووداو- هەولێر**

دامەزراوەی سینەمایی یەکێتیی ئەورووپا و سندووقی فیلمی 'Eurimages' لە پێشبڕکێیەکی گەورەدا و لە نێوان 100 پڕۆژەدا پارەی بەرهەمهێنانی فیلمێکی کوردی بەناوی زاگرۆس دەگرێتە ئەستۆ.

سەهیم عومەر خەلیفە، دەرهێنەری فیلمی زاگرۆس بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "گەورەترین سندووقی فیلمی ئەورووپی 'Eurimages' لە نێوان 100 پڕۆژەی پێشکەشکراودا تەنیا 16 پڕۆژەی لە سەرتاسەری ئەورووپا پەسەند کرد کە پڕۆژەی فیلمەکەی من یەکێک بوو لەوانە، ئەم دەزگایە تێچووی بەرهەمهێنانی فیلمەکان دەگرێتە ئەستۆ کە سێ فیلمی دۆکیومێنتاری و 13 فیلمی داستانین".

سەهیم گوتیشی "لەو 13 پڕۆژە فیلمەدا دەرهێنەری زۆر بەناوبانگ و خاوەن خەڵاتی فێستیڤاڵی کان و ئۆسکاری تێدایە، خۆشبەختانە فیلمەکەی منیش شانبەشانی ئەو فیلمانە تێچووی بەرهەمهێنانی لەئەستۆ گیرا، ئەمەش دەستکەوتێکی مەزنە بۆ سینەمای کوردی".

بڕیارە لە مانگی ئایاری داهاتوودا لە یۆنان و ئەستەنبوڵ و بەلجیکا دەست بەوێنەگرتنی فیلمی زاگرۆس بکرێت، کە چیرۆکەکەی باس لە شوانێکی کورد دەکات.

# سێ ئەلبوومی برادەر ئامادەن

**ڕووداو – هەولێر**



برادەر، هونەرمەندی بەناوبانگی کورد و خەڵکی باکووری کوردستان کە ئێستا لە شاری هەولێر دەژی، سێ ئەلبوومی گۆرانی ئامادەیە، بەڵام بەهۆی نەبوونی پارە و توانای دارایی ناتوانێت ئەلبوومەکانی بڵاوبکاتەوە.

برادەر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "سێ ئەلبوومی گۆرانیم ئامادەن و تەواوی گۆرانییەکانیش کلیپ کراون، بەڵام ئێستا کەرتی تایبەت توانای سپۆنسەرکردنی بەرهەمی هونەرمەندانی نەماوە".

گوتیشی "لە ماوەیەکی نزیکدا کلیپێکی گۆرانی نەتەوەیی بەناوی پێک بڵاودەکەمەوە، هەر لەم نزیکانەش گۆرانی بۆ ئاڵان کوردی و کۆبانێ و پێشمەرگە کلیپ دەکەم".

برادەر ئەگەرچی کۆلێژی پزیشکیی لە تورکیا خوێندووە، بەڵام گۆرانی دەڵێت و توانای زۆری بۆ وێنەکێشان هەیە، لە ماڵەکەیدا دەیان تابلۆ هەن کە خۆی دروستی کردوون، ئەو لەوبارەیەوە دەڵێت "وێنەکێشان حەزێکی منە و هەر کاتێک لە گۆرانیگوتن بێزار دەبم، وێنە دەکێشم".



# گەڵا ڕەیانی باشترینە

**هیوا سەڵاح**
**ڕووداو- هەولێر**

ناوەڕاستی ئەم مانگە ناوەندی پێشکەوتنی کورد the Centre for Kurdish Progress خەڵاتی باشترین ژنی نموونەیی بەخشییە گەڵا ڕەیانی.

گەڵا ڕەیانی، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "لە مەراسیمێکی گەورەدا لە بەریتانیا و لەلایەن ناوەندی پێشکەوتنی کورد خەڵاتی باشترین ژنی نموونەییم پێبەخشرا، لەپای ئەو هەموو کار و چالاکییەی لە بوارە جۆراوجۆرەکانی ژیان ئەنجامم داون".

گەڵا ڕەیانی لە شاری مهابادی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەدایک بووە و لە سوێد گەورە بووە. ماوەی 16 ساڵە لە بەریتانیا دەژیت. گەڵا بەشی ئابووری لە زانکۆی کامبریج تەواو کردووە و یەکێکە لە بەڕێوەبەرانی کۆمپانیای Control Risks، کە تێیدا بەرپرسی ئانالیزی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و باکووری ئەفریقایە.



# ئیسرائیلییەک خەون بە کوردستانەوە دەبینێ

**ڕووداو – هەولێر**

هەداسا یێشورون، خانمە گۆرانیبێژی ئیسرائیلی لە جەژنی نەورۆزی ئەمساڵدا لە ئیسرائیل بەشداری لە چەندین ئاهەنگی کوردیدا کرد و بە جلوبەرگی کوردی و ئاڵای کوردستانەوە گۆرانیی گوت.

هەداسا بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "شانازی بە جلوبەرگی کوردی و ئاڵای کوردستانەوە دەکەم، کورد میللەتێکی دڵسۆزن و دۆستی ئێمەی ئیسرائیلین، زۆر دڵخۆشیشم کە لە ئاهەنگەکانی جەژنی نەورۆز گۆرانیم بۆ کورد و کوردستان گوت".

هەداسا کە خۆی بە ڕەچەڵەک کوردە، گوتی خەون بەوەوە دەبینێ ڕۆژێک لە ڕۆژان سەردانی هەرێمی کوردستان بکات و تەواوی شارەکانی کوردستان ببینێ.



# سەیالی بە کوردی ناوەستێ

**دەریاز یونس**
**ڕووداو- هەولێر**

خانمە گۆرانیبێژی گەنج، سروود سەیالی گۆرانییەکی ڕۆمانسی ئامادەیە و دەیەوێت لە ماوەیەکی نزیکدا کلیپی بکات، بەڵام کێشەی مادی هەیە و چاوەڕێیە کەسێک یان کۆمپانیایەک سپۆنسەری بەرهەمەکەی بکات.

سروود سەیالی ئێستا قوتابی قۆناغی یەکی کۆلیژی هونەرە جوانەکانی زانکۆی سەلاحەددینە، تا ئێستا چوار کلیپی بڵاوکردووەتەوە. سەیالی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، گۆرانییەکی ڕۆمانسی ئامادەیە و بەنیازە کلیپی بکات، بەڵام بەهۆی نەبوونی سپۆنسەر نەیتوانیوە گۆرانییەکە کلیپ بکات.

باسی لەوەش کرد کە ئەو دەتوانێت بە هەموو شێوەزارەکانی زمانی کوردی و زمانەکانی عەرەبی و ئینگلیزیش گۆرانی بڵێت، دەشیەوێت لە داهاتوودا بە زمانی دیکەش گۆرانی بڵێت.

# عەباس چاوەڕێی سپۆنسەرە

**ڕووداو- کەرکووک**

عەباس سەڵاح، کوڕی هونەرمەندی کۆچکردوو سەڵاح داودە ڕایگەیاند، 10 گۆرانی ئامادەیە و بەنیازە لە ئەلبوومێکدا بڵاویان بکاتەوە، بەڵام بۆ تۆمارکردن و بڵاوکردنەوەی ئەلبوومەکە پێویستی بە سپۆنسەرێکە.

عەباس دادوە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئێستا 10 کاری هونەریم ئامادەن بۆ ئەوەی تۆماریان بکەم و بڵاویان بکەمەوە، بەڵام بەهۆی خراپیی باری داراییەوە کارەکانم ڕاگرتوون، بۆیە ئەگەر سپۆنسەرێکی باش هەبێت دەستپێدەکەم".

عەباس ساڵی 2013 یەکەمین ئەلبوومی خۆی بەنێوی خانزادەخان بڵاوکردەوە.



# بەختی ڕووداو



ئامادەکردنی: ئایار فەلەکی
ayarfalak@hotmail.com

### کاوڕ
لە مانگی نیساندا ئازادیی کارکردنت زیاترە، چونکە لە شکست ناترسی و بۆ ئامانجێکی دیاریکراو هەوڵ دەدەی. ئەم هەفتەیە باشترین کاتی بەختەوەرییە و چاوەڕوانی شتێکی خۆشی کتوپڕ بە.

### گا
نابێت هیچ کارێک بکەیت یان بڕیارێک بدەی ئەگەر بە باشی بیرت لێ نەکردبێتەوە. پەیوەندیی کۆمەڵایەتی پێویستی بەوە هەیە گرنگیی زیاتری پێبدەی. بیروڕاکانت بۆ ئەو کەسانە دەربڕە کە گوێت لێ دەگرن.

### دووانە
ماوەیەکە چاوەڕوانی هەواڵێکی گرنگیت، بەڵام ئەم چاوەڕوانییە کاتێکی زیاتر دەخایەنێت لەوەی پێشبینی دەکەیت. هەوڵەکانت لە پەیوەندیی سۆزداریدا چڕدەبنەوە و دەتوانی لە هەستی بەرامبەرەکەت دڵنیا بیتەوە.

### قرژاڵ
مانگی نیسانی داهاتوو هەموو کارێک بە وریاییەوە ئەنجام بدە، مەرج نییە گۆڕانکارییەکان هەمیشە باش بن. گرنگی بە باری تەندروستیت بدە، پشوویەک بدە و بەکاری بێ سوود خۆت سەرقاڵ مەکە.

### شێر
هەنگاوەکانت بە پلان ڕێکبخە و پشت بە بەخت مەبەستە، کارە ئاساییەکانی ڕۆژانە سەرقاڵت دەکەن و بیرکردنەوەت لەبارەی داراییەوە زیاتر دەبێ، بەگۆڕانکارییەکانی ڕۆژانی داهاتوو گەشبین دەبیت.

### فەریک
لەگەڵ ئەوەی ژینگەی کار ئاڵۆزە، بەڵام فرسەتی باشی تێدا دروست دەبێت. ئەو کارانەی بۆت پێشنیار دەکرێن کەمترن لە توانای خۆت، بەڵام بۆ ئەم دۆخەی ئێستا باشە. بڕە پارەیەکت بەدەست دەگات.

### تەرازوو
پەیوەندی سەرکەوتوو پشت بەمتمانەی پتەو دەبەستێ. بەکارهێنانی وتەی شیرین لەگەڵ چواردەور دەبێتە هۆی کردنەوەی دەرگایەکی نوێی ئاسوودەیی. شتی بچووک مەکە بە خەمی گەورە.


### دووپشک
هەست دەکەیت ژیانت بە نێو کۆمەڵێک هەوراز و نشێودا دەگوزەرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوانەشدا دەتوانی سەرکەوتن بەدەست بهێنی. کارکردن بە هاوبەشی لە ئێستادا گونجاو نییە.

### کەوان
کاتێکی باش نییە بۆ دروستکردنەوەی پەیوەندیی نوێ لەگەڵ کەسێک کە لەیەکتر دابڕاون. کاردانەوە مەنوێنە دەربارەی ئەو قسانەی بەرامبەرت دەکرێت یان دەیانبیستیتەوە، بێدەنگیت دەبێتە وەڵامێکی باش.

### گیسک
گفتوگۆ و دیدارەکان چەند زانیارییەکی کۆمەڵایەتیی نوێت پێدەبەخشن و دەبنە سەرەتای بیرکردنەوەی نوێ. ئاگادار بە فەرامۆشکردن و بێدەنگی خۆشەویستەکەت تووشی دڵتەنگی دەکات.

### سەتڵ
هەوڵ بدە بڕیارێکی دروست بدەیت و چواردەور کاریگەریت لەسەر دروست نەکەن. گفتوگۆی هێمن ئەنجامی باشی لێدەکەوێتەوە. هەفتەیەکی پڕ لە چالاکی بەڕێ دەکەیت و کەسی گرنگ دەناسیت.

### نەهەنگ
بەردەوامبوون لەسەر میزاجیەت خۆشەویستیت کەم دەکاتەوە بەتایبەت لەگەڵ نزیکەکانت. بیرکردنەوە کۆنەکان فەرامۆش بکە و لەگەڵ واقیعی ئەمڕۆ هەنگاوەکانت ڕێکبخە با دوانەکەویت.



# بەسەرهاتە تەماوییەکانی مەسەلەی ویژدان



کامەران سوبحان

(1)

دوای نووسین و بڵاوکردنەوەی چیرۆکی هەوڵ و گەڕانەکانم لە کتێبخانەی دەستنووسی بەریتانی، لەسەر هەردوو چیرۆکی (لەخەوما و مەسەلەی ویژدان) چەندین کەس نامە و ئیمەیڵیان بۆ ناردم و پرسیاری کۆتایی ئەو نووسینە و داوای زانیاریی زیاتریان کرد. یەکێک لەو خوێنەرانە لە ئیمەیڵێکدا رەخنەیەکی سەرنجڕاکێشی لێگرتووم و دەڵێت: "بەڕێز کامەران، تۆ لەو نووسینەتدا رەخنەی ئەوە دەگریت کە کۆتایی (لەخەوما و مەسەلەی ویژدان) بە نیوەچڵی جێماوە، بەڵام خۆیشت کۆتایی وتار و گەڕانەکەت بە هەمان شێوە بۆ ئیمەی خوێنەر بە جێهێشتووە!".

رەخنەی ئەو خوێنەرە، لە جێی خۆیدایە و لە بیرکردنەوە لەسەر پرسی دەستنووس و ساغکردنەوەی ئەو چیرۆکانە وەستاندمی. بۆیە لەم وتارەدا درێژەی نادەمێ و تێکەڵاوکردنی چیرۆکە خەیاڵی و راستییەکانی بیرکردنەوەی خۆم، بۆ خوێنەران دەنووسمەوە:

دەڵێن رۆژێک لە دیوەخانەکەی (ماڵی پاشا) لە سەنتەری شاری هەڵەبجە، ئەحمەد موختار جاف، بەشێک لە بەگزادە و خوێندەوارانی شارەزوور و هەورامان و هەڵەبجە کۆدەکاتەوە و چیرۆکی (مەسەلەی ویژدان) یان بۆ دەخوێنێتەوە (بۆ بەرچاوڕوونیی خوێنەر، ماڵی پاشا، ماڵی وەسمان پاشای جاف و هاوسەرەکەی، عادیلە خانمی جافە کە دەکاتە باوک و دایکی ئەحمەد موختار و تایەر بەگ. ئەم ماڵە گەورەیە، بە ماڵی پاشا ناسراوە. ماڵی پاشا، بە نەخشەسازی و جوانکاریی کۆنی کوردەواری لە کۆتایی سەدەی نۆزدەدا دروستکراوە. تا کۆتایی نەوەدەکانیش، ئەم ماڵە وەک ئاسەوارێکی جوان و سەرنجڕاکێش مابووەوە، بەڵام بەداخەوە بەهۆی کەمتەرخەمییەوە خاپوور بوو).


ئەحمەد موختار دوای خوێندنەوەی چیرۆکەکە، بۆچوونی میوانەکانی لەسەر چیرۆکەکەی وەردەگرێت (پاش کەمێک بێدەنگیی نێو دیوەخان) یەکێک لە بەگزادەکانی ئەو دانیشتنە روو دەکاتە ئەحمەد موختار جاف و دەڵێت: (ئەحمەوە فەنی، ئەم حیکایەتە هەر شیعرەکانتە، لاکین بە ئەلفازی گێڕانەوە!) یەکێکی دی بە خەندەوە ڕوودەکاتە ئەحمەد موختار و سەرسامیی خۆی بەو ئەلفازی نووسینە دەدەبڕێت و دەبێژێ: "لە تێفکرینم لەو زۆرابە فەنییەی نێو حیکایەتەکەت، لە هەڵسوکەوتی کەلامییەوە جەنابتان تەشەر لە نەخوێندەواری و جەهالەتی کوردان ئەدەیت و مەئمورییەت بێ کەماڵ ئەکەیت"، بەڵام سەردار بەگی ئەوڕەحمان بەگی حەمەسەعید بەگ کە یەکێکە لە شەیدا و دۆستانی نووسین و ئەدەبیات و هەمیشە ئەحمەد موختار جاف بۆچوونی لەسەر شیعرەکانی بەهەند وەرگرتووە، رووەدەکاتە ئەحمەد بەگ و پێی دەڵێت: (قوربان من فرە تێفکریم لە رەفتار و گوفتاری زۆرابە فەنی پاڵەوانی نێو حیکایەتەکەتان، ئەم زۆرابە فەنییە و ئەم حیکایەتە، ژیان و مەجلیسی موشەرەفتان دەخاتە بەر وێزەی مەئمورین و ریجالی دەوڵەت! جەنابتان بەو شێوە لۆمەکاری و پڕ لە تەشەرەوە لاقرتێ بە مەئمورییەتی مەملەکەت ئەکەن و بەبێ سەوادیان مەکتووب دەکەن! تەعلیقی من لە ئەلفازی عالیتان ئەوەیە کە بۆ لەم حیکایەتەدا، رێگە بە زۆرابە فەنی دەدەن، بەو بێ عورزی و بێ ئەدەبییە لەگەڵ جەناب رەئیس قەزا ئەلفاز بدات. چونکە حدود بەزاندنی زۆرابە فەنی بە ئیسمی ترە خوێندەوارییەکەی، دەگاتە پلەی عالی، لەعانێکدا کە دەبێژێ: (خودا قودرەت قابیلی تۆیە، یەکێ لەبەر خەت ناشیرینی محاکەمە دەکرێت و یەکێکی تر لەبەر خەت ناشیرینی مەسعوود بووە و بەختیارە!)

ئەم قسانەی سەردار بەگ، دانیشتنەکە دەشێوێنێ و مەجلیسی دیوەخان بە دڵی ئەحمەد موختار نابێت و بۆ رۆژی دواتر، ئەحمەدە فەنی لاپەڕەکانی ئەو چیرۆکە دەداتە خزمەتکارەکەی و دەڵێت هەڵیبگرە و دواتر بینووسنەوە و دانەیەکی لێ بنێرن بۆ عەلی کەمال باپیر ئاغا!

(2)

دوای ئەم بەسەرهاتە تەماوییەی (مەسەلەی ویژدان)، ئیدی لەو سەردەمەدا کەس ناوی ئەحمەد موختار جافی وەک چیرۆکنووس نەهێنا، تەنیا وتەی دەماو دەمی جافە خوێندەوارەکانی ئەو سەردەمە نەبێ کە باس لە چیرۆکی (مەسەلەی ویژدان یان چۆن بووم بە خانەدان) و ئەو بەسەرهاتەی ماڵی پاشا دەکەن. بەڵام پاش تیرۆرکردنەکەی لە ساڵی 1935، چیرۆکی (مەسەلەی ویژدان) لە کتێبخانەکەی (ماڵی پاشا) لەگەڵ چەند نامە و چەند شیعرێکی بڵاونەکراوەی ئەحمەد موختار، کەوتەوە سەر زاران. کەسانی ناو ئێل بەگی جاف دەڵێن دوای بەسەرهاتی ئەو شەوە و خوێندنەوەی چیرۆکەکەی، ئەحمەد موختار جاف دەستنووسێکی ناردووە بۆ عەلی کەمال باپیر ئاغا و ئەویش لە کەشکۆڵێکدا نووسیویەتییەوە. ئیدی دەستاودەست دەکات و یەکێک لە دەستنووسەکانی (مەسەلەی ویژدان) لەگەڵ هەندێ دێڕە شیعری دیکەی کوردی دەکەوێتە لای (عەبدولکەریم بەگی فوئاد بەگ) تا ناوەڕاستی پەنجاکانی سەدەی رابردوو، ئەم دەستنووسە بەبێ دەنگی پارێزراوە. بەڵام دوای ئەوەی د.ئیحسانی کوڕی، لە یەکێتی سۆڤیەتی جاران دکتۆرا وەردەگرێت و دەگەڕێتەوە کوردستان، هەوڵی چاپکردنی ئەم چیرۆکە دەدات. پاشتر بەهۆی دۆستایەتی لەگەڵ (ئەحمەد هەردی و مەدهۆش) دەستنووسێکی دیکەی ئەم چیرۆکە لە عەلی کەمال باپیر ئاغاوە دەگاتە دەستی د.ئیحسان فوئاد و پاش ماوەیەک چیرۆکی (مەسەلەی ویژدان، یان چۆن بووم بە خانەدان) ساغ دەکاتەوە و چاپی دەکات. بەڵام بە سەرەتا و کۆتایی تاڕادەیەک گوماناوی. ئەوەی لێرەدا جێی پرسیارە، ئەم چیرۆکە ئەوەی زانراوە سێ جار نووسراوەتەوە، دانەیەکیان لە کتێبخانەی ماڵی پاشا بووە و دووەمیان لای عەلی کەمال باپیر ئاغا، سێیەمیشیان لای (عەبدولکەریم فوئاد) و دڵنیام چەندین دەستنووسی دیکەشی هەیە کە نەگەیشتووەتە لای ئێمە. ئەوەی ئێستا چاپکراوەو لەبەردەستی ئێمەدایە کامیانە؟ ئایا لە هەرسێ دەستنووسەکەدا کۆتاییەکەی بە یەک جۆرە؟ ئایا سەرەتای هەرسێکیان جێی گومانە؟ چونکە د.ئیحسان فوئاد دەڵێت سەرەتای لاپەڕەکانی چیرۆکەکە لە بارێکی زۆر پەرپووتدا بوو، لاپەڕەکان هەمووی بەیەکەوە نووسابوون و هەوڵی جیاکردنەوەیان دەبووە هۆی هەڵوەرین و فەوتانیان. ئەمە جگە لەوەی گومانم لە کۆتایی چیرۆکەکە هەیە، چونکە لە کۆتاییەکەی نەنووسراوە (تمت)!

زۆر خاڵی هاوبەش لە نێوانیان هەردوو چیرۆکی (لەخەوما و مەسەلەی ویژدان) دا هەن، دیارترینیان ئەوەیە کە هەردوو چیرۆکەکە لە نێوان (ساڵانی 1925 بۆ 1927)دا نووسراون. ناوەڕۆکی هەردوو چیرۆکەکە، بە دوو زمانی جیاواز رەخنە لە بەرپرسیارێتی تاکی کورد دەگرن. یەکەمیان (لەخەوما) راستەوخۆ پاڵەوانی چیرۆکەکە






خەو دەبینێت و لە خەودا، دەسەڵاتداری کورد، لەو سەردەمەدا تا دوا پلە گەندەڵ و ستەمکار و نادادپەروەرە! دووەمیان (مەسەلەی ویژدان) دوور لە خەیاڵ و خەو، رەخنە لە خودویستیی مرۆڤی کورد و کۆمەڵگەی کوردی دەگرێت کە ئەوەی بایەخی پێ نادات خوێندەواری و زانستە. ئەوەی پلە و پایەی کەسایەتی دیاری دەکات، پلە و پۆست و دەوڵەمەندییە. ئەم بیرۆکەیە لە شیعرەکانیشیدا رەنگی داوەتەوە کە بەردەوام هانی لاوانی کورد دەدات بۆ خوێندنەوە. خاڵێکی دیکەی هاوبەشی نێوان (لەخەوما و مەسەلەی ویژدان) کۆتایی هەردوو چیرۆکەکەیە کە هەردووکیان بە ناتەواوی ماونەتەوە.


(3)

دوای چەند مانگێک لە گەڕانەوەم لە بەریتانیاوە بۆ کوردستان، بەیانییەک ئیمەیڵەکەم کردەوە. جۆن تەیلەر ئیمەیڵێکی دوور و درێژی بە عەرەبی بۆ ناردبووم، لە تەنیشت ناوەکەمەوە، ناوی سەنگەریشی نووسیوە و هەمان ئیمەیڵی بۆ ئەویش ناردووە: (سڵاو بەڕێزان کامەران و سەنگەر... هیوادارم باش بن.. پێشتر سەنگەر ئاگاداری کردم کە هیچ دۆکیۆمێنتێکتان لەسەر ئەو چیرۆک و بابەتانەی بەدوایاندا دەگەڕان، دەستنەکەوتووە. ئەمە نیگەرانی کردم. لە ڕاستیدا لەم ماوەیەدا چەند جارێکی دیکە چوومە کتێبخانەی دەستنووسی بەریتانی. لە بەشی پاراستنی دەستنووس و دۆکیۆمێنتە ونەکاندا، کۆمەڵێکی زۆر دەستنووسی کوردیی هەیە، نازانم ئەوەتان بینیوە یان نا؟ ئەوەی من بینیم زیاتر باس لە لایەنی کۆمەڵایەتی و سیاسی و سەبازی و جوگرافی و دیمۆگرافیی ئەو بەشەیە کە پێی دەڵێن باشوور. ئەوە بزانن مەرج نییە هەموو ئەو دەستنووس و دۆکیۆمێنتانەی بەریتانیا هەیەتی لەم کتێبخانەیەدا بخرێنەڕوو. هەندێکیان رەنگە بۆ هەتا هەتایە بە نهێنی و لە تاریکیدا هەڵبگیرێن! دەبێت ئێوە ئەوەش بزانن کە هەزاران بەڵگەنامەی گرنگی کورد لەو سەردەمەدا براونەتە هیندستان، هەروەک چۆن پێشتر بەشێک لە بەڵگەنامە و دەستنووسی کورد، عوسمانییەکان بردیانە کتێبخانەی دەستنووسی تورکیا. بۆیە ئێوە گەر دەتانەوێت مێژووی سیاسی و ئەدەبیات و فەرهەنگی خۆتان بدۆزنەوە، دەبێت ماندوو نەبن و چاوتان لە تورکیا و هیندستان و بەریتانیا بێت.

لەگەڵ رێزدا، بە هیوای دیدارتانم..
دڵسۆزتان: جۆن تەیلەر
دیسەمبەری (2011)

(4)


پاش تێپەڕینی چەند ساڵێک بەسەر ئەم بەسەرهاتەدا، چیرۆکی ساخکردنەوە و گەڕان و خولیاکانم بۆ هەندێ دەستنووس و بابەتی ئەدەبی، بووە خەونێکی سەیر. ئەویش نووسینی بابەتێک بوو تێکەڵاو لە خەیاڵ و راستی، دەبێت ئەوەش بڵێم لەم نووسینەدا بە تەنیا خەیاڵ و بیرکردنەوەکانی خۆم بەشدار نەبوو، بەڵکو دەیان کەس پێکەوە گفتوگۆمان کرد و بەرهەمی ئەو گفتوگۆیە ئەم نووسینەی لێ بەرهەم هات. لە گفتوگۆکەشدا بەدەر لە خۆم هەریەک لە (ئەحمەد موختار جاف، جەمیل سائیب، جۆن تەیلەر، سەنگەر کەماڵ، سەردار بەگی ئەوڕەحمان بەگ، د.ئیحسان فوئاد) و چەند کەسێکی دیکە بەشدار بوون.



ئەحمەد موختار — داود بەگی دەرەشیش — شێخ رەشیدی عەبابەیلی

کاتێک لەخەو هەستام، ئەوەی لە بیرم مابوو بۆ خوێنەرەکانم نووسییەوە. ئەوەی لەم گفتوگۆیەدا بەلای منەوە سەیر بوو، هەر یەکە و بەشێوازێک بەسەرهاتەکانی ئەم دوو چیرۆکەی (مەسەلەی ویژدان و لە خەوما)ی دەگێڕایەوە. لەوەش سەیرتر (جەمیل سائیب و ئەحمەد موختار جاف) لەو گفتوگۆیەدا هێندە بێ دەنگ بوون، لەوە نەدەچوو ئەوان ئەو دوو چیرۆکەیان نووسیبێت. ئەوەی لەم دانیشتن و گفتوگۆیەدا زۆرتر قسەی کرد، من و سەنگەر و جۆن تەیلەر بووین. سەرئەنجام ئەم نووسینە، بەرهەمی ئەو گفتوگۆیەیە لە نێوان خەو و خەیاڵ و راستیدا.

# دەست لە کار کێشانەوەی عەقڵ





حەمەسەعید حەسەن

جـۆرج تەرابیشـی (1939 — 16ی ئاداری 2016) هەر ڕەخنـەی لەوانی دیکە نەدەگرت، بوێریی ئەوەی شـک دەبـرد، ڕەخنە لە خودی خۆیشـی بگرێـت و ئـەو دونیابینییەیش بداتە بەر ڕەخنە کە سـاڵانێک خۆی بانگەشـەی بۆ کردووە. لە سـەرەتای ژیانیدا بەعسـی بووە، بەڵام هەر کە ئەو حیزبە دەسـتی لە دەسەڵات گیربوو، لێی کشایەوە، بە پێچەوانەی کەسانی هەلپەرستەوە، کاتێک سەنگەر دەگوازنەوە، بە چەپەری حیزبی دەسـەڵاتەوە پێوەست دەبن. تەرابیشـی کە واز لە بەعس دەهێنێت، دەبێتە مارکسیسـت و دواتر لە فیکری وجوودی نزیک دەبێتـەوە. ئـەوەی بیـری لێ نەدەکـردەوە، ماڵـی دونیا بوو، لە ئاسـتێکی (نزم)ی ژیاندا ڕۆژانی بەڕێ دەکرد، بەڵام ڕۆحی کەوینەکراوی (بـەرز) دەفری و بەرهەمـی قەڵەمی ئاوێنەی ڕوون و ڕاستگۆی خودی خۆی بوو.

تەرابیشـی هـەر وەرگێڕێکـی بەتوانـا و پـڕ بەرهـەم نەبـوو، ڕەخنەگرێکـی ئەدەبیی داهێنەریـش بـوو، چالاکێکـی بـواری تیۆریی فێمینیزمیش بوو، لە بوارەیلی فیکر، سیاسەت، فەلسـەفە و دەروونناسیشـدا بە هەق زانابوو. وێڕای ئەو بوارانە، سـاڵانێکی زۆری ژیانیشـی بۆ لێکۆڵینەوە لە کەلەپووری ئیسـلام تەرخان کرد. ژیانی بە نووسـین بەخشیبوو، کە پەکی کەوت و توانای نووسـینی نەما، جاڕی مەرگی خـۆی دا، هەرچەندە هێشـتا زیندووبوو، ئاخر نووسـین ژیانی بـوو.. ڕۆلان بـارت دەیگوت: (نووسـین ئەگـەر بکەوێتە خانـەی داهێنانی ئەدەبییەوە، تەمەنی لە عومری ئەو نووسینانە درێژتـر دەبێت کە بایەخ بە فیکر و بە ڕەخنە دەدەن.) وای بـۆ دەچم نووسـینە ڕەخنەیی و فیکرییەکانی تەرابیشـی ملکەچی ئەو ڕێسـایە نەبن، ئاخرسـتەمی لێ دەکەین، ئەگەر ڕەخنە ئەدەبـی و فیکرییەکانی بـە داهێنان لە قەڵەم نەدەین.

جۆرج تەرابیشی بەو لێکۆڵینەوە قووڵ و درێژەی دەربارەی (ڕەخنـە لـە عەقڵـی عەرەبـی)ی موحەممەد عابـد ئەلجابری (1936 — 2010) کـردی، ئـەوەی پـێ گوتیـن: (لەمێژە لە ئیسـلامدا عەقڵ دەسـتی لە کار کێشـاوەتەوە.) (تەرابیشی)ش وەک موحەممـەد ئارگـون پێی وابوو، عەقـڵ نە دەتوانێت ئیسلامی بێت، نە عەرەبی، ئاخر عەقڵ لەبەر ڕۆشنایی ئایین یان نەتەوەدا پۆلێن ناکرێت. جارێکیان لە فڕگەی ڕەباتی پایتەختی مەغریـب بە گیری دەهێنن، بە تۆمەتی ئەوەی چۆن عەرەبە و ناوی جۆرجە! گومانی ئەوەی لێ دەکەن پاسپۆرتەکەی ساختە بێـت، هەرچەندە لەناو عەرەبدا بـە دەگمەن داهێنەرێکی وەک ئـەو هەڵکەوتووە، مەگەر جۆرجـی زەیدان (1861 — 1914) یـان جوبـران خەلیل جوبـران (1883 — 1931) کە ئەوانیش وەک تەرابیشـی، گەرچی بـە ڕەچەڵەک (کریسـتیان) دەبن، بـەڵام بـە کردەوە لە خزمەتی ئینسـاندا دەبـن، نەک ئەم یان ئەو ئایین.

پێش ئەوەی دواناوەندیی تەواو بکات، قەشەیەک لە حەڵەب پێـی دەڵێـت: نـەزەر حەرامە و سـزاکەی لەلایەن خـوداوە، ئاگـری دۆزەخـە، ئیدی لەوە بەدواوە، بڕوای بە کریسـتیانیزم لەق دەبێت. کە مامۆسـتای دەرسـی ئایینی ئیسـلام لەسـەر تەختەڕەشەکەی پۆل دەنووسـێت: (ئەوی موسوڵمان نەبێت، دوژمنـی خودایـە) هەسـت دەکات، ئـەوەی دەبێـت گۆڕانـی بەسەردا بێت، نە سیاسەتە، نە وەزارەت، بەڵکوو ئەوە عەقڵە کـە پێویسـتە بگۆڕدرێت. کە هـاوڕێ حیزبییەکانـی بایکۆتی دەکەن، لەسـەر ئەوەی لە دژی تاوانی ژنکوشـتن، بە پاساوی پاراستنی ناموسەوە، دەوەستێتەوە، تێدەگات ئایدیۆلۆجیا لە توێکڵـی عەقـڵ بـەولاوە هیچی دیکـە نییە و بیر لـە گۆڕینی کرۆکی عەقڵ دەکاتەوە.

ئەگـەر وەرگێڕان ناپاکـی بێت، ئەوا وەرگێڕان لە دەسـتی دووەوە ناپاکییەکـی مەزنە، بـەڵام چونکە وەرگێڕێکی عەرەبی ئەڵمانیـزان لـە گۆڕێدا نابێت، تەرابیشـی لـە ناچارییەوە، لە فەرەنسـاییەوە بەرهەمـی فرۆید وەردەگێڕێتە سـەر عەرەبی، ئاخـر ئەگەر وای نەکردبـا، کولتووری عەرەب، بێ فرۆید و بێ شـیکردنەوەی دەروون دەمایەوە. تەرابیشـی نزیکەی چارەکە سـەدەیەکی تەمەنـی بۆ لێکۆڵینـەوە لە کەلەپـووری عەرەب تەرخـان دەکات، تا ڕەخنەیەکی زانسـتی و زەنگین لە کتێبی (ڕەخنە لە عەقڵی عەرەب)ی جابری بگرێت.

تەرابیشـی دەبێژێت (ئـەوەی کە جابـری عەقڵی عەرەبی بەسەر عەقڵی دواکەوتووی خۆرهەڵاتی دونیای عەرەب و عەقڵی پێشـکەوتووی خۆرئـاوای دونیـای عەرەبدا دابـەش کردووە، لێکدانەوەیەکی ناعەقڵانییە. بۆ ئەوەی ڕەخنە لە جابری بگرم، پێویستم بەوە بوو، چی نووسیوە، بیانخوێنمەوە، چی کردووە بە سـەرچاوە، بیانخوێنمەوە و چیش پێویست بوو بیانکات بە سـەرچاوە و نەیکردبوون، بیانخوێنمەوە.) تەرابیشـی لەبارەی بەهـاری عەرەبـەوە گوتوویەتـی: (بەهـاری عـەرەب ئەگـەر دەرگایەکی بە ڕووی عەرەبدا کردبێتەوە، دەرگای دۆزەخ بووە، ئاخـر گەڕانەوە بوو بـۆ پێش ئەو مۆدێرنێتەیـەی بە ئومێدی بووین.)

جـۆرج تەرابیشـی دەرکـی بـەوە کردبـوو، هیـچ شـتێک ئەوەنـدەی ئایدیۆلۆجیـا کە ئایین بەشـێکی پێـک دەهێنێت، عەقڵی مرۆڤایەتی تووشـی نابینایی ناکات. تەرابیشی دەیزانی دیکتاتۆر بۆیە سانسۆری داهێناوە، چونکە لە کتێب دەترسێت، ئاخر ئەوە کتێبە ئینسان بۆ ئەوە هان دەدات، خەون بە ژیانێکی گەشتر و بە جڤاکێکی باشترەوە ببینێت، بۆیە هەموو تەمەنی بە نووسـینی کتێب و بە وەرگێڕانی کتێب بەخشی. تەرابیشی لەو نووسەر و بیرمەندانە نەبوو کە لە بازنەی کلاسیکدا قەتیس دەبـن، بەڵکوو لـەم ئەزموونەوە بۆ ئەزموونێکـی دیکە بەڕێ دەکەوت، دوودڵیی نەدەناسـی، سڵی لە دونیای تـازە و ئاڵـۆز نەدەکـردەوە و لە سـایەی بەهای سـەروەردا گیـری نەدەخوارد، ئاخر هاوزەمـان بیرمەندێکی یاخی و خەباتگێڕێکی چاونەترسـیش بوو.

23ی ئاداری 2016
هەولێر

# حەلاج.. وەک دەقێکی ئەدەبی



سەنگەر زراری


هەرچەنـدە حوسـێن مەنسـووری حـەلاج (858-922ی زایینـی) (244-309ی کۆچـی) لـە سـەردەمێکدا ژیـاوە، بەهـۆی دووریـی ئەو سـەردەمە لە ئێمـە، درککردن بـە وردەکارییەکانـی ژیانـی ئاسـان نییـە، بەڵام مێـژووی سـەردەمەکەی و کتێبەکانی و ئەو قسـە و باسـانەی لەبارەیەوە دەکرێن و بۆمان ماونەتەوە، بەشـێک لە ژیانیمان بۆ دەردەخەن، هەر ئـەو نەبوونی وردەکارییەی ژیانـی و بەجێمانی کتێـب و بیروڕاکانی، ئەو باوەڕەمـان لا دروسـت دەکەن کە کەسـێکی تـەواو جیـاواز بووە لـە زانا و سـۆفییەکانی سـەردەمی خۆی و بیروڕاکانی ئیشـکالیەتی زۆریان دروست کردووە.

کەواتـە ئەگـەر وردەکارییەکانـی ژیانیمان لەبەردەسـت نەبێ و پـەرۆش بین بۆ زانینی، چۆن ئەو وردەکارییانەمان دەسـت دەکەوێ؟ بێگومان دەستمان ناکەوێ، بەڵام نووسینەوەی ئەم ژیاننامەیە لـە ڕێگای دەقی ئەدەبی و بە تایبەتیـش دەقێکـی گونجاوی وەکـو ڕۆمان، دەشـێ هەندێک لەو چێژەمان پێ ببەخشـێ کـە خوێنـەر لـە خوێندنـەوەی ژیاننامـە و بیرەوەرییەکان وەدەسـتی دێنـێ. ئەگەرچی ڕۆمـان، ڕەگەزێکـی ئەدەبییـە و ئاشـکرایە کـە ناتوانێ کۆپی واقیعمان بـۆ بکات، بەڵام ڕۆماننـووس دەتوانـێ وێنەیەکـی نزیـک لە واقیعمـان پێشـکەش بـکات، ئەویـش بـە تێکەڵکردنی هەندێ ڕووداوی خەیاڵی، لەگەڵ ئەو کەمە ڕاستییە مێژووییەی کە لەبەردەستن، (جۆرج لۆکاچ) گوتوویەتی: "هەموو جۆرەکانی نووسـین، بەشـێک لە واقیعییەتـی تێدایە". ئەمەش مانای ئەوەیە کە ڕاستە ڕۆمان دەقێکی ئەدەبییە، بـەڵام بەدەریش نییە لەو واقیعەی مرۆڤ تێیدا ژیاوە و دەژی.

لە ڕۆمانی (حەلاج)ـدا، عەباس ئەرنائوت، زۆر بە جوانی باسـی ژیانی مەنسووری حەلاج دەکات و چێژێکی زۆر بە خوێنەر دەبەخشێ، بە تایبەتیـش وێنایەکی سـەرەتایی لەبارەی بیروڕاکانی حەلاج دەخاتەڕوو، ئەمەش بۆ ئەو کەسـانە زۆر گرنگە کە توانـای خوێندنەوەی کتێبە فەلسەفییەکانی ئەوفەیلەسووفەی دنیای ئیسلامیان نییە و حەزیش دەکەن تۆزێ لە بیروڕاکانی بگەن و بزانن.

حوسـێن کـوڕی مەنسـوور ناسراو بە حەلاج، لە ساڵی (244)ی کۆچـی بەرامبـەر (858)ی زایینی لەدایـک بـووە، هەندێـک دەڵێن لـە عێراق و هەندێـک دەڵێن لـە باکووری شـیراز لەدایک بووە، لە شـاری (واسیت)ی عێراق پەروەردە بـووە و دواتـر چووەتـە بەغدا و لـە ماوەی ژیانیدا چووەتە خۆراسان و هیندستان و چەند وڵاتێکی دیکە، هەروەها چەند جارێک چووەتە حەج و بە ساڵ لەوێ ماوەتەوە.

حەلاج لە سـەردەمی خۆیـدا، هەم لایەنگر و دۆسـتی زۆر بـووە و هەم دوژمـن، ماوەی چەندین سـاڵ، ئەوانـەی دژایەتییان دەکرد و لە دەسەڵات نزیک بوون، هەوڵیان دا تۆمەتی ئـەوەی بۆ دروسـت بکەن کـە خەڵک لە ڕێ لادەبا و سەرگەردانیان دەکات، بەڵام هیچیان دەستنەکەوت، دواجار کۆڵیان نەدا و قەناعەتیان بە خەلیفە هێنا کە حـەلاج مەترسـییە لەسەر وڵات و دەسەڵاتی عەباسییەکان، ئەوەبوو لەسـەر بیروڕاکانـی، بـە بڕیـاری خەلیفـە (موقتەدیـر)، لەبەردەم خەڵـک و زاناکانـی ئەو کاتـەدا دادگایـی کرا و لەسـەر دەسـتی وەزیر (حامیدی کوڕی عەباس) کـە یەکێـک بـووە لـە نەیارە سەرسەختەکانی حـەلاج، بـە خاچـدا هەڵواسـراوە و دەسـت و قاچـی بـە شمشـێر پەڕێنـراوە، دواتریش لە سـێدارە دراوە. حـەلاج کـە شـوێنکەوتووی لـە هیندستان و خوراسان و بەغدا و بەسـرە هەبووە، تـا ئێسـتاش کاریگەریی مـاوە و بە سـەدان دەقی ئەدەبـی لەسـەر ژیـان و کارەکانی نووسـراون و بەردەوام دەنووسرێن.




حـەلاج لە سـەردەمێکدا ژیاوە کە پڕ بووە لە جەور و سـتەمی فەرمانڕەوایانی عەباسی، ئەو هەمیشـە لەگەڵ نەداران و هەژاران بووە، هەر کەسـێکیش شـتێکی بەخێر پێی دابێ، دەمودەست شتەکەی بە هەژاران بەخشیوە و بۆ خۆی هیچی نەویستووە.

حەلاج بە کافـر و زەندیق تۆمەتبار دەکرا، لـە کاتێکدا ئـەو قورئانی هەمـوو لەبەر بوو، هەمیشە لەسەر بەرماڵ بوو، بەردەوام زۆربەی ڕۆژەکان بەڕۆژوو بوو، سێ جار حەجی کردبوو (وەک لە ڕۆمانەکەدا بەدی دەکرێ)، بە سـاڵ لە مەککە و لە سـێبەری کەعبـەدا دەمایەوە. لەگەڵ ئەوانەشـدا حەلاج خۆی ئەو کەسانەی زیاتر خۆشویسـتووە کە ڕقیان لێی بووە و بە کافریان زانیوە، چونکە پێی وایە ئەو کەسانە لەپێناو خوا ڕقیان لێیەتی، نەک لەبەر خۆیان.

**"کەسانێک هەن، من بە کافر ئەزانن و...**
**کەسانێکیش بە وەلی...**
**ئەوانـەی من بە کافر ئەزانن، زیاترم خۆش ئەوێن و**
**خوداش زیاتر خۆشـی ئەوێـن، لەوانەی بە وەلیم ئەزانن...**
**موریدەکەی پرسی:**
**بۆچی؟!**
**لەبەرئەوەی ئەوانەی مـن بە وەلی ئەزانن، متمانەی تەواوەتییان بە منە...**
**ئەوانـەی بـە کافریشـم ئەزانـن، لـە دەمارگیرییانەوەیە بۆ دینەکەیان...**
**ئەوەی بۆ دینەکەشی دەمارگیرە**
**لای خوا خۆشەویسـتترە لـەوەی متمانەی تەواوەتی بە کەسێ ئەکا...ل159".**

بەهـۆی ئەوەی حـەلاج هەموو کەسـێکی خۆشدەویسـت، ببـووە دوژمنـی زانایانـی دەربار و ئەو کەسـانەی کە لە بەرژەوەندییان نەبـوو تێکەڵـی هـەژاران بـن، هەرچەنـدە کەسـانێکی سـەر بـە دەسـەڵات کەوتبوونە ژێر کاریگەرییەکانی ئەو، بەڵام هەمیشـە ئەو کەسـانەی بەرژەوەندییان لەوەدا نییە بکەونە ژێر کاریگەریی ئەو کەسـانەی دنیانەویسـتن، زیاتر سـوڵتان و دەسەڵاتداران هان دەدەن بۆ ئەوەی ئەو کەسانە لەناوبەرن.

حـەلاج، باوەڕی بەوە نەبـوو کە جوولەکە و مەسـیحی و پەیڕەوانـی ئایینەکانـی دیکە، جێگەیـان دۆزەخ بێت: "ئایینەکان هەموو هی خوای گەورەن... هەر تایەفەیە و بە ئایینێکەوە خەریکە، نەک لەبەرئەوەی خۆی هەڵیبژاردووە، بەڵکـو لەبەرئـەوەی بـۆی هەڵبژێـردراوە... بۆیە هەر کەسـێ لۆمەی کەسـێکی تر بکا و ئایینەکـەی بە بێ بنەما بزانـێ، ئەو حوکمە بەسـەر خۆشیدا ئەشکێتەوە... ئەوە بزانە کە چ ئایینی یەهودی و چ مەسیحی و چ ئیسلام و چ ئایینەکانی تریش، بریتیین لە ناو و نازناوی جیاواز و ئامانجـی هەموویان یەک ئامانجە... ل226".

ئەمـە باوەڕی گەلێ گەورە سـۆفی و زانای دیکەی موسـوڵمانانیش بـووە، ئەبو حەیانی تەوحیدی (310-414ی کۆچی/922-1023ی زایینی) کە یەکێکە لە سـۆفی و فەیلەسووفە گەورەکانـی سـەدەی چـوارەم و پێنجەمـی کۆچـی، دەیگوت: "بەپێی گێڕانەوەکان کە لە کتێبەکاندا هاتووە، دەبێ بە ئینسافەوە بڵێین: هیچ ئایینێـک هیچی لەوی دیکە کەمتر نییە، بۆیەش کامیان بە هەقتـر بزانی، زوڵم لەوانی دیکە دەکەی. لێی دەپرسـن: بۆ لەسـەر ئەو دینە ماوی کە لەسـەری بووی، گوتی: چونکە حورمەتێکـی تایبەتی هەیە، من بەم ئایینەوە لەدایک بووم و لەگەڵ ئەهلی ئەم دینە دەژیم، وێنەکە بەم شـێوەیەیە، کە لە ڕۆژێکی باراندا دەچییە کاروانسەرایەک و خاوەنی کاروانسەرا بێ ئیختیار و ڕای تۆ، دەتباتە ژوورێک. حەوش پڕە لە قوڕ و چڵپاو. ئەگەر بتەوێ ژوورەکەت بگـۆڕی، بچییە دیوێکی دیکە، حەسـانەوەت تێکدەچێ و پێت قوڕاوی دەبێ، بۆیە لەسـەر جێـی خۆت دەمێنییـەوە، ئەوە مانـای ئەوە نییە کە ئەم ژوورەی تۆ تاقە سەرپەنایە، یان لـە هەمووان باشـترە، من لەدایـک بووم و لە هەلومەرجێکـدا کە بچووک بووم و زانیارییەکم نەبـووە، دایکم و باوکم منیـان هێناوەتە نێو ئەم دینە، لە دواییشدا کە لێکمدایەوە، خەڵکی دیکەش هەر لەو بارودۆخەدان، دیتم کە ئەگەر لەسەر ئەم ئایینە بمێنمەوە، حورمەتم پترە و مامەوە، هۆیەکی دیکەی نییە و من حوجەتێکم نییە کە ئەوانی دیکە نەیانبێ...".

حـەلاج نەیدەویسـت ئەو جەور و سـتەمە بـەردەوام بێـت و ئەویش بێدەنگ دابنیشـێ، بـە پێچەوانـەی زۆر سـۆفی دیکـە، تەرکـی دنیا بـکات و پەیوەنـدی بـە دەوروبەرییەوە نەبـێ، لە ڕۆمانەکـەدا، نموونە بە (جونەیدی بەغدادی) هێنراوەتەوە کە شـێخی سـۆفییان و ڕابەرێکـی دیارە، هەروەها لە سـەردەمێکدا مامۆسـتای حەلاج بووە، بـەڵام پەیوەندی بە ئیش و کاری خەڵک و حکومەت و سیاسەتەوە نەبووە، بەڵکو "خۆی بۆ زانسـت و نووسین و وانە تەرخان کـردووە...ل181". جونەید هەر بەو بێدەنگییەی بەرامبەر زوڵم و سـتەمکاری سـەری نایەوە و هیچ هەڵوێسـتێکی نەنواند، حـەلاج پێیوابـوو کەسـێک زانسـتی لا بێ، بەرپرسـیارێتییەکی گەورەی لەسـەر شانە و دەبـێ ئەو بەرپرسـیارێتییە هەڵبگـرێ، نابێ بەرامبەر زوڵـم و زۆرداری بێدەنگ بێ. ئەگەر حەلاجیش وەکو زۆرێک لە سۆفییەکانی دیکە وازی لـەو هەڵوێسـتانەی هێنابا، بە ئاسـانی وازیان لێ دەهێنا و ئیمتیازاتیشیان پێی دەدا و تووشـی ئەو هەموو سەرئێشـەیە نەدەبوو. ئەوەتا خۆشی دەڵێ:

**"عەباسییەکان...تابڵێی ئیرەییبەرن...**
**خۆیان سەرگەرم کردووە بە کەنیزەک و...**
**کۆکردنـەوەی بـاج و... خواردنـی ماڵـی موسوڵمانانەوە...**
**ئـەوان کاتێ... تووڕەییان لە ئاسـتی مندا جوولا...**
**کـە گەڕامـەوە سـەر زەوی و... داوای چاکسازیم لێ کردن...**
**دەنـا گەر هەر لـە دونیای غەیب بمابامەوە و...**
**تەنها شیعرم بچڕیایە...**
**نە ئەیانخوێندەوە و...**
**نە ئەیانبیست و...**
**نە تووڕەش ئەبوون...ل 269".**

دوای زیاتر لە 10 سەدە تێپەڕبوون بەسەر ئەم بیروباوەڕانـەی حەلاج، دۆخی پەیوەندیی نێوان خەڵک و دەسـەڵات، لە زۆربەی وڵاتانی دنیادا، وەکو سەردەمەکەی حەلاجە، کەسێک خاوەن هەڵوێست بێ و بێدەنگ نەبێ، دەسەڵات و دەسـتوپێوەندەکانی بە هەموو شـێوەیەک دژایەتی دەکەن، ئەگەر بێدەنگیش بێ و تەنیا خەریکی نووسـین و خوێندنەوە بێ، نە کەس کاری بەسـەرییەوەیە و نە نووسینەکانیشـی بایەخێکی ئەوتۆیان دەبێ.

* حـەلاج.. لە حەسـرەت عیشـقی تۆیە دڵ ناسـرەوێ. عەباس ئەرنائوت، وەرگێڕانی: ئازاد بەرزنجی، ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەریی ئەندێشە، چاپی یەکەم (2016).




گۆران محەممەد

goran.mohammed@rudaw.net


# تەفسیر و تەشهیر لە کن میم عەلی باپیر

هاوڕێیەکم جوانی بۆ هاتبوو کە نووسیبووی: ئەمڕۆ لە عێراقدا دوو کەس توانای قەرەباڵغکردنی شەقامیان هەیە، موقتەدا سەدر و شاسوار عەبدولواحید، ئاخر ئەویان بە زەبری ئیمان، بەپێش خۆی داوە عالەم هەروەکو گاڕان، ئەمیشیان بە زەبری هۆیها و فیکەکێشان، دەهێنێتە جۆش پایەتەختی ڕۆشنبیران. بیلامانێ هەردووکیان لە گرتندا مەعلان و کارزانن، ئەمیان مان دەگرێت و ئەویان سەرچۆپی، قوربان ئەمە لێقڵ و حاڵی کاریزمایە لە وڵاتی ئێمە، جاران خەڵکی لە پرێ دەبوونە کوڕێ، ئێستا بە زرمە دەبنە کاریزمە.

کە دیموکراسی لە دونیای مۆدێرندا سەقامگیر و مۆدێلێکی سەرکەوتووە، هی ئەوەیە سەرچاوەی دەسەڵات، حوکمی زۆرینەی ڕۆشنبیری گەلە. لای ئێمە ئەوەی حوکمی داوەتە دەستی ئەم و ئەو قەلە، زۆرینەی عەوامی نەخوێندەوار و گەلی چەشنی مێگەلە. ئەگەرنا لە کن موقتەدای سینە و مەمە، کۆکردنەوەی ملیۆنێ کەس، ئاسان نەدەبوو وەک خواردنەوەی دیژلەمە، هەر لۆ فشەی، هەموو هەینییەک تەحریری داگیر نەدەکرد، تا بە ناوچەی سەوز بکا تەشقەرە و گەمە، ئەو کە هێشتا بە تەواوی زمانی نەگرتووە، چەرمی ڕووی هێندە قایم نەدەبوو، تەکنوازی بۆ حکوومەتی تەکنۆکرات بچرێ و وەها خۆی نیشان بدا مەهدیی چاوەڕوانکراوی سەردەمە.

جا پێدەچێ پەتای ئەو مێگەل خڕکردنەوەیە میم (1) عەلی باپیریشی گرتبێتەوە، پێدەچێ ئەمیش ئیرەیی بە موقتەدا و شاسوار ببات، ئەگینا هەرگیز ڕوویداوە حیزب بێ و لە پەرلەمان بێ و لە حکوومەت بێ و گلەیی لە گەندەڵیی بکەی؟

ئەوە ئاساییە پیاوێکی ئیماندار بێت و لە خەمی ڕووناککردنەوەی ڕێی خەڵکیدا بێت، بەڵام کە خوا و پێغەمبەر بکەیتە کەرەستەی حیزبی سیاسی، قوربان ئەوە ئیمانداری نییە، بازرگانییە. ئاخر حیزب بۆ گەیشتن بە دەسەڵاتە، دەسەڵاتیش لەم بەشە قوڕەی دونیادا ئەوەیە کە دەیبینین، قابیلە کۆمەڵی ئیسلامی، پارتی سۆشیال دیموکراتی سوید بێ تا کوردستان بکاتە سوید؟ ناشێ میم عەلی خۆی لێ بووبێتە میم گۆرکی؟ ئاخر مەکسیم گۆرکی بەهەق ئەدیب و چالاکوانی سیاسی بوو.

جا قوربان میم عەلی، تازەم زانیوە ئاغایشی لە میراودەلی، خوا شایەتە لە کوردستاندا حیزبی سیاسی و گەندەڵی، وەکو ئەبوو ئەڵقە وایە بۆ سەرسەری، هەرگیز ناژین بێ یەکتری، حیزب هەر یەک ئامانجی هەیە، ئەویش گەیشتنە بە سەندەڵی، گەیشتنیش بە سەندەڵی پێویستی بە پیاوێکە، چەکدار و سیاسەتمەدار.

(1) تۆ ئازادی ئەو میمە دەکەیتە مامۆستا یان مەلا




بەرزان فەرەج

barzanfa@gmail.com


جیهانێکی دی

# کالاس ڕێگای بەهەشت نییە

کالێ، یان کالاسی باکووری فەرەنسای سەر دەریای مانش و پردی پەڕینەوەی هەزاران کۆچبەر بۆ (ئەوبەر)ی دەریای هەمیشە تەماوی و هەڵچوو، ئێلدۆرادۆ، بەریتانیای مەزن و بەهەشتی خەیاڵی، چەندین جەستەی شکست و تۆقیوی بە خەونی ئەوبەر گەیاندووە و زۆریشی لە کەناری مەرگدا جێهێشتووە.

کالێ لە 1885وە لە ڕۆمانی جێرمینالی ئێمیل زۆلاوە دەبێتە سەمبوڵی چەوساندنەوەی سەرمایەداری کە مارکس بە جەنگەڵستانی ناودەبرد، قەڵای ڕاپەڕینی ئەو کرێکارانەی لە کانە خەڵووزەکانەوە وەکو گوڵە کێوییەکانی بەهار بڵاودەبوونەوە، بەڵام کالێی هەڵگری پەیامی مرۆڤایەتی و سروودی ئینتەرناسیۆنال و داڵدەی هەژار و بێدەرەتانەکان و قەڵای چەپ و کۆمۆنیزم لە فەرەنسا، چیدی توانای بەرگریی نەما، قەڵا و لانکە چەپگەراییەکەی داڕما و بەوەفا نەمایەوە بۆ مێژووی خۆی. دەیەوێت ئاوڕ لە ڕابردووی پڕشکۆ و مرۆڤانەی خۆی نەداتەوە و چیدی دەرگاکانی واڵا نەکات بۆ ئەو هەزاران کەسەی لە هەموو کونج و لانکەی کلۆڵییەکانی دنیاوە ڕووی تێدەکەن بۆئەوەی لەوێوە خەونی گەیشتن بە بەهەشتی بەریتانیا وەدی بهێنن کە ئەویش دەمێکە دەروازەکانی خۆی داخستووە و ئامادە نییە پێشوازی لەو شەپۆلە کۆچە جیهانییە بکات کە تەنیا خەون بە پەڕینەوە لە مانش و گەیشتنە ئەوبەر دەبینن و ژیانی ڕاستەقینەی خۆیان بە قەدەری دەریایەکی تووڕە و تونێلێکی تاریک دەسپێرن.

لە دارستانەکانی کالێدا، بەدبەختیی کیشوەرەکانی دیکە پێکەوە، جیهانێکی دیکەیان لەناو جیهانە خۆشنوود و قەشەنگەکەی فەرەنسادا، بە مقەبا و پلاستیک و نایلۆن و تەختەودار دروست کردووە کە بە کەمپەکانی جەنگەڵ ناودەبرێن. لەوێدا کلۆڵی و بێ ئومێدیی جیهانە هەژار و پڕ کێشە و جەنگەکان، سەریان بەیەکەوە ناوە و پێکەوەش شەڕی یەکدی دەکەن، پێکەوە لە کەلاوەی ناو شارستانیەتێکی دەوڵەمەنددا چاویان بڕیوەتە دووکەڵی کوورەی خانووە گەرمەکان، بەو هیوایەی ڕۆژێک ئەوانیش لەو ژوورە گەرمانەدا مرۆڤبوونی خۆیان بژین، بەڵام خەونی ئەوان تەنیا لە تەقەلای پەڕینەوە بۆ ئەوبەر دێتەدی. لەچاوەڕوانیشدا ئەوان کەلاوەکەی خۆیان ڕێکدەخەن و لە هیچیان کەم نییە، دوکان و سەرتاشخانە و چایخانە و کتێبخانە و مزگەوت و کەنیسەی خۆیان هەیە، لەگەڵ ئاژانسەکانی سەفەری هیوا یان مەرگ بۆ ئەوبەر، ئەو ئاژانسانەی کە باندە قاچاخچییەکانی ئەفەریقی، مەغریبی، ئەفغانی، سریلانکی، چینی و کورد و لەنێو کوردەکانیشدا باندەکانی هەولێری و چەمچەماڵی و کەلاری و ڕانیەیی و ئەوانی دیکە، لەنێو یەکدیدا شەڕ و ململانێ لەسەر نرخ و شوێنی پەڕینەوەی نەفەرەکان دەکەن بۆ ئەوبەر کە تائێستا لەو جەنگەدا چەندین کەسیان لە یەکدی کوشتووە و فەرەنساش هەموو جارێک بێهوودە لەوەی کە شارێکی دی لە جەنگەڵێکی دیدا هەڵدەتۆقێ، بە بلدۆزەرەکانی، جیهانی جەنگەڵەکانی کالێ دادەڕمێنێ.

بەڵام پێدەچێت ئیدی کۆتایی خەونەکان بێت، کالێ چیدی زۆلایەک نادۆزێتەوە چیرۆکی تەختکردنی کەمپی نەهامەتییەکانی جەنگەڵ بۆ دنیا بگێڕێتەوە. تا دێت دەنگێکی ڕاستڕەوی ڕاسیست و ترساو لەوی دیکە لە کالێدا بەرز دەبێتەوە و لە جیاتی ئاڵای کرێکارانی کانە خەڵووزکانی جێرمینال و کۆمۆنیست و چەپەکان، ئاڵای نیللیی مارین لوپێن و ناسیۆنالیستەکانی فەرەنسای بەرزکردووەتەوە و هاوار دەکات: فەرەنسا تەنیا بۆ فەرەنسییەکانە. کالێ تەنها بەرگەی هەژاریی خۆی دەگرێت و ناخوازێت جیهانێکی دی کە سەمبوڵی هەژارییە، لەسەر خاکەکەیدا و لە جەنگەڵەکانیدا خۆی نمایش بکات.

پێش چارەکە سەدەیەک، میشێل ڕۆکاری سەرۆک وەزیرانی فەرەنسای ناسراو بە خاکی پەناهەندەیی، ڕستەیەکی ترسناک و بەڵام ڕاستیەکیشی بەو جیهانانە گەیاند کە تاکە ڕێگەیان بۆ گەڕان بەدوای ژیانێکی باشتردا کۆچکردن و گەڕانە بە دوای ئێلدۆرادۆ لە جیهانە ئازاد و دەوڵەمەندەکاندا. ڕۆکار گوتی: (فەرەنسا ناتوانێت باوەش بۆ نەهامەتییەکانی هەموو جیهان بکاتەوە). بێگومان ڕستەیەکی ترسناک بەڵام حەقیقەتیشە، ئەوەش ڕاستە کە بەبێ گۆڕینی ژیانیان، مرۆگەلی خاکی نەهامەتی و هەژاری و چەوساندنەوەکان تاکە چارەسەریان شەپۆلی کۆچە بۆ وڵاتانێک کە چیدی ناتوانن پێشوازییان لێ بکەن، بەڵکو ئێستا سنوورەکانیشیان بە ڕوودا دادەخەن و داڵدە و کەلاوەکانیشیان دەڕووخێنن، کەچی خەونی ئەو کۆچبەرانەی لەو جیهانانەوە دێن کە نەهامەتییان لێ نابڕێت، کۆتایی بە جەنگەڵەکانی کالێ ناهێنێ و لە کاتێکدا شارۆچکەیەک دەڕووخێنرێت، شارۆچکەیەکی دی لە وێرانەدا دروست دەکرێتەوە.

فەرەنسا و ئەوانی دیش بەبێ ئەوەی بتوانن پێشوازی لە نەهامەتیەکانی هەموو جیهان بکەن، لە جەنگەڵەکانی خۆیاندا کەلاوەکانیان دەڕووخێنن و هیچ چارەسەرێکیشیان پێ نییە. لەپاڵ دووڕوویی و هەلپەرستیی تورکیادا کە لەلایەکەوە چەندین ملیار دۆلار لە ئەورووپا وەردەگرێت بۆ هێشتنەوەی پەناهەندەکان لە تورکیادا و لەولاشەوە ڕۆژانە لە ڕێگەی باندە قاچاخچییە چاولێپۆشراوەکانەوە ڕێگە بە لێشاوێکی ڕۆژانەی کۆچبەری سەرهەڵگرتوو دەدات بەرەو ئەورووپا کە سەدانیان لە دەریاکانی نێوان تورکیا و یۆناندا دەخنکێن و خۆیشی داوای لابردنی ڤیزای شەنگن بۆ هاووڵاتیانی خۆی دەکات، لەپاڵ هاواری بەردەوامی یۆنان لە ئەورووپا کە توانای پێشوازی لەو هەموو لێشاوی پەنابەرەی نەماوە، لەپاڵ هەڵوێستی خودپارێزی و خۆپەرستیی وڵاتانی باڵکان و نەمسا و هەنگاریا و ئەوانی دی بە داخستنی سنوورەکانیان لە بەرامبەر شەپۆلی کۆچدا، لەپاڵ هاواری ئەڵمانیادا بۆ وڵاتانی ئەورووپا کە کێشەی پەنابەران بە تەنیا بۆ ئەو جێنەهێڵن و بەوەفا بن بۆ بەها ئینسانییەکانی خۆیان و باوەش بۆ نەهامەتییەکان بکەنەوە، لەپاڵ سیاسەتی ئەو جیهانانەی سنوورەکان بەسەر خۆیاندا دادەخەن و هەڕەشەی هەڵوەشاندنەوەی شەنگن و ڕێککەوتنی پەناهەندەیی دەکەن، لە پاڵ ڕووخاندنی دوا کەمپەکانی جەنگەڵەکانی کالێ، جیهانێکی دی هێشتا هەر خەون بە جیهانێکی دیکەوە دەبینێت کە تاکە بەهەشت و تاکە ئومێد و تاکە چارەسەرە. لەداخستنی ئەم دەروازانەشدا بێگومان کە ناکرێت هەموو نەهامەتییەکانی جیهان کۆچی پێدا بکەن، چارەسەر چییە؟ کاتێک جەنگەکان، هەژاری و ستەمکاری و نادادپەروەرییەکان لە جیهانێکدا هەر بەردەوام بێت کە بووەتە قوربانیی ململانێی زلهێزەکان و بەرژەوەندی و گرەوە جیۆپۆلیتیکی و ستراتیژییەکان و پاراستنی قودسیەتی سنوورە دەستکردەکان، کێشەی کۆچ هەر بەبێ چارە دەمێنێتەوە. لە چاوەڕوانیشدا کەمپی جەنگەڵەکانی کالێ ڕووخێنران و کۆچبەرەکانی، بە کوردەکانیشەوە، بە خۆیان و نەهامەتی و خەونی پەڕینەوە بۆ ئەوبەر، لەناو خاکی بەرینی فەرەنسادا وێڵ و بزر کران، بەڵام جەنگەڵەکانی کالێ چاوەڕوانی هەڵتۆقینی کەمپی نوێن.




هێمن لهۆنی

hlihony@rudaw.net


# ئارامی یان دیموکراسی؟

جیهان، بە وڵاتە دیموکراسی و نادیموکراسییەکانەوە، لەسەر حیسابی ئازادییەکانی تاک بەرەو جیهانێکی ئەمنی دەچێ، جا ئەمە لە ئەمریکاوە بۆ فەرەنسا و بۆ عێراق و کوردستانیش هەر ڕاستە، ئەمەش دوای سەرهەڵدانەوەی هێرشی گرووپە ئیسلامییە توندڕەوەکان لێرە و لەوێ.

ئەمریکا وڵاتی ئازادی و بەها جیهانییەکان و بەرگریکاری سەرسەختی دیموکراسی لە جیهاندا، ئەمڕۆ لەناوخۆیدا خەریکە هاوکێشەکان هەڵدەگەڕێنێتەوە، زۆر لە ئەمریکییەکان شەیدا و سەرسامی کەسێکی شێت بوون بەناوی دۆناڵد ترەمپ کە ئێستا بووەتە کاندیدی سەرەکیی کۆمارییەکان بۆ هەڵبژاردنە بەراییەکانی حیزبەکەی. ئەمریکییەکان باش دەزانن کە ئەو کەسایەتییە بە هیچ شێوەیەک نوێنەرایەتی بەهاکانیان ناکات، بەڵام لەبەر خاتری ئەوەی بتوانن زۆر لە حەزە تاکە کەسییەکان بهێننە دی و منداڵەکانیان لە تیرۆر بپارێزن، دەچن بەدەم بەڵێنێکی ترەمپەوە بۆ سنووردارکردنی هاتنی موسوڵمانان بۆ ئەمریکا و چالاکییە ئیسلامییەکان. ئەوان بڕوا بەوە دەکەن کە ئەمە دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی مەترسیی هێرشی تیرۆریستی.

کەم گەل هەیە وەک گەلی ئەمریکی ڕقی لە حکومەت و سیاسەت بێ و دژی هەموو شتێکی حکومەت بێت بۆ سنووردارکردنی ئازادییەکان. حکومەت لە ویژدانی ئەواندا بریتی بووە لە "شەیتانێکی گەورەی ناپێویست"، بەڵام دوای هێرشەکانی 11ی سێپتەمبەر، ئەمریکییەکان بەدەم داوای بوشی سەرۆکی وڵاتەوە چوون کە لەپێناوی پاراستنیان، دەبێ ئیمێڵەکانیان لەکاتی پێویستدا بپشکنرێ. دوای هاتنی داعشیش و گەورەبوونی مەترسییەکان، ئیدی ئەو گەلە ئامادەیە واز لە هەندێک ئازادیی دیکەی خۆیان بهێنن لە پێناوی ئاسایشیان.

ئەورووپییەکان جیاوازتربوون و هەندێک جار ڕەخنەیان لەم توندییەی ئەمریکا دەگرت، تا مەترسییەکە گەیشتە بەر دەرگایان. دوای هێرشەکانی پاریس، خەڵکی ئەورووپاش داوایان کرد کە حکومەت هەموو کارێک بکات لەپێناوی پاراستنی ئاسایشیان جا بە هەموارکردنەوەی دەستوور بێت یان بڕیاری لەناکاو. کار گەیشتە ئەوەی لە ڕاپرسییەکدا زۆرێک لە فەرەنسییەکان دەڵێن ئەگەر ژیانیان پارێزراو بێ، گرنگ نییە حکومەتەکەیان هەڵبژێردراو نەبێ و ئۆسۆریتاریەن بێ.

لە 2003شەوە لە عێراق و ئۆپەراسیۆنی ڕزگارکردنی ئەو وڵاتە، ئارگومێنتەکە کە زۆرجار جێگای باسە، بریتییە لەوەی ئایا عێراقییەکان ئەمنییەتی سەردەمی سەدامیان دەوێ یان ئەو دۆخە مەترسیدارەی سەردەمی دیموکراسیی دوای سەدام؟


لە کوردستان کە چواردەورە دراوە بە ئاگری دەرەکی و ناوخۆیی، ئارگومێنتەکەی ئارامی و دیموکراسی زۆر جار باس دەکرێ. پاراستنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان بە قسەی کتێبەکانی ساڵانی هەشتاکان نابێ کە تازە هەندێک وەرگێڕانە فارسییەکانیان دەخوێننەوە. هەر کەس تۆزێ خوێندەوار بێ دەزانێ پاراستنی کوردستان لەم دۆخەدا چەندە سەختە و دەبێ جێگای پێزانین بێ.

جیاوازییەکی هەرێمی کوردستان و ڕۆژئاوا ئەوەیە کە خەڵک لە دەرەوە متمانەی بە هێزە ئەمنییەکان هەیە، چونکە دەزانن دەزگای نیشتیمانین، بەڵام لێرە چەندین هەوڵی تیرۆریش پووچەڵ دەکرێنەوە و بە پراکتیکییش لە کوردستان ئاسایش بەرقەرارە، کەچی متمانە لای خەڵک وەکوو پێویست نییە و تێکەڵ بە سیاسەتە بێ بەهاکەی کوردستان کراوە.

کوردستان کە نموونەیەکی جوان و ئارامە و هەنگاوی دیموکراسی باشی تێدا نراوە، ئێستا لە دوای هاتنی داعش، وەک وڵاتانی دیکە خەڵک ئامادەن بۆ ماوەیەکی کاتی مافە دیموکراسی و ئازادییەکانیان دوابخەن لە پێناوی پاراستنی منداڵەکانیان و شەڕی داعش کە چەند کیلۆمەترێک لێمان دوورە.

خەڵک لە کوردستان لە واقیعدا لە پێناوی ئارامی داخوازییەکانی گۆڕاوە، ئەگەر بەراوردێک لە نێوان داخوازییەکانی خەڵک لە 17ی شوباتی ساڵی 2011 و ئێستا بکەیت، دەبینی کە چەندە خەڵک بەتەنگ ئارامی و ئاسایشەوەیە.

دەریشدەکەوێ کوردستان بەشێکە لە ترێندە جیهانییەکە کە ئارامیمان خستەوە پێش دیموکراسی. ئەم گۆڕانەش کاتییە و دەبێ سەرکردەکانمان ئەوە بزانن، دوای شەڕی داعش، ئارامیی درێژخایەن بەبێ دیموکراسی مەحاڵە.




ڕێبوار کەریمی


# تورکیا لەنێوان گۆشەگیریی جەستە و گوتاری ئاپۆدا

سەحەر چاغلا دەمیر، ئەو کیژە کوردەی لە 13ی مارسی ئەمساڵ هێرشە خۆکوژییەکەی گۆڕەپانی قزڵای شاری ئانکارای ئەنجام دا، نەک هەر خەباتی چەکداریی کوردی بە خوێناویترین شێوە بردە ناو "ژینگەی نەتەوەی باڵادەست"، بەڵکو بۆ یەکەمینجار خەڵکی مەدەنیشی کردە قوربانیی هێرشێکی خوکوژانەی خوێناوی. ئەو هێرشە، مێژووی شۆڕشەکانی کوردی بەوێرانکارانەترین شێوەی ڕێتێچوو، بەسەر دوو قۆناغی پێش 2016/3/13 و دوای ئەو ڕۆژدا، دابەش کرد.

ڕێکخراوی "تەیرەبازێن ئازادیا کوردستان- TAK" کە خۆی لەو هێرشە بەخاوەن کرد، لە ڕاگەیێندراوەکەیدا، جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە نیازیان گورزوەشاندن لە چەکدارانی دەوڵەت لەناو جەرگەی ئاناکارادا بووە و بەداخبوونیان لە بەرکەوتنی خەڵکی مەدەنی دەربڕی. بەوەشەوە، نەیانشاردەوە کە دوور نییە لە هێرشەکانی داهاتووشدا خەڵکی مەدەنی پێوەببن. ئەو هێرشەشی وەک تۆڵەسەندنەوەیەک لە ئاست تاوانکارییەکانی دەوڵەتی تورک بەرامبەر گەلی کورد، ناوبرد.

سەرەڕای گرفتی ئەخلاقیی قووڵی ئەم سیاسەتی "چاو بەرامبەر چاوەی" TAK، پێمخۆشە ئەم پرسە لەڕوانگەیەکی دیکەوە بهێنمە بەرباس: وای دابنێین بەم کردەوە تیژپەڕانە خەڵکی مەدەنیی تورکیا، زەندەقیان چوو، ئایا سیاسەتی ڕەشەکوژی و تۆقاندن، چەندە لەگەڵ ئەو دوورە دیمەنە ستراتیژییە دێتەوە کە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد لە باکوور، بە پێشەنگایەتیی بەڕێز ئۆجەلان دیاری کردووە (من لێرەدا باس لە هەڵوێستی PKK ناکەم، چونکە PKK خۆی لە TAK بەبێبەری دەزانێ، بەڵام TAK ئاپۆ بە سەرۆکی خۆیان دەزانن). من وای بۆدەچم ئەوەی TAK دەیکات بەر لە هەموو شتێک، پاچ لە بنیاتی ستراتیژی سیاسیی "ئاپۆ" دەدات. چۆن؟

دوو سیفەتی دیاری شێوە بیرکردنەوەی نوێی ئاپۆ کە بۆ وێنە لە پەیامە نەورۆزییەکەی ساڵی 2013 یدا بەیان کران: یەکەم، دوورکەوتنەوە بوو لە دوورەدیمەنی ناسیۆنالیستیی دەوڵەت-نەتەوە و دووەم، بێدەنگکردنی چەکەکان لە پێناوی بەگەڕخستنی هێزە کۆمەڵایەتییە نوێیەکاندا، وەک داینەمۆی ئەو شۆڕشە هزری و مەیدانییەی ئاپۆ بۆ قۆناغی نوێی فۆرمووڵە کردبوو. ڕوانگە نوێیەکانی ئۆجەلان، پشت بە دەسەڵاتی نەرم، خەباتی مەدەنیی بەرفراوان و بەگەڕخستنی هێزە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان، نەک هەر لەسەر ئاستی کوردستان، بەڵکو لەسەر ئاستی تورکیا و بگرە هەموو ناوچەکە، دەبەستێ. گوتاری ئاپۆ، گوتاری وەدیهێنانی مێژوویەکی نوێ و جیاوازە، مێژوویەک کە لەخوارەوەڕا بۆ سەرەوە دەخوڵقێنرێ، مێژوویەکی مرۆڤسەنتەر کە بەها هاوبەش و یونیڤێرساڵەکان دەخاتە پێش ئەو بەرژەوەندییە گرووپیانەی مرۆڤەکان دەکاتە دوژمنی یەکتر.

دوایین تێزەکانی ئۆجەلان، هەرچەندە بەدڵی ناسیۆنالیستەکانی کوردستان نییە، بەڵام ناشێ بەدڵی ناسیۆنالیستەکانی "گەلی باڵادەست" و هیچ هێزێکی سەنتەرگەرای دیکەش بێت. ئەگەر کەس لە برشتی تێز و تاکتیکە نوێیەکانی ئۆجەلان دڵنیا نەبووبێت، حکومەتی تورکیا لێی دڵنیا بووە. ئۆجەلان لەخۆڕا تەریک نەخراوەتەوە!

فەلسەفەی وجوودیی هەدەپە، کە توانی لە هەڵبژاردنە پەڕلەمانییەکانی تورکیادا، تەزووی شکستێکی گورجکبڕ لەجەستەی ئاکەپەدا بگێڕێت، دەگەڕێتەوە بۆ تێز و ڕێنماییەکانی ئۆجەلان. دەڵێن ئۆجەلان گوتوویەتی: "تەنیا من دەتوانم ئەردۆغان رابگرم". ڕاستیشی کردووە. هەر پلانی ئۆجەلان بوو وای کرد پارتێکی وەک هەدەپە دروست ببێت و بە مەودای کەمتر لە یەک ساڵ چالاکییەوە، لە حەوتی حوزەیرانی پاردا، شۆکێکی مێژوویی لە جەستەی ئەردۆغان و ئاکەپە بگێڕێت. تەریکخستنەوەی جەستەیی ئۆجەلان، ڕێک تۆڵەی ئاکەپەیە لەسەر ئەو پەندەی ئۆجەلان، لەسەر دەستی هەدەپە پێی دان. بەڵام ئاکەپە، سیاسەتی تەریکخستنەوەی ئۆجەلانی لە کاتێکدا دەستپێکردەوە کە ئۆجەلان "کەتن"ی خۆی کردبوو، بۆ یەکەمجار هێزێکی سیاسیی مەیلەوکورد، بەبێ ئەوەی دووجەمسەریی لە کۆمەڵگەی تورکیەدا پێکبهێنێ، هەم چووە ناو پەرلەمان، هەم پارتەکەی ئەردۆغانی لە زۆرینەیی خست، هەم کوردی وەک شائەکتەری دێمۆکراسی لە تورکیەدا، بە جیهان ناساند.

دەمەوێ بڵێم، ئەگەر ڕێکاری هەنووکەیی TAK و تەنانەت PKK-ش، پاشەکشەکردن بە حکومەتی تورکیە بووبێت، لە ڕێی زەبرلێدانەوە لە ڕووکاری جەستەی دەوڵەت، گوتاری ئاپۆیی هەڵگری ڕێکارێک بوو بۆ زەفەربردن بە بنیاتی دەوڵەت لە ناوەوەڕا (لە زۆرینەیی خستنی ئاکەپە تەنیا فازێکی ئەو سیاسەتە بووە).

ئێستا کە حەمامی خوێن بەڕێ کەوتووەتەوە، ڕەنگە ئاسانتر بێت تا لە حیکمەتی ئەو هەموو پشوودرێژییەی ئۆجەلان و تاقەتگرتنی ئەو هەموو دەستی بەدەستی پێکردنە تێبگەین کە پێی دەکرا. ئاپۆ هاوکات لە دوو گۆڕەپاندا خەریکی گەمە بوو: یەکەم، دانوستاندن لەسەر پرسی کورد و دووەم، خۆشکردنی پانتایی گەمەی سیاسی لە تورکیە بۆ بردنە پێشی ئەجندایەکی سیاسیی جیاواز. پێموایە ئەردۆغان و حکومەتی ئاکەپە لەوەی یەکەمیان کەمتر دەترسان، بەڵام لەوەی دووەمیان تۆقیبوون! لەوەی یەکەم کەمتر دەترسان، چونکە ئاپۆ و بزووتنەوەکەی، بە ئەجندایەکی یەکجار مینیماڵی ویستە نەتەوەییەکانی کوردەوە داوای ئاشتییان دەکرد. بەڵام لەوەی دووەم تۆقیبوون، چونکە توانای پێشبینیکردنی ئەنجامی "گەمە تورکیاییەکان"ی ئۆجەلانیان نەبوو، وەکچۆن هەموو مێژووی سیاسیی ئاپۆ، سوورپرایزکردنی یەک لەدوای یەکی دەوڵەتی تورکیە بووە.

دوایین تەریکخستنەوەی جەستەیی ئاپۆ لە کاتێکدا بوو کە ئیتر نەخشەڕێی خەباتی سیاسی، بەو شێوەیەی ئەو دەیویست، چەکەرەکانی لە سەردەستی هەدەپە دەرکەوتبوون. بەئەمنیەتیکردنی کەشی سیاسیی تورکیە و لەوێشەوە سەندنەوەی دەرفەتی دەسپێشخەریی سیاسی لە هەدەپە، لێدانێکی ڕاستەوخۆ لەو ستراتیژە سیاسییە بوو کە ئاپۆ سەرەتاکانی داڕشتبوو. جۆری دژکردەوەکانی TAK و تەنانەت PKK-ش بەرامبەر بە پیلانەکانی دوای حەوتی حوزەیرانی حکومەتی ئاکەپە، بەکردەوە تەنیا یەک دەسکەوتیان هەبووە: گواستنەوەی سیاسەتی تەریکخستنەوەی جەستەیی ئاپۆ بۆ فازی گۆشەگیرکردنی گوتاری ئاپۆیی، ئەویش بەهاودەستیی کورد خۆی. یەکێک لە دەرکەوتە دڵتەزێنەکانی ئەو دیاردەیەش، تێکچوونی هاوسەنگییە لە نێوان ئامانجە ڕاگەیاندراوەکانی "بەرخۆدانی باکوور" لەگەڵ تێچوونە ئینسانییە سەرسوڕهێنەرەکانی!

ئەم نووسینە بە ڕاڤەیەکی "گەشبینانە" بۆ ڕاگەیێندراوەکەی TAK سەبارەت بە هێرشەکەی ڕۆژی 13ی ئادار کۆتایی پێ دەهێنم:

TAK لەدوا ڕستەی ڕاگەیێندراوەکەیدا، باسی خەباتی شێلگیرانەی "ئاپۆ و خەڵکی کورد" دەکات، ڕەنگە وەبیرهێنانەوەی دووانەی "ئاپۆ و کورد" لەدوا ڕستەی ئەو ڕاگەیێندراوە هەڕەشە ئامێزەی TAK-دا، ناردنی ئەو پەیامە بێت بۆ دەسەڵاتدارانی تورک کە "تەنیا ئاپۆ دەتوانێ ئارامیمان بکاتەوە!". وەکچۆن لە ئاست قەیرانی زیندانییە مانگرتووەکانی چەند ساڵ پێش ئێستاشدا، تەنیا ئەمری ئاپۆ توانی مانگرتووەکان هێور بکاتەوە. ئەگەر پەیامی TAK-یش ئەوە بێت کە تەنیا بە فەرمانی ئاپۆ ئەم شەپۆلی ڕەشەکوژییە ڕادەگرین، ئەمە ئیتر قۆڵبادانێکی ژناوانیی ئاکەپە و شەخسی ئەردۆغانە، چونکە — درەنگ یان زوو- دیسانەوە ئاپۆ، وەکوو کلیلداری گەورەی چارەسەری لە تورکیا، ناوی دێتەوە ناو ناوان. ئەگەرێکی لەو چەشنەش تەنیا یەک ناوی شیاو دەبێ: چۆکدادانی ئەردۆغان لە بەردەم ئاپۆدا.

لەم ڕوانگەیەوە، دوور نییە شەپۆلی ڕەشەکوژییەکانی TAK، کۆتایی تەریکخستنەوەی جەستەیی ئاپۆی بەدوادا بێت. تراژیدییەکە لەوەدایە کە دوای ئەو هەموو ماڵوێرانی و خوێنڕژانە، زەحمەتە کۆتایی تەریکخستنەوەی جەستەیی ئاپۆ، چیدی بە ئاسانی بتوانێ بەر بە تەریککەوتنەوەی یەکبینی گوتاری ئاپۆیی و ئەندێشە هیومانیستییە نوێیەکانی ئاپۆ، لە کۆمەڵگەی تورکیەدا، بگرێت.


ئەم وتارانە گوزارشت لە ڕای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی ڕوداو نین.



ڕێبوار کەریم وەلی
rebwar.karim@rudaw.net

# کێ پیاوی ئەو پۆستەیە؟

**1**

لێدوانەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، مەسعود بارزانی بۆ سایتی ئەلمۆنیتۆر، کاردانەوەی جۆراوجۆری بەدوای خۆیدا هێنا و هەندێک کەس و لایەنیش وەک هەنگیان لەداردا دیتبێتەوە، وەک دانپێدانانێکی گەورە و ناوازە لێکیاندایەوە! چییە؟ بارزانی گوتوویەتی تا راگەیاندنی دەوڵەتی کوردی بە سەرۆک دەمێنێتەوە!

ڕاستییەکەی کاردانەوەکان نیشانەی بێئاگایی یان خۆڵکردنە چاوی خەڵکە. ئەگەرنا، پارتی لە دانوستاندنی سیاسییان لەگەڵ حیزبەکانی دیکەدا، قەت ئەوەیان نەشاردووەتەوە کە دەیانەوێ تا دوو ساڵی دیکەش (کە ئێستا حەوت مانگی لێ ڕۆیشتووە) بارزانی هەر سەرۆکی هەرێمی کوردستان بێت. ئامانج لەوەش ئەوەیە کە ناوچەکە لەبەردەم گۆڕانێکی گەورەدایە و گەلی کوردستان تەنیا چەند هەنگاوێک لە سەربەخۆیی و خەونی مێژووییان دوورن. کەسێک ئەوەی نەبیستبێت، دیارە لە کوردستان نەژیاوە، بۆیە لێدوانەکانی بارزانیی پێ موفاجەئە بووە!

ئینجا ئەو پرۆسەیە چۆن گەیشتە ئێرە، کەس ئەو پرسیارەی لەخۆی کردووە؟

لە 18ی مایسی ساڵی 2015دا، بارزانی دوای گەڕانەوەی لە دەرەوەی وڵات، نەخشە ڕێگای ئایندەی سیاسیی کوردستان لە ناوچەکەدا و بڕیاردان لە شێوازی حوکمڕانیی کوردستانی بە هەموو پرسەکانییەوە خستە بەردەم کۆمیتەیەک (کە بڕیار بوو لە ماوەی هەفتەیەکدا لە تێکڕای هێزە کوردستانییەکان پێکبێت و پێکنەهات). ئەگەر ئەو ڕۆژە حیزبە کوردستانییەکان، بە دەم ئەو داواکارییەوە چووبان، ئەمڕۆ قەت بەسەر ئەو وەزعەی ئێستادا نەدەکەوتین.

دواتر شەست ڕۆژ پێش کۆتاییهاتنی وادەی سەرۆکایەتییەکەی، بارزانی داوای لە کۆمیسیۆنی باڵا کرد، هەڵبژاردن بۆ سەرۆکایەتیی هەرێم بکات، کۆمیسیۆن گوتی پێمان ناکرێ.

ئینجا دوای ئەو هەموو بەزم و ڕەزمەی مانگی حوزەیران و ئاب (کە پەرلەمان خراپترین ئەکتەری ڕووداوەکان بوو)، دیسان بارزانی سێ پێشنیازی خستە بەردەم حیزبەکان و بە تایبەتیش ئەو چوار حیزبەی پرۆژەیان هەبوو. یەکێک لەوانە ئەوە بوو کە لەسەر کەسێک ڕێککەون تا بارزانی پۆستەکەی ڕادەست بکات. ئێستا خەڵک لە جیاتی ئەوەی پەلاماری بارزانی بدەن، بۆچی یەخەی حیزبەکانی دەرەوەی پارتی ناگرن و لێیان بپرسن، کاکە ئەوە بارزانی وا دەڵێ، ئێوە بۆ پیاوێکتان تێدا نییە بۆ ئەو پۆستە؟! بۆ ناتوانن لەسەر کەسێک ڕێکبکەون تا جێگەی بارزانی بگرێتەوە و لەو عوقدە مێژووییە ڕزگارمان بێت؟

بەڵێنەکەی بارزانی 17 مانگی دیکەی ماوە، میللەتێک بەرگەی ئەو هەموو ئازار و مەینەتییەی گرتبێت، ئەو ماوەیەش تەحەمول دەکات و چاوەڕێ دەبێ. چونکە بارزانی ئەوکاتە دەبێ بە نیلسۆن ماندێلا بەراورد بکرێت کە کاروانی سەربەخۆیی گەیشتبێتە مەنزڵ، بەڵام ئەو دەستبەرداری پۆستەکەی نەبووبێت. چونکە نە ماندێلا و نە هیچیەک لە سەرکردەکانی خەباتی ڕزگاریخوازانە، میللەتی خۆیان لە نیوەی ڕێگا بەجێنەهێشتووە تا ئەو چاوەڕوانییە لە بارزانی هەبێ، مەگەر ئەوەی کە پیاوێک بۆ ئەو پۆستە هەبێ و خەڵک نەیزانیبێت.

## ڕێستەکەی هێرۆخان

**2**

وەڵامە نووسراوەکەی هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان (جێگرەوەی تاڵەبانی لەناو یەکێتیدا) کورت و پوخت بوو. ئەڵبەتە دەمێکە نەمدیوە کە هێرۆخان بەو شێوەیە وەڵام بداتەوە، بەڵام وەڵامەکە جدییە و باڵی ریفۆرم ئەگەر فریای خۆی نەکەوێت حاڵیان شڕ دەبێ.

خاڵی یەکەم ئەوەیە کە هێرۆخان لە سۆنگەی ڕێککەوتنی لەگەڵ پارتی و بارزانیدا، زۆر بێمنەتانە و توند وەڵامی جێگری سکرتێری گشتی داوەتەوە و تەنانەت هەڕەشەش دەکات. چونکە سەرباری ئەوەی کە دەگوترێ یەکێتی و پارتی خەریکی ڕێککەوتنی تازەن! یەکێتی و پارتی دەمێکە براندوویانەتەوە و بەشێکی پرۆسەکە بۆ سەرقاڵکردنی خەڵکە. باڵی دەستڕۆیشتوو لاریی لە مانەوەی بارزانی و دەرکردنی گۆڕان نەبووە و نییە، بۆیە دیار نییە کە خەڵک چاوەڕوانی چ جۆرە ڕێککەوتنێکی دیکە دەکات؟!

دووەمیان، کارتی کۆنگرەی لەدەست بەرەی ریفۆرم دەرهێناوە و پێیان دەڵێ من دەمێکە داوای کۆنگرە دەکەم! بەڵام ئەو قسەیەش فڕێ دەدات کە ئامادە نییە پێش کۆنگرە بچێتە ژێر باری هیچ ڕێککەوتنێکی پێشوەختە، واتا ئەوە ڕەتدەکاتەوە کە پێش کۆنگرە لەسەر سیغەیەک لەگەڵ باڵی ریفۆرم ڕێکبکەوێت.

ئینجا دوا خاڵ ئەوەیە کە پێیان دەڵێ ئەگەر کۆنگرەش کرا و ئەوان، واتا باڵی ریفۆرم سەرکەوتن (کە زۆر ئەستەمە لەو کەشوهەوایەدا)، باڵی ریفۆرم بتوانن سەربکەون، چونکە باڵی دەستڕۆیشتوو، بەپێی ئەزموونی لە هەڵبژاردنەکانی 2014ی پەرلەمانی بەغدا دەزانێ چی بکات) نابنە خاوەنی ئەو دەسەڵاتە ڕەهایانەی کە مام جەلال لەناو یەکێتیدا هەیبوون.

من ئاوای تێگەیشتم...

## هەڤاڵ بە بیللا تێنەگەیشتم!

**3**

جارێکیان لە قەندیل بووم، کابرایەکی ڕەشتاڵەی کەلاری، ڕایکێشامە لای خۆی و باسی خیانەتی پارتی و یەکێتی و دەستێکەڵکردنیان لەگەڵ ئیمپریالیزم و ئەو شتانەی کرد. ئینجا چووە سەر کوانتۆمی ئۆجەلان و کۆنفیدراسیۆنی دیموکراسی و...منیش هەر سەرم بۆ دەلەقاند. گوتم زۆر لە بەرهەمەکانی ئۆجەلانم خوێندوونەتەوە، بە سەرسوڕمانەوە گوتی"ئەدی چۆنە نەبوویتە پەکەکە و تەقلی نەبووی"! گوتم خۆزگە کتێبەکانم نەخوێندبانەوە، ئەو کاتە لەوانەبوو بووبامە پەکەکە.

کابرا دەموچاوی تێکنا و تووڕە بوو، وایزانی سووکایەتی بە ئۆجەلان دەکەم. گوتی ئاخر ئێوەی خەڵکی باشوور (خۆشی کەلاری بوو) لە سەرۆک تێناگەن. منیش گوتم "زۆر ڕاستە ئێمە هێشتا زۆرمان ماوە لەسەرۆک تێبگەین" بەوە کەمێک سارد بووەوە..

جا (بەزمی فیدراڵیی ڕۆژئاوا و باکووری سووریا)ش شتێکە هەر لە بابەتی کوانتۆم و کانتۆن و ئەوشتانە. خەڵکی باشوور چەند لە کوانتۆم و کانتۆن تێگەیشت، هەر ئەوەندەش لە فیدرالیەتەکە. خوا بکات کوردی سووریا بە دەستی بەتاڵ لەو شەڕە دەرنەچن، جا ناوی هەرچییەک دەبێ با ببێت، ئاخیرەکەی ڕۆژێک هەر تێیدەگەین چییە.



عادل باخەوان
adel.bakawan@gmail.com

# داعش وەک منداڵێکی سەرلێشێواوی مۆدێرنیتیّ

یەکێک لەو تێزانەی کە زیاتر لە 10 ساڵە کاری لەسەر دەکەم، ئەوەیە کە: بزووتنەوەکانی سەلەفیزمی جیهادی، ئایدیۆلۆژیا تەنیا وەک سەرچاوەی شەرعیەتدان بە جوڵانەوە لەنێو هەلومەرجێکی بابەتیدا بەکاردەهێنن. هەلومەرجێک کە ئێستا و ئێرەی دنیای مۆدێرن دروستی کردووە، نەک سەدەکانی ناوەڕاست و بەبێ تێگەیشتن لەم هەلومەرجە، تێگەیشتن لەو بزووتنەوە سەلەفیستە ڕادیکاڵانە دەبێتە شتێکی وەک مەحاڵ. بۆ باشتر تێگەیشتن لەم تێزە، لێرەدا دەگەڕێمەوە سەر پەروەردەی کۆمەڵایەتیی یەکێک لەو ئەکتەرە داعشیانەی کە بەشێکی زۆر لە دەوڵەتە ڕۆژئاواییەکان و هێزە لۆکاڵەکانی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردووە: ئەبو عومەری چیچانی کە لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا، هەر لە واشنتنەوە تا پاریس، هەر لە هەولێرەوە تا مۆسکۆ، باس لە کوشتنی دەکەن و هیچ ئۆرگانێکی داعشیش تا ئێستا بە فەرمی لەم بارەیەوە قسەی نەکردووە.

ئەبوعومەری چیچانی نازناوی گەنجێکە بەناوی تەرکان باتیراشڤیلی. ساڵی 1986، لەنێو خێزانێکی فرە کولتووردا دێتە دنیاوە. باوکێکی جۆرجیی بە ئایینی ئۆرتۆدۆکس، دایکێکی چیچانیی بە ئایینی موسوڵمان، تەرکان لەنێو دۆڵە گەورەکەی پانکیسی کە دەکەوێتە سەر سنووری نێوان هەردوو وڵاتی جۆرجیا و چیچانەوە، گەورە دەبێت. ئەم ناوچە جوگرافیە بەو پەراوێزە ناسراوە کە خاڵییە لە هەر خزمەتگوزارییەکی دەوڵەت. پەراوێزێکی پشتگوێخراوی سپێردراو بە بیرچوونەوە. لە هەندێک ئەفسانەدا دەڵێن: ئێرە ئەو شوێنەیە کە تەنانەت خوداوەندەکانیش نایانەوێت پێیدا تێپەڕن.

تەرکان هەر لە منداڵییەوە ناچاردەکرێت بەوەی کە ببێتە شوانی مەڕەکانی باوکی. تاکە پەنجەرەیەک لە ژیانی تەرکاندا بۆ ئەوەی دنیای دەرەوەی لێوە ببینێ، ئەو "موجاهید"ە چیچانیانە بوون کە دژ بە مۆسکۆ ڕاپەڕیبوون و بە ئامانجی گەڕانەوە بۆ بەرەکانی جەنگ بەم دۆڵەدا تێدەپەڕین. ئیدی هەر لە منداڵییەوە، خەیاڵدانی تەرکان پڕ دەبێت لە وێنەی ئەو موجاهیدانەی کە بە ریشی درێژ و چەک و سیواک و قورئانەوە پەلاماری سوپایەکی گەورە و بەهێزی وەک سوپای ڕووسیایان دەدا و لەپێناوی ئامانجەکانیاندا گیانی خۆیان پێشکەش دەکرد. تەرکان هێشتا باڵغ نەبووبوو کە بەشێوەیەکی نافەرمی دەستیکرد بە هاوکاریکردنی موجاهیدە چیچانییەکان و بەشداریی کەمینەکانیانی دەکرد.

لە تەمەنی 21 ساڵیدا تێکەڵ بە سوپای جۆرجی دەبێت و لە ماوەیەکی کورتدا دەبێتە ئەندامی (یەکەی دۆزینەوە) کە لە سەربازە هەرە بەتواناکانی سوپا پێکهاتبوو. لەساڵی 2008 دا، کاتێک سوپای ڕووسی پەلاماری جۆرجیا دەدات، تەرکان چەندین فەرمانی سەخت جێبەجێ دەکات، لەوانە نزیکبوونەوە لە خاڵی هەرە هەستیاری زرێپۆشەکانی دوژمن بۆئەوەی هەلومەرجی تۆپبارانکردنیان لەلایەن سوپای جۆرجییەوە ئامادە بکات.

ئەم جەنگە سەختە شانسێکی گەورە بوو بۆ تەرکان، شانسێک کە دەیتوانی بەکاری بهێنێ بۆئەوەی پێگەیەکی بەهێز لەنێو سوپای وڵاتەکەیدا بۆ خۆی دابین بکات، بەڵام ئەو ڕێگای ژیانێکی دیکەی هەڵبژارد، وەک ئەوەی وێنەی موجاهیدەکانی سەردەمی منداڵی، ڕێگای پێنەدەن لە ڕووبەرێکی ئارامدا و بە ئارامی بژی. ساڵی 2010، تەرکان تووشی نەخۆشیی سیل دەبێت و فەرماندەکەی ناچاری دەکات ریزەکانی سوپا جێبهێڵێ.

تەرکان دەگەڕێتەوە بۆ گوندەکەی خۆی و هەوڵ دەدات لەوێ، لەو شوێنە دوورەدەستە، ببێتە پۆلیس، بەڵام ئەوەشی پێ ڕەوا نابینن. لێرەوە، دۆخێکی تووڕەبوونی سەخت هەموو گیانی دادەگرێ. تووڕە لە سوپا، لە کۆمەڵگا، لە گوندەکەی، تەنانەت لە خێزانەکەشی. تەرکانی دەرکراوی دوورخراوەی نەویستراو، هەست دەکات لەو سەرەتانە دەچێت کە هەموو لایەک دەیانەوێت لەڕێگای نەشتەرگەرییەوە بیبڕن. هەست دەکات لەم کۆمەڵگا گەورەیەدا دەزگاک نییە باوەشی بۆ بکاتەوە و شانسێکی دیکەی پێ ببەخشێت. ئیدی بڕیار دەدات بگەڕێتەوە بۆ لای وێنەکانی منداڵی، بۆ لای ئەو موجاهیدە چیچانیانەی تا ئێستاش لە جەنگدان دژ بە سوپای ڕووسیا لە چیچان. بەڵام کاتی پەڕینەوەی بە چەکێکەوە لەسەر سنوور، دەستگیر دەکرێت و پرۆژەکەی شکست دەهێنێت و دواتر بە سێ ساڵ زیندانی حوکم دەدرێت.

ژیانی نێو زیندان کاریگەریی توند و گەورە بەسەر کەسایەتی تەرکانەوە بەجێدەهێڵێت. دەسەڵاتدارانی جۆرجیا، چەند لەگەڵ ئیسلامی سۆفیدا کراوەن، هێندەش لەگەڵ ئیسلامی سەلەفی جیهادیدا توندن و زۆر لەوە دەترسن کە لە داهاتوودا وڵاتەکەیان ڕووبەڕووی هەمان قەیرانی چیچان ببێتەوە. لە چوارچێوەیەکی ئاوادایە کە تەرکان دەکەوێتە بەر شاڵاوێکی توندی ئەشکەنجە و لێکۆڵینەوە.

ساڵی 2012 کە ئازاد دەکرێت، ڕاستەوخۆ ڕێگای سووریا دەگرێتە بەر و دەبێتە فەرماندەی کەتیبەیەک لە موهاجیرەکان. لە مانگی ئۆکتۆبەری 2012 دا، وەک فەرماندەیەکی ئەلقاعیدە، لەگەڵ کەتیبەکەیدا پەلاماری بنکەیەکی سەربازیی مووشەکە گەورەکانی سوپای سووریا دەدات و دەیگرێت. لە دیسەمبەردا پەلاماری بنکەی شێخ سلێمان دەدات و دیسانەوە دەیگرێت. دوو مانگ دواتر پەلاماری سەربازگەی فەوجی ژمارە 80ی ڕژێم دەدات و کۆنترۆڵی دەکات. لە مانگی ئابی 2013 دا، دەست بەسەر فرۆکەخانەی سەربازیی مینغدا دەگرێت. لە پایزی 2013دا، تەرکان لە ئۆرگانیگرامی (هەیکەلی تەنزیمی)ی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامیی (داعش)دا دەردەکەوێتەوە: ئەبو عومەری چیچانی دەبێتە فەرماندەی گشتیی عەمەلیاتەکانی داعش لە تەواوی سووریادا.

لێرەوە دەگەڕێمەوە سەر ئەو تێزەی کە پێشتر ئاماژەم پێدا. تەرکان منداڵێکی پەروەردەکراوی نێو سوورەتەکانی قورئان نییە، لەنێو حەدیسەکانی بوخاری و موسلیمەوە نەهاتووەتە دەرەوە، زادەی فەتواکانی ئین تەیمییە نییە، تەرکان لەکۆتاییدا هیچ نییە، منداڵێکی ونبووی نێو کۆڵانە تاریکەکانی مۆدێرنیتیّ نەبێت، مۆدێرنیتێیەک کە بە پەراوێزەکانی بیرچوونەوەی سپارد و تەواوی دەرگاکانی کۆمەڵگای لەسەر داخست و دواتر ویستی هەر لەو پەراوێزانەدا بە بێدەنگی بیکوژێت.



کامەران محەممەد عەزیز

# پۆتین بۆچی هێزەکانی لە سووریا کشاندەوە؟

جەنگی سووریا چیدی بریتی نییە لە چیرۆکی دەنگی ناڕەزایی خەڵک لەبەرامبەر ستەمکارێکدا، بەڵکو بریتییە لە جەنگێکی ناوخۆیی. یەکێک لەو هۆکارانەی کە جەنگەکەی تەواو ئاڵۆز کرد، زاڵبوونی ئایدیا و حیساباتی شیعە و سوننەبوون بوو لە جەنگەکەدا. لە جەنگێکی لەو شێوەیەدا ئەستەمە هیچ گەڕانەوەیەک بۆ دۆخی ڕابردوو، یا دەستگرتن بە دۆخی هەنووکەیی هەبێت. بە درێژایی مێژووش بەردەوام کۆتایی جەنگە ناوخۆییەکان بە دابەشکردنی دەسەڵات و زۆرجاریش بە دابەشکردنی خاک و جوگرافیای وڵات کۆتایی هاتووە، جەنگی سووریاش یەکێک دەبێت لەو جەنگانەی وڵاتی تێدا دابەش دەکرێت.

سووریا لەنێو واقیعێکی تەواو نوێدایە، ئایندەی سووریا هەرگیز بە باش و بە خراپ وەکو ڕابردووەکەی نامێنێتەوە، بۆ ئەوەی لەو واقیعە نوێیە تێبگەین، دەبێت زۆر بە وردی سەیری ڕووداوەکانی ئەم دواییە بکەین: ڕاگەیاندنی ئاگربەست، هێرشی تورکیا بۆ سەر یەپەگە، ئەگەری هاوپەیمانییەتی تورکی-سعودی بۆ دەستێوەردانی سەربازی، دانوستاندنەکانی جنێڤ، سەردانی ئۆغڵو بۆ تاران، کشانەوەی هێزی سەربازیی ڕووسیا لە سووریا و ڕاگەیاندنی سیستەمی فیدراڵی لە ڕۆژئاوا.

بڕیاری کشاندنەوەی بەشێکی زۆر لە سوپای ڕووسیا پێناچێ کارێکی ناعاقڵانە بووبێت، بەڵکو چاوەڕوان دەکرێت کاریگەریی چارەنووسسازی لەسەر ئایندەی سووریا هەبێت و ئاراستەی جەنگەکە بگۆڕێت.

یەکەم: لەگەڵ ئەوەی پۆتین بڕیاری کشاندنەوەی بەشێکی زۆر لە سوپاکەی دا، بەڵام ڕووسیا بەتەواوەتی کۆتایی بە چالاکییە سەربازییەکانی لە سووریادا نەهێناوە، باوەڕیشی وا نییە ئەرکی سەربازیی ڕووسیا لە سووریادا کۆتایی هاتبێ، بەڵکو هێزی خۆی لە بنکەی دەریایی تەرتوس و بنکەی ئاسمانیی حمیمیمدا هێشتووەتەوە و لە کاتی پێویستدا دەتوانێت بە خێرایی بەکاریان بهێنێتەوە.

ئەم کارە تێچووی هێرشەکانی زۆر کەم دەکاتەوە، هەرچەندە لە بنەڕەتدا تێچووی هێرشە ئاسمانییەکانی ڕووسیا تائێستا نەگەیشتووەتە یەک ملیار دۆلار و بەپێی بودجەی تەرخانکراو بۆ هێزی سەربازی و بەرگری کە 50 ملیارە لە ساڵێکدا، دەتوانێت هێرشەکانی درێژ بکاتەوە بۆ چەند مانگێکی دیکە. بە مانایەکی دیکە، ڕووسیا بۆ ئامانجی کورتخایەن دەتوانێت بەردەوام بێت، بەڵام قەیران و سزاکانی سەر ئەو وڵاتە وا دەکەن نەتوانێت بۆ ماوەیەکی درێژ بەردەوام بێت. پوتین بەو قەناعەتە گەیشتووە کە ئەو جەنگە درێژە دەکێشێت، تەنانەت بە پشتگیریی ڕووسیاش بۆ ئەسەد، جەنگەکە یەکلایی نابێتەوە، بۆیە کشانەوەی هێزەکانی ڕووسیا دەرفەتێکی گەورەش بە دانوستاندن و دیبلۆماسیەت دەدات، ئەسەدیش ناچار دەکات بچێتە گفتوگۆوە، چونکە مانەوەی هێزی مەیدانی و سەربازیی ڕووسیا لە سووریادا بۆ ئەبەد نییە.

دووەم: ئامانجی درێژخایەنی ڕووسیا بریتی نییە لە یەکلاکردنەوەی جەنگی سووریا، بەڵکو ڕاگرتنی هاوسەنگی و تێکدانی هاوکێشەکانە لە ڕێگەی بەهێزکردنەوەی ئەسەد و لاوازکردنی ئۆپۆزیسیۆنی سووریا، بۆ ئەوەی لە دانوستاندنەکانی جنێڤدا ئەسەد پێگەیەکی بەهێزی هەبێت بەرامبەر نەیارەکانی، هەروەک ئێستا ئەسەد ئەوە ڕەتدەکاتەوە بە هیچ شێوەیەک قسە لەسەر ئایندەی بکرێت. پوتین دەیەوێت پێشڕەوییەکانی سوپای ئەسەد بکاتە کارتێکی بەهێز لەبەرامبەر ئۆپۆزیسیۆن لە جنێڤ، لە هەمان کاتیشدا بە ئەسەد دەڵێت کە ناتوانێت هەموو وڵات کۆنترۆڵ بکاتەوە. بەشێوەیەک ئەسەدی تا ئەو ئاستە بەهێزکردەوە کە پێگەیەکی بەهێزی لە دانوستاندنەکاندا هەبێت و هێندەش ئۆپۆزیسیۆنی لاواز کرد کە زیان بە بەرژەوەندیی تورکیا بگەیەنێت و ڕێگەی بە بەهێزکردنی یەپەگەش دا، بەڵام لێرەوە بۆ ئەوەی دانوستاندنەکان بەردەوام بێت، پێویستی بەوە بوو کە بەئەسەد بڵێ یارمەتییەکی ڕووسیا تاهەتایی نییە.

سێیەم: پوتین دەزانێت ئەمریکا بە هیچ شێوەیەک هێرش ناکاتە سەر ئەسەد، تورکیا و سعودیەش کۆمەڵێک بەربەستیان لەبەردەمە بۆ هەر ئەگەرێکی دەستێوەردانی سەربازی، نە داعش و نە ئۆپۆزیسیۆنی سووریا و نە هیچ هێزێکی دیکەش دەتوانن ئەسەد بهێننە خوارەوە، لەبەرئەوە پێیوایە مانەوەی حکومەتەکەی ئەسەد زامن بووە. بۆیە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی واقیعی نوێی سووریا، ڕووسیا پێشنیازی مۆدێلی فیدراڵی کردووە.

### کشانەوەی سوپای ڕووسیا دەبێتە هۆی دابەشبوونی سووریا

پوتین دەزانێت کە ئەگەر بیەوێت ئەسەد بمێنێتەوە، دەبێ لانیکەم سوننەکان هەرێمێکیان هەبێت، ئەگەرنا جەنگ کۆتایی نایەت، بەو شێوەیە مانەوەی ئەسەد بە مانای دابەشبوونی سووریا دێت. پرسی حکومەتی ئینتیقالی لە سووریادا جێی ناکۆکیی نێوان ڕووسیا و ئەمریکا بووە لە ماوەی ڕابردوودا، بەڵام پێدەچێت دابەشبوونێکی واقیعیانەی سووریا ڕێگایەک بێت بۆ تێپەڕاندنی ئەو قۆناغە. ڕووسیا و تەنانەت ئەمریکاش پێیانوایە مۆدێلی فیدراڵی دەتوانێت لە ئایندەی سووریادا کار بکات، بەو شێوەیەش بەرژەوەندیی هێزە هەرێمایەتییەکانیش دەپارێزرێت. ئەسەدیش دەگەیەنێتە ئەو قەناعەتەی ڕابردوو بەشێک بووە لە ڕابردوو، چیدی سووریا وەک خۆی نامێنێتەوە، بە یارمەتی ڕووسیاش ناتوانێت کۆنترۆڵی تەواوی وڵات بکاتەوە، بۆیە سووریا دابەش دەبێت، جا لەژێر هەر ناوێکدا بێت.



هێمن عەبدوڵڵا
hemen@rudaw.net

# بۆچی فیدراڵی خراپە؟

تا لە یادی سەت ساڵەی ڕێککەوتننامەی سایکس بیکۆ نزیک دەبینەوە، مەسعود بارزانی ڕاشکاوانەتر باسی سەربەخۆیی کوردستان دەکات. ئەمەش لەکاتێکدایە کە لە بەشەکانی دیکەی کوردستانەوە خوازیارانی چارەسەری فیدراڵی بۆ هەر بەشێک هەروا زیاتر دەبن. پرسیارەکە ئەوەیە: ئەزموونی فیدراڵیی باشوور هێندە سەرکەوتووە کە بەشەکانی دیکە چاوی لێبکەن؟ مادام سەرکەوتووشە بۆچی بارزانی باسی سەربەخۆیی دەکات؟

لە نوێترین بەرنامەی بەهێمنیدا لە ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنی ڕووداو کۆتایی بەرنامەکەم بە پرسیارێک بۆ نوێنەرانی هەر چوار پارچەی کوردستان هێنا: پاش پێنج ساڵی دیکە بەشەکەی ئێوە چ ئایندەیەکی دەبێت؟ وەکچۆن دەڵێن هەموو ڕێگەکان دەچنەوە بانە، ئاواش وەڵامی هەموو میوانەکانم هەر دەچوونەوە سەر فیدراڵی. ئەم قسانە لەم ڕۆژانەدا ڕەواجی زۆریان پەیدا کردووە. کە باسی کێشەکانی لیبیا دەکەیت، دەڵێن ئەو وڵاتە تازە بە فیدراڵی نەبێت بەڕێوەناچێت. کە باسی سووریا دەکەیت، هەمان شت دەگوترێت و پەیەدەش پاش لێدوانەکەی مۆسکۆ کە پشتیوانیی لە فیدراڵی دەکرد، هەر زوو ئامادەکاریی بۆ ڕاگەیاندنی فیدراڵی دەستپێکرد. وەک بڵێی فیدراڵی کۆنسێپتێکی سیحری بێت و تاوەکو ئێستا ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست پێی نەزانیبێت، ئەگینا ئەو هەموو دەرد و مەینەتییەی تووش نەدەبوو.

جارێ زۆر گرنگە ئەوە ڕوون بکەینەوە کە بۆچی فیدراڵییە چاوەڕوانکراوەکەی ڕۆژئاوا لەوەی باشوور ناچێت. کاتی خۆی لە باشووری کوردستان بەرەیەکی کوردستانی هەبوو کە لە یەکەم ڕۆژی دەستپێکردنی ڕاپەڕین و کشانەوەی دامودەزگاکانی داگیرکەری عێراقەوە سەرپەرشتیی کارگێڕیی کوردستانی دەکرد. لەو بەرەیەدا هەموو حیزبەکان هەبوون. بەدوایدا بەرەی کوردستانی پەیوەندیی لەگەڵ دراوسێکانی کوردستان: واتە سووریا و تورکیا و ئێران هەبوو، کەسیان دژایەتیی دامەزراندنی هەرێمی کوردستانیان نەکرد. هەر ئەو هێزانەی بەرەی کوردستانی کاتێک زانییان پەکەکە خەریکە لەمپەریان بۆ دروست دەکات و وادەکات تورکیا لێیان بوروژێت، بەهەموویان لە پەکەکەیان دا و لە شێنێ و زەڵێ کۆیانکردنەوە. لە ساڵی 1992دا لە سێ پارێزگای باشووری کوردستان هەڵبژاردن کرا و لەسەر بنەمای ئەو هەڵبژاردنە پەرلەمان و حکومەتی کوردستان دروستکرا. فیدراڵییە چاوەڕوانکراوەکەی ڕۆژئاوا بە هیچیەک لەو قۆناخانەدا تێنەپەڕیوە. چونکە یەکەم، قەوارەیەک نییە کە جگە لە پەیەدە کەس قسەی تێدا بڕوات. دووەم، دەرئەنجامی هەڵبژاردنێکی دانپێدانراو نییە. سێیەم، دوو هاوسێی ڕۆژئاوای کوردستان کە تورکیا و هەرێمی کوردستانن، ڕازی نەکراون بەوەی کە ڕاگەیاندنی هەرێمە فیدراڵییەکە هەڕەشە نییە بۆ سەر ئەوان. بۆیەش چانسی سەرکەوتنی ئەو جۆرە فیدراڵییە لە کەم کەمترە.

بەڵام با لەوە بپرسین: چانسی سەرکەوتنی فیدراڵی لەکوێی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا زۆرە تا میوانەکانی بەرنامەی بەهێمنی وا بە جۆش و خرۆشەوە ئومێدیان پێی هەبێت؟

وەڵامەکەمان لە وردبوونەوە لە نموونەی باشووری کوردستانەوە دەستدەکەوێت. لەدوای ساڵی 1992، هەولێر یەکلایەنە سیستمی فیدراڵیی بۆ شێوازی پەیوەندیی لەگەڵ بەغدا هەڵبژاردووە. بەڵام قەت کەس بەو دوعایەی نەگوت ئامین و هەمووان دەیانگوت ئیسرائیلی دووەم خەریکە دروستدەبێت. لەدوای ڕووخانی سەدامەوە کورد ڕۆڵگێڕێکی سەرەکی بووە لە بەغدا. چەندین کابینەی حکومەتی عێراق بە موبارەکەی کورد پێکهاتن و بە موبارەکەی کوردیش گۆڕدران، بەڵام ئەمە هیچی لەو واقیعە نەگۆڕی کە ئەوە تەنیا کورد بوو بڕوای بە فیدراڵی بوو، بەشەکانی دیکەی عێراق ئێستاش تێنەگەیشتن فیدراڵی چییە. بۆیە باشوور گەیشتنە ئەو قۆناخەی سەرۆکەکەیان بڵێت: چیدیکە ناتوانین بەوشێوەیە بەردەوام بین و بەخۆشی لەگەڵ بەغدا کۆتایی پێدەهێنین.

لە ئەزموونی فیدراڵیی باشووری کوردستانەوە بەشەکانی دیکە دەتوانن شتێکی گرنگ فێربن: لە وڵاتێکدا ئەوکاتە فیدراڵی سەردەگرێت کە چەند هەرێمێکی فیدراڵی هەبن و پێکەوە حکومەتێکی مەرکەزی دروستبکەن. ئەگەر هات و تەنیا یەک هەرێمی فیدراڵی هەبوو و بەشەکانی دیکەی وڵاتەکە بە سیستمێکی دیکە بەڕێوەچوون، نیشانەی ئەوەیە کە فیدراڵییەکە درۆینەیە و دەبێ هەرێمە فیدراڵییەکە بیر لە دوو بژاردە بکاتەوە: یان بەیەکجاری جیابێتەوە یانیش ملی خۆی بۆ حکومەتی مەرکەزی کەچ بکات و ڕازی بێت بە پەیوەندییەکی هاوشێوەی ئۆتۆنۆمییە کارتۆنییەکەی نیوەی دووەمی حەفتاکان کە لەنێوان هەولێر و بەغدادا هەبوو.

ئەم وتارانە گوزارشت لە ڕای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی ڕووداو نین.

WWW.RUDAW.NET

RÛDAW

Rudaw Media Network

Rudaw readers know more



# سەیالی
# بە کوردی ناوەستێ

19 »


**خاوەنی ئیمتیاز :** تۆڕی میدیایی رووداو

**سەرنووسەر :** سەلام سەعدی salam@rudaw.net

**جێگری سەرنووسەر :** ساڵح قادر rodan@rudaw.net

**بەڕێوەبەرانی نووسین:** نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net

هیڤیدار ئەحمەد hevidar@rudaw.net

**بەڕێوەبەری هونەری:** حوسێن هیمەتی himati@rudaw.net

**ئەندامی شانازی ستاف :** عەبدوڵڵا قرگەیی

**دیزاینەران :** هونەر مەرجان ، شاهۆ محەممەد

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی رووداو دەریدەکات | نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997 | ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی رووناکی | Tel: 0750 486 34 12 – 0750 488 56 96 | rudaw@rudaw.net



